# ڕشتەو ماجەڕای
# مام قادری

## قادریات

نووسینی
د.لقمان فاروق نانەکەلی

بەشی یەکەم

٢٨-١-٢٠١٤ تا ١٤-١٢-٢٠١٦

هەولێر ٢٠٢٤

* ناوی کتێب: ڕشتەو ماجەڕای مام قادری (قادریات)
* نووسەر: د.لقمان فاروق نانەکەلی
* نووسینی سەر بەرگ: هونەرمەند محەمەد زادە
* نەخشەسازی و بەرگ: عوسمان پیرداود
* چاپخانە: چاپخانەی ماردین - هەولێر
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی
(        )ی ساڵی ٢٠٢٤ی پێدراوە.

## بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

مەبەست لە گێرانەوەی ئەو بەسەرهاتانە واقعی بەرائەتی نەتەوەی کوردە لەپاکی بیرو باوەڕی کۆمەلایەتی، هەرچەند باری کۆمەلایەتی کورد تویژینەوەی وردی بۆ نەکراوەو نەنوسراوەتەوە، بۆیە دەبێ قۆڵی لێ هەڵمالین وئەو تەنزانە بخەینە ڕوو، هێزو قوەتی قسەو بەسەرهاتی ئەو جوامێرانە لەو دیوە خانانە فێری ئەلف و بێ ی ژیانیان کردوین!بەنەخیندەواری خۆیان مەدرەسەو مامۆستا بوون بۆمان، پێشبینی ئەوان لەسیاسەت (نوستر ئادموسانە) بوو!تەنزو وقسەی نەستەقیان واقعی وکاریگەربووە لەسەر ڕێرەوی ژیانی ئێمە!ئەوانە هیچ قسەو گوفتارەکیان بەلاش نەگووتوە.

سڵاو و رێزو خۆشەویستیم بۆ سەرجەم خوێنەرانی خۆشەویست، ئێمە هەمومان بەندەی پەروەردگاری مەزنیین، هەر چەندە گەورە دەبین لەتەمەن خەمەکانمان گەورەتر دەبێت من دڵنیام ئێش و ئازار نامۆ نین لەگەل مرۆڤ، بۆیە پێویستە مرۆڤ سوپاسگوزاری خوای گەورە بێت لە هەر بەسەر کردنەوەیەک کە لەگەڵ بەندەکانی دەیکات، چ خۆشی و چ ناخۆشی، قەدەر ڕەت نابیتەوە، بەسەر کردنەوەش باشترین دیارییە کە پەروەرێن دەی بەخشێتە بەندەکانی .

هەمومان بەندەی بێ دەسەلاتین لەئاست گەورەیی پەروەردگارا بۆیە پێویستە لەناو خۆشمان یەکتر بەسەر کەینەوە کە گەورەترین پاداشتی هەیە بۆ ئارامی دل و دەرونمان.

(هەتا ماوی تاجی سەربێ هەر خودا، قەت نەغافلێ ی ژینی دونیا لەبەرنامەی لات بدا)

نووسەر

٢٠٢٤-٢-١٢

## پێشەکی

مام قادر و( ئارسین لۆپین و شارلۆک هۆڵمز و هێرکڵ بوارۆ)، خوا تەمەنی مام قادرەکەی لەمەڕ دکتۆر( لوقمان نانەکەلی) درێژکات، کە هەموو جارێ دکتۆری بەڕێز سەبارەت بە بارودۆخی هەرێم دەیدوێنێ و ئەویش شیکارێکی ژیرانەی کرمانجەتیی دەشتێی بەزمانێکی شیرین بۆ دەکات کە هیچ دەرچوویەکی زانستە سیاسییەکان وای شی ناکاتەوە. دکتۆر لوقمان داهێنانێکی جوانی کردووە کە ئەو مام قادرەی دروست کردووە و قسەکانی دڵی خۆی بەدەمودووی وی دەردەبڕێ، مام قادر پیاوێکی سادەی بێ فڕوفێڵی دنیا دیتەیە و شتەکان زۆر جوان هەڵدەسەنگێنێ، ئەو مام قادرەی دکتۆر لوقمان چەند شتێکی بیرهێنامەوە.

یەکەمیان: نووسەرێکی فەرەنسەیی کە ناوی (مۆریس لۆبلان) بوو کارێکتەرێکی داهێنا بەناوی ( ئارسین لۆپین ) کە لە عەڕەبی دەیانکردە (ئارسین لۆبین) چونکە پیتی (پ) یان نییەو ئێمەش وەکو عەڕەبەکان هەر وامان دەگوت. (ئارسین لۆپین) پێیان دەگوت دزە ئێسک سووکەکە. ئەو (ئارسین لۆپینە) دوو یارمەتیدەری هەبوو، یەکێکیان ژن بوو (باتریشیا هۆڵم) بوو کە ژنێکی زیرەک و وریا بوو و ئەوی دیکەشیان پیاوێکی تێکسمراوی بەهێز کە گامێشي بە زەویدا دەدا بەڵام لاواز لە مێشک و بیر کردنەوەدا و بە داخەوە ناوەکیم لەبیر نەماوە. (لۆپین) زۆر بیرتیژو سەرنج بەهێز بوو تاوانەکانی زوو ئاشکرا دەکرد دزی یان پیاو کوشتن، ئەوەشی بە سەرنج دان بۆ ساغ دەبووەوە کە خەڵکی دیکە بیریان لێ نەدەکردەوە و ئاڵنگاریی پۆلیسی فەرەنساو بەریتانیاو ئەمریکای دەکرد و ناویان نابوو پیاوە هەزار ڕووەکە وکوژران ودزی لەدەست دەرنەدەچوو.

لە کۆیە ئەوانەی حەزیان بە خوێندنەوە دەکرد (ئارسین لۆپینیان) دەخوێندەوە چونکە چیڕۆکەکانی زۆرسەرنجڕاکێش

بوون. مامۆستاکانمان ئامۆژگارییان دەکردین و دەیانگوت (ئارسین لۆپین) مەخوێننەوە دەنا فێری دزی دەبن. بەڵام چونکە حەزم بە خوێندنەوە دەکرد دەمخوێندنەوە و بەهۆی ئەوە فێری عەرەبی بووم چونکە زمانەکەی ئاسان بوو و لەسایەی خواشەوە فێری دزی نەبووم.

هەر بۆ نوکتە شتێک دەگێڕمەوە ڕۆژێک کۆبوونەوەمان هەبوو من ڕێکخەر بووم لەگەڵ دوو ئەندام ناویان ( رەئووف ئەسعەد و عەبدەی سۆفی کەریم ) بوو کە بە داخەوە لە ژیاندا نەماون. چووینە باخچەیەک لەسەر گەرمووکێ بەڵام دەستمان بۆ هیچ میوەیەک نەبرد. خەڵک هەبوون دەچوونە ناو باخچەکان میوەیان دەخوارد بە تایبەتیش هەنار، هەر ئەوەندەم زانی خاوەنەکەی هات و لێمان تووڕە بوو و گوتی خۆ ئێوە منداڵ نین، بۆ هاتوونەتە ئێرە و گەلێک قسەی کرد و ئێمەش لە تەریقیا ملی خۆمان شۆڕ کرد و هاتینە دەر کەچی عەبدە گوتی: ( دە وەرە نضال بۆ سەگبابی وا بکە ).

کەسایەتی دووەم: ( شارلۆک هۆڵمز)ە کەنووسەر و دکتۆری ئەسکۆتلەندەیی ( سێر ئارثەر کۆنان دۆیل ) دایهێنا. ئەو پزیشکە زۆر سەرنجی بەهێز بوو و بیری لە شتی زۆر ورد دەکردەوە کە خەڵکی دیکە ئەقڵیان پێی نەدەشکا و بۆی نەدەچوون، بۆ نموونە جارێکیان پیاوێک دەچێ بۆ لای، دکتۆر پێی دەڵێ: تۆ پینەدۆزی؟ کابرا دەڵێ: بەڵێ بەڵام چۆنت زانی؟ ئەویش گوتی پانتۆڵەکەت لە ئەنجامی ئەژنۆ نووشتاندنەوەت لای سەر چۆکت چووەو تەنک بووەو گووپیشی داوە. ئەویش بەزیرەکی سەرنج بەهێزیی خۆی هەموو تاوانێکی دزی و کوشتنی ئاشکرا دەکرد و پەردەی لەسەر لادەدان.

کەسایەتیی سێیەم: ( هێرکل بوارۆ) یە لە داهێنانی نووسەری پۆلیسیی بەناوبانگ ( ئەگاتا کریستی) یە کە نووسەرێکی ئینگلیزە

و چەندان ڕۆمانی پۆلیسیی هەیە کە میستەر (هێرکل بوارۆ ) پاڵەوانی هەموو چیرۆکەکانە و پەردە لەسەر تاوانەکان لادەدا و ئاشکرایان دەکا. کاک (موحسین چینی) گەلێک چیرۆکی ئەو خانمەی کردۆتە کوردی. (ئەگاتا کریستی) زۆر لە عیراق ژیاوە چونکە مێردەکەی زانایەکی شوێنەوارناس بوو و زۆربەی چیرۆکەکانی لە عیراق نووسیوە. ئەو خانمە نووسەرە دەڵێ: زۆر گرنگە ژن مێردەکەی شوێنەوارناس بێت چونکە هەتا پیرتر ببێ بایەخی زیاتری پێ دەدا و دەچێتە خانەی شتی کۆنینە.

ئێستا دەگەڕێمەوە لای مام قادرەکەی لەمەڕ خۆمان و گلەییەکی خۆمانەی لێ دەکەم ودەڵێم: مادامەکی تۆ ئەوەندە ژیر و وریاو ئاقڵی، دە تۆش چ نەبێ یەک دوو جار هەندێک لەو دزییە گەورانەی لەم وڵاتە دەکرێن و سامانی مێللەت بە تاڵان دەبرێ ئاشکرا کە و دزەکان بە گرتن بدە و تۆش ببە بە (ئارسین لۆپین و شارلۆک هۆڵمز و هێرکل بوارۆی) کورد، دەی مام قادر بە قوربانت بم هیممەتێک.

**عبدالکریم شێخانی**
**١٢-١١-٢٠٢٠**

## دوعای مام قادری
## لە پەروەردگاری مەزن و میهرەبان

ئەی پەروەرێنم بەفریامان کەوە کە داوای ئێمەت گوێ لێ دەبێت، تۆ توانا داری لەسەر ناخۆشی هەڵگرتن، تۆ زانای و زانیاریت هەیە لەسەر باری بێهێزەکان و زوڵم لێکراوەکان.

ئەی پەروەرێنم تۆ وەڵامی داواکاران دەدەیتەوە، هەر تۆ دەتوانی زوڵم لێکراوان سەرکەوتوو کەیت، هەر تۆ بەهانای داخوازی خوازان دێیت، هەر تۆ دەتوانی هەموو کاروبارێک بەویستی خۆت بکەیت، هەر تۆ توانای داوای (یونس) ت هەبوو، لەتاریکایی دەریاکاندا لە زگی نەهەنگدا رزگارت کرد، هەر تۆ توانیت ئاگر لەسەر (ابراهیم )سارد و سەلامەت کەیت، هەرتۆ توانیت (نوح )بەسەلامەتی بگەینیتە قەراغ و وشکانی، هەر تۆ ئارامیت بە (ئەیوب) بەخشی بەرگەی ئازاری نەخۆشیەکەی گرت و شیفاتدا، هەر تۆ ئارامی دڵی (یەعقوب )ت داوە رۆناکیت بەچاوەکانی بەخشیەوە بە کراسی خۆشەویستەکەی، هەر تۆ (یوسف )ت لەزیندان دەرباز کرد و ئەستۆ پاکیت پێبەخشی لەو بوختانە گەورەی کە بۆیان دروستکرد، هەرتۆ بەحرت شەق کرد بۆ حەزرەتی (موسی) و فیرعەون و نەیارانت نقومی هەمان شوێنکرد، هەر تۆ بە پاکیزەیی حەزرەتی (عیسا) ت بە مەریەم بەخشی بۆ ئاشتەوایی و برایەتی ژیان، هەر تۆ پێغەمبەر(محمد )ت (د.خ) لێ بێ لە ئەشکەوت رزگار کرد و سەرکەوتوت کرد بەپەیامەکەی.

ئەی پەروەرێنم هەر تۆ تواناداری لەسەر هەموو شتێک، کلیلی چارەسەری گشت کێشەیەکت لەلایە چ زانراوو چ نەزانراو، تۆ پالپشت و هێزی ئێمەی هێز لەتۆ وەردەگرین و تۆ رابەرو خالقی ئێمەی، بنەمای کارەکانمان بەهێزی تۆ دادەنێن بەزەییت

پێمـان بێتـەوە، ئێمـە بێهێزییـن داوای سـۆزو میهرەبانـی لەتـۆ دەکەین، بمان پارێزی لەچاوو دڵ و بیرو و دەست و قاچی پیس، بمـان پارێـزە لـە داوو تەلەکـەی فێڵبـازان و نەیـاران و قیـن لـەدڵان.

ئەی پەروەرێنم بمان پارێزە کاروبارمان دا دەست تۆ، ئێمە نەزان و تۆ زانا، پشت بەتۆ دەبەستین تۆ وەکیلی ئێمە بە لەگشت کاروبارێکدا، چ ئایینی چ دنیایی چ شـاردراوەو چ ئاشـکرا، ئـەی پەروەرێنـم هـەر تـۆ بەتوانـای لەسـەر حاکمـەکان بریـاری بەپەلـە نـەدەن و خەلـک توشـی هەلاکـەت نەکـەن، ئـەی پەروەرێنـم هەرتـۆ باشـترین و چاکتریـن چارەسـەرکەری نەخۆشـی نەخۆشـەکانی، ئەوجا پزیشکان و تەبیبـان و کارمەندانـو پەرسـتیارانی پزیشـکی دەسـتیان بکە شـیفا، لۆ نەخۆشـان سـۆزی خۆت لەئازارو ئێشـیان نیشـان بدەو نەخۆشیەکانیان بنبڕ بکـە تـا بگەرێنـەوە ژیانی ئاسایی خۆیـان. هەرتـۆ بەبەزەیـی و بەرەحمـی بەلیخۆشـبونت لەئازیزانـی کۆچ کردومـان، بەتایبەت بۆ ئـەو دایک و باوکانـەی لەگەڵمـان نین و کۆچیانکـردوە گیانیـان شـادکەی بەبەهەشـتی فیـردەوس، ئـەو دایـک و باوکانـەی لەژیـان مـاون لەشسـاغ و تەمەندرێژیـان کـەی، ئـەی پەروەرێنـم رۆحـی مردوەکانمـان بەبەهەشـتی پاکـی خـۆت شـاد بکـە، ئاسـودەیان کـە تـا چـاو لـە دونیـا نەبـن.

ئـەی پەروەرێنـم گەورەتریـن نەتـەوەی سـەر زەوی بـێ کیـان و دەولەتـە لەوسـەردەمە کـە کـوردە، داوای سـۆز و مـاف و بەزەیـی لـە تـۆ دەکەیـن کیانمـان هەبێـت و دەولەتـی راسـتەقینەی پـر لـەدادوەری و سـۆزو میهری سیسـتەمی حکوممـان بۆ دابیـن بکـەی؟ کـە مافـی هـەر هاولاتیـەک وەکـو یـەک بێت کـەس نەلێـت ئـەو کارە بـۆ ئـەو کەسـە دەکرێـت بـۆ ئـەوی تـر ناکرێـت.

ئـەی پەروەرێنـم بەنـدەی تۆییـن روو لەتـۆ دەکەیـن ،بـە سـوجدەی پـاک بەنـاوە جوانەکانـی خـۆت رزگارمـان کـەی لەبریـار دەر و بەرپرسـی خـراپ و دەسـەلاتداری خـراپ. ئەگـەر چـاک نەبـوو

ئەو کەسەی دەسەڵات و پۆست و دەوڵەت و حوکمی بۆ مولکیەت و خۆ زەنگین کردنە، یاخوا بسوتێ بەئاهی منداڵێکی نەخۆش و هەژار، بەئاهی بەساڵاچویەکی کەنار کەوتوو، بەئاهی گەنجێکی داوێن پاکی تەعین نەبوو، بەئاهی ماڵە هەژارێکی لەسەر زەوی پڕ نەوت نوستووی لەسەرمان لەرزە، بەئاهی پێشمەرگەیەکی هیچ پارە لەگیرفان نەبوو، بەئاهی منداڵە شەهیدێکی غەدر لێکراو، بەئاهی خوێندکاروقوتابیەکی ئەهلی عیلمی لە خویندنی باڵا وەرنەگیراو، بەئاهی خانەنشینێکی حەقیقی، بەئاهی فەرمانبەرو مامۆستایەکی کەمدەرامەت ونەبو.

ئەی خالقی خۆشەویست بەرپرسان وەعیان بێتەوە بەر خۆیان چاک بن و خزمەتی هاووڵاتیانی خۆیان بکەن ئەگەر چاک نەبوون ئەو هەموو ئاهە ساردانە بیانگرێ، ئەی پەروەرێنم داواکانمان وەربگرەو هەموومان بەشادی و خۆشی بژێینە، لە سۆزی خۆت بێبەشمان مەکە، مافی هاووڵاتی بوونمان بۆ بگەڕێنەوە، بێ جیاوازی لە نێوان هەر تاکێکی ئەو کوردستانە، دەستی دوژمنانی کوردیش کورت کە، تا نەگاتە هێمنی و ئاسایشی هەرێمەکەم.

ئەی پەروەرێنم کوردە ڕاگری پەیامی پیرۆزی تۆ زۆر بەئەمانەتەوە مل کەچی بارەگاو عەرشی تۆین، دوعاو نزامان قبول بکە پیشمەرگە بپارێزە و پلانی دوژمنکارانەی دوژمنانی کورد لەگۆر بنێ.

مام قادر

٢٠٢٤-٢-١٠

**مام قادر گۆتی:**

دختۆر ئاگاو له خۆ بی نه بنه قوربانی خەرکی.

گۆتم کو مام قادر؟ گۆتی دختۆر رۆژەک گایەک پێی ده شکێ وناتانی هه رستیته وه سەرپێ؟ خاوەنەکەی دختۆری به یتەری دەینیته سەری، دختۆری بەیتەری ده رێ ئەگەر هه تا ٣ رۆژی دی هه ر نه ستاوه سه ری ببڕن؟ مەڕەک گێی لەو قسەی دەبیتن و دەچیته کن گایه که ی و پێی دەرێت هەسته سەرپێ؟ بەڵام گایه که ناتانێت، رۆژی دووەمیش بەهەمان شێوه مەڕەکه دەچتەوه کنی وپێی دەرێتەوه بەڵام گایەکه دیسان ناتانێت هەستیتەوه؟ ڕۆژی سێ یەم مەڕه که دەڕواته لای وپێی ده رێت ئەگەر ئەورۆ هەرنەستیەوه سەرت دەبڕن؟ زۆری لێ دەکات وگایه کەش زۆر لەخۆی دەکات وهەردەستێته سەرپێ؟ خاوەنەکەی کەدێته ناو تەوێلەکەی و دەبینێت گایەکه هەرستایتەوه؟ لەخۆشیان ئاهەنگ دەگێرێت ومەڕەکه ی سەر دەبڕێت دەکاته خێرو سەدەقەی چاکبونەوەی گایەکەی.

٢٠١٤-١-٢

**گۆتم مام قادر:**

دەرسی نیشتیمان پەروەری لەکێ بخینین گەنجانی کورد

گۆتی: دختۆر دەرسی نیشتیمان پەروەری لەکێ بخینن لەکۆلان ومال یا لەگەرەک وشار، یا لەیادی شەهیدان وئەنفالی بێ مەزار، یا لەیادی قەسابخانەی موصلی چێکراو لەدار، یا لەشەقام وبالەخانەکانی دەستی تیرۆری نەمساو فەرەنسای پار، یا لەمەیدانی چوارچرای نازدار، یا لەزیندانی ته نیایی که لەبەحر بێدەنگترە ئەشکەنجەوئازار، یا لەکونجێکی تاریکی مەیخانەوبار یا لەکلێسەومزگەوت وسەردووگردی پاکوبێگەردی ئەنفالی هەژار، یا لەمەیدانی ژێرقەلاتی هەولێری پڕکڕێکارو ڕەنجدەری

بێ ئیشوکار، یا لەبەردەرکی سەرای سلێمانی پرلەئەسرار، یا لەدهۆکی داسنیانی کوردی کەڤنار، یا لەکەرکوکی پڕبیرەنەوتی دژوار، یا لەمەڵبەندولقەکانی بۆیەکتر وەکژەهری مار، یالە عەفرین وقامشلۆی خاوەن مالی ئاوارەی بندیوار، یا لەپاشای گەورەو وبدرخان وبۆتان وبادینان، یالە شێخی نەهری وبرایم خانی دەلۆ وشێخی محمودی مەلیکی کوردان، یالە سمکۆی شکاک وشێخ سەعید و شێخ رەزای دەرسیمی وشێخ عبدالسلام و شێخ ئەحمەد و مەلامستەفای بارزان، لەوانە فێربین چونکە تەنها بەدلسۆزی‌یان بۆکورد بوونە ئاوارە وتاوانبار، با هاناوتکا بکەین لەخوا یەکمان بخا بۆدەولەتێ بگرین دەسبار.

٢٠١٤-١-١٠

**مام قادر گۆتی:**

ئەگەر بەهانە وهەنجەتت پێ بگرن شتەکت لۆ دە بیننەوە، هێزی نەگریسی شەڕ کۆتایی نایەت؟

گۆتم کو مام قادر؟ گۆتی دختۆر: گورگ گۆتی یە کاوڕی لۆ ئاوم لێ شێلو دەکەی هەر دەتخۆم؟ کاور گۆتی قەیناکە بەس گێم لێبگرە ئاوەکە لەلای توەوە لۆلای من دێت، لەوێڕا شێلو دەبێت ئەتو لەسەرەوەی ئەمن لەخوارێمە؟ گورگ گۆتی: ئێ ساری پار شێلوت کرد؟ کاور گۆتی: ئەمن بەخۆم بەرخی ئەو سارم پار هەرنەبووم هەتا ئاوی شێلۆبکەم؟

٢٠١٤-١-٢٨

**مام قادر گۆتی:**

دختۆر دەزانی تاوانباری حەقیقی هەردەم بە سافی رزگاری دەبی.

گۆتم کو مام قادر؟گۆتی دختۆر: ڕیوی گۆتیە شێری قوربان

پێویستە کۆبونەوەیەک بکەین وهەر یەکەمان باسی گوناحی خۆمان بکەین، بزانیین هۆکاری چی یە خوای گەورە غەزەبی لێ گرتینە و وەزعمان باش نی یە و حالمان شرە و باران کەم دەبارێت و ولات لە نەهامەتی دایە؟ شێر گۆتی باشە گازی پلینگ و کەرێ بکە؟ هەموو حازربوون و هەرکەس دەستی بەگێرانەوەی کاری خۆی کرد؟ شێر گۆتی: ئەمن ئەوەندە شک دەبەم سارەکی زۆر برسیم بوو ناچار چێلێکم خوارد کە مندالێکی هەتیو بە میرات لۆی مابۆوە و ژیانی لەسەربەروبومی چێلەکەی بوو؟ پلنگ و ڕیوی گۆتیان نانا قوربان ئەوە کا گوناحە؟

پڵینگ گۆتی: ئەمنیش ئەوەی شک دەبەم پیرە ژنەک بزنەکی هەبوو و ژیانی لەسەر فرۆشتنی بەروبوومەکەی بوو، برسیم بوو و خواردم؟ شێر و ڕیوی گۆتیان ئەوەش هەر گوناح نی یە؟

ڕیوی گۆتی: ئەمنیش ئەوەی شک دەبەم پیاوێکی کۆر چەند مریشکێکی هەبوو و لەسەر فرۆشتنی هێلکەکانیان دەژیا؟ ئەمنیش هەر جار برسیم دەبوو مریشکەکم دەخوارد تا هەموویانم قڕ کرد؟ شێر و پلینگ گۆتیان ئەوەش گوناح نی یە؟

کەر گۆتی: ئەمنیش ئەوەی پێم شک بێت جارەک خاوەنەکەم لە بەرەبەری بەیانیانەوە باری لێ بار کردم لە گوندی بەرەو شاری بەرێکەتین ڕێیەکی دوور و درێژ چەند هەورازو نشیوی تێدابوو؟ لەرێی خاوەنەکەم توشی برادەرەکی خۆی بوو؟ هەتا ئەوان چاک و چۆنیان کرد، ئەمنیش لەرۆخ جادەکەی هەندەک گژو گیام خوارد؟

شێر و پڵینگ و ڕیوی گۆتیان: ئەوەیە گوناحی گەورە وتاوان؟ ئەوە لۆیە خوا غەزەبی لێ گرتینەو باران نابارێ، پریان دا کەری بەستەزمان پارچەپارچەیان کردو خواردیان؟

٢٠١٤-٢-١٥

**مام قادر گۆتی:**

لـه سـالآنی ٥٠ کان مەلیـک فەیسـەلی دووەم مەلیکـی عێـراق، داوای لـه حکومەتـی عێراقـی کردبـوو سـەیارەکەی لـۆ بگـۆرن، گۆتبـووی کـەون بـووه شکسـتی زۆره حـەزم لـه مودیلـی نوێتـره؟

حکومـەت موافقـەی نەکردبـوو؟ چونکـه کۆتایـی سـاڵ بـوو وموازنـه تـەواو کرابـوو و نەدەکـرا ئـەو داوایـەی مەلیکـی زیـاد بکـەن و موزانـه بگۆرن، داواکـەیان خسـته سـاڵی داهاتـوو تـا لەگـەل موازنـەو پـارەی سـاڵی داهاتـوو لـۆی جێبەجـێ بکەن؟پـاش چەنـد رۆژەکـی مەلیـک فەیەسـەل لـه بەغدایـێ بـه شـارعی رەشـیدی تێدەپەرێـت نێزیـک اورزدی بـاک، دەبینیـت سـیارەیەکی مودیـل نـوێ ڕاوەسـتاویه .ئەویـش دادەبـەزێ و دەچـی تەماشـای سـەیاره نوێەکـه دەکات زۆر معجـب دەبێـت پـێ ی لـەدەوری دەسـوڕێ؟ تـا خاوەنـی سـەیارەکه دەگەرێتـەوه تەماشـا دەکات مەلیـک لەدیـار سـەیارەی ئـەوی ڕاوەسـتاویه و تەماشـای دەکات، دەلـێ پێـش کـەش بـه جەنابـت ئـەو سـەیاره مـادام هێنـده معجبـی پـێ ی لێمـی قبـول بکـه؟ مەلیـک دەلـێ زۆر سـوپاس داوام لـه حکومـەت کـردووه سـالێکی تـر بـۆم دەکـڕن؟

٢٠١٤-٥-٨

**گۆتم مام قادر عێراق چی یە؟**

گۆتـی دختـۆر: عێـراق (میزۆپۆتامیـا ) نەدەولەتـە و نـە دەبیتـە دەولـەت خۆتانـی لەگـەڵ مانـدی مەکـەن پاشـکۆیەکی مێژوییـە لـە دو بەرگـدا؟

بەرگـی یەکـەم: ململانیـی نێـوان عوسـمانی سـوننە (ترکیـا)و سـەفەوی شیعە (ئێران )هـەر لـە چاڵدیرانـەوە سـاڵی١٥١٤ تـا سـاڵی ١٩١٤ جەنگـی جیهانـی یەکـەم.

بەرگـی دووەم: ململانیـی نێـوان بەریتانیـا و ئەمریـکاو هاوپەیمانیەکانیەتـی لـە سـاڵی ١٩١٤ وە تاسـاڵی ٢٠٢٣. بـە فۆرمـی نـویَ و بەنەفسـی تـاس وحمـام و بـیَ راوێـژی تورکیـا و ئێـران و دەرورویـەر کورسـەیک لـە جـیَ ی خـۆی ئالوگـۆر ناکرێـت.

خاتیمەکـەی عێـراق: گشـت مەرجەعەکانـی دەسـەلاتی بەنـاو عێراق، عەرەبی سـوننە یا شـیعە، کورد یا تـورک، ئاینەکانی تـر و مەزهەبەکانـی تـر، دارێکـی سـوتاینە بوینـە بـە خۆلەمیشـی زەمـەن جـار جـارە بەگەردەلولـی دەسـتکردی زەمـەن ئـەو خۆلەمێشـانە بەچاومانـدا دەدەنـەوە، بەفیکری خۆسـەپاندن هـەر دو چاومـان کۆر دەکـەن کـەس کـەس نابینـی، یەکتریـش تـاوان بـار دەکەیـن بەفعلـی جرمـی و ناقانونـی، لـە ئەسـلدا نەحاکمیـن نـە مەحکومیـن بەنـدەی خـوای بەدەسـت یەکتـری مەزلومیـن، دار کـە سـوتا دەبتـە ڕەژوو، رەژووش دەبتـە خۆلەمیـش ومشـکی، مشـکیش نابتـەوە داری سـاغ و کەسـک. ئەمـە زەمەنێکـە معامەلـە لەگـەڵ خۆلەمێشـی سـووتای دەکەیـن کـە لـە ئاگردانـی زلهێزەکانـدا سـوتێندراوە، واتـا عێـراق کـورەی ئاگـرە بـۆ مەبەسـتی تایبەتـی خـۆی دروسـتکراوە؟ کـورد بـا دار بـەڕوو نـەدا بـە دار خورمـا خـودا هـەر یەکەیانـی لەشـوینی خـۆی ڕوانـدوە .

٢٠١٤-٦-٤

**مام قادرگۆتی:**

وەفدی دەولەتیک سەردانی دەولەتێکی کرد، چوونە لای سەرۆکی ئەو دەولەتە، باشترین پێشوازیان لێکرا و میوانداریەکی باشکران و هەموو شوێنیک گەران، کاری خۆیان تەواو کردو ئەوەی مەبەستیان بوو جێ بە جێیان کرد، دوبارە چونەوە خزمەت سەرۆکی دەولەت دیاری گرانبەهایان وەرگرت لە زێر وپارە، پاشان بەڕیکران زۆر بە ریزەوە ،تا گەیشتنە فرۆکەخانە، پێش ئەوەی سەرکەون بۆ فرۆکە کە: لێژنەی تەشریفات و میوانی سەرۆکایەتی گوتیان ئەگەر ئەزیەت نەبێ پێلاوەکانتان لەپێبکەنەوە! ئەوانیش سەریان سورما لەو کارە، ناچار پێلاوەکانیان داکەناند، ئەوانیش پێلاوەکانیان داوەشاندو دایانەوە ئەوان، وەفدەکە پرسیاریان کرد ئەوە چ بوو لۆ واتانکرد؟ لێژنەی پیشوازی میوانی سەرۆک گوتیان: سەرۆک وای فێرکردین ڕێز لە هەموو میوانێ بگرین و دیاری بەنرخی بدەیەنێ؟بەلام ئامادە نین تۆز و خۆلی خاکەکەمان بە پێلاوەکانتانەوە بنوسێ و لەگەڵ خۆتانی ببە ن.

٢٠١٤-٦-٢٤

**مام قادر (عبدالوهاب کۆلنەدەر) کێ یە؟**

گۆتی دختۆر: ئەورۆ لە هەولێرێ (کاک عبدالوهاب کۆلنەدەرم) دیتەوە کە ١٢ سالێ دەبێ بزرم کردبوو، ئەو کات سالانی ٩٠ کان دەی گۆت ئەمن سەرۆکی (حزبی پالەوان و کرێکارو تەلەبەو دبلوماسی و ئەنترنیتی جیهانیم )، دارو دیواری شاری هەولێری بەو دروشمە پڕ کردبوو، ئالای حزبەکەشی نارنجی بوو، وا دیارە روتبەی عەسکەری موهیب روکنی دەبەستا وەکو (صدام حسین) و دژی ئەویش بوو. سالانی ٩٠ کان رۆژیک چوبوە شاری موصل بۆ مفاوزات لەگەڵ صدام بە خۆی و ماتۆرە

بەدووبەکـەی و ئالآکـەی، گۆتبـوی لـۆ حزبەکانـی تـر مفـاوزات دەکـەن ئـە منیـش دەیکـەم، هـەر لەسـەیتەرەی خـازری گرتبویـان و لێـان دابـوو و مـاوەک دەستبەسـەرکرابوو، پاشـان نەفسـیەتیان ناسـی بـوو بەریـان دابـوو و هاتـەوە هەولێـر. فێـر ببـوو لەسـەر وەرەقـەی گچکـە گچکـە بیـرو بـاوەری حزبەکـەی بـڵاو دەکـردەوە، دەگەیشـتە هـەر کەسـەکی دەی گـۆت کـۆل نـەدەی و بـەردەوام بـە وەرقەکـی دەدایـی، دەی گـۆت ئەتـو وەزیـری، ئـەورۆ بـە حالێکـی شـرم دیت بەداخـەوە، یەکترمـان ناسیەوە، چونکـە جیرانمـان بـو لـە تەیـراوەی، عبدالوهـاب قسـەو نوکتـەی زۆر خۆشـی هەبـوو خۆشـی بـە شـت دەزانـی، ناشـزانم ئیـرادی وای دەکـرد یـا لا ئیـرادی بـوو؟ دوا گوتـەی بەمنی گۆت ( کۆڵنـەدەی و بـەردەوام بـە ) زۆر پێکەنیـم و ڕاسـتیش دەکات ژیـان ئـەو دوو شـتەی پێویسـتە هاوڕێیـان.

٢٠١٤-١٢-٤

**گۆتم مام قادر ئەو پەندە معنای چی یە؟**

(جێ پێی کەرە ....چەنگ چەنگی مەیاسە....سەرم سوڕما یە لەو دەنگ و باسە)

مام قادر گۆتی دختۆر: دە رێن پیرێژنەک چەند بوکەکی دەبی لەناو مارێدا، پیرێژن بەخۆی سەرپەرشتیاری ئیدارەی ماڕێ دەکاتن؟ نا هێلی کەس دەستکاتە ئەرزاقی هەتا زێدە مەسرەف و خیانەتی لێ نەکرێ، رۆژە ک پیرێژن سەفەری دەکەویتە پێش، فکر دەکاتە وە هەڕدەستی لەترسی بوکەکان، ناو ماروعاردی ژووری زەخیرەی، واتا ژوری نان و ئارد و برنجی بەقور سواق دەداتن؟ ئەو کات خانی هەموی قوڕ بوە؟

پیرێژن سەفەری خۆی دەکات و دەگەڕێتەوە؟دەبینی ئاسەواری چونە ژووری زەخیرە ی دیارە و بوکەکان دەستی خۆیان وەشاند یە؟بەلآم تەماشا دەکات ئاسەواری سەرعاردی شون و پێی

بەشەری نییە، شونی پێی کەرێ یە؟ دەچیتە سەر جۆرک وفەردەی زەخیرەکانی ساوارو ئارد وبروشی دەبینی دەستی بەشەر و مرۆڤە لێیانی دەرهینایە؟پیرێژن سەری سورِ دەمینێ! دیارە بوکە کی زۆر شەیتان و زۆر زانی دەبی بەناوی (مەیاس)، مەیاس سواری کەری دەبێ و دەچیتە ژوری زەخیرەی؟ بەدەستی خۆی و چەنگی خۆی پێویستی بە چ بوبی دەیبات و هەر بەسواری کەر دەگەرێتەوە دەرێ؟ تا ئاسەواری شوێن پێ بزر بکات و خەسوو نەزانێ کێ ئەوەی کردیە؟ دختۆر ئەو لێکدانەوەیە لۆ ئەو رِۆی کورد سەدا سەد رِاستە ئەویتر لۆ ئێوە ی ئازیز جێ دەهێلم؟

٢٠١٥-١-٣٠

**مام قادر گۆتی:**

رِۆژەک ماسی گرەک ماسییەکی یەکجار گەورەی رِاوکرد، بەرەو مارێ گەرِاوە بەسوتفە توشی پاشای وولات بوو، پاشای وولات گۆتی ئەو ماسیەت لەکێ بوو، گۆتی رِاوم کردیە، پاشا چاوی لەماسیەکەی بوو بە زۆری لەماسی گری ستاند، پاشا ماسی خوارد پاشی رِۆژەکی پەنجەی گچکەی دەستی پاشای ژانی گرت و رِەش بوو، چەند دختۆریان هینا سەر پاشای، دختۆر گۆتیان دەبی ببرِێتەوە پەنجەیان برِیەوە، پاشی دوو رۆژی دی ژان زیادی کرد لەپەنجەی دەستی گەیشتە بن هەنگری پاشای. دختۆر خرِبوونەوە و بریاریان دا کە دەبی دەستی پاشای بەکاملی ببرێتەوە ئەگەر نەبرِێتەوە پاشای دەکوژی!

پاشا گۆتی لۆ خاتری خوای چارەکم لێ بکەن! یەک لە پیاوەکانی گۆتی پاشای گەورەم ئەگەر روخسەت هەبی ئەمن عیلاجی دەردت پێدەزانم، گۆتی گەورەم غەدرت لەپیاوە ماسی گرەکەی کرد رزقی مارو منداری ئەوت خوارد، ئەو وەختی دیتم دەستی لۆ عاسمانێ برند کردوو لیوی دەجولاند وابزانم

دوعـای لێـت کـرد. پاشـا گۆتـی بـڕۆن ماسـی گـرم لـۆ ببینـەوە بیهینن. ماسی گریان دیتـەوەو هینایانـە کن پاشـای، پاشـا گۆتی لـۆ خاتـری خـوای ئەتـو چ دوعایەکت لەمـن کردیـە؟ ماسـی گـر گۆتـی: پاشـای گـەورەم ئەمـن بێدەسـەرات بـووم بەرامبـەر تـوو نەمتانـی بەرامبـەرت راوەسـتم و ماسـیەکەت لێبـردم کـە قـووت و رزقـی مـار و منـدارم بـوو، بـەس بـڕوای تـەواوم هەبـوو بـە پاشـای هەمـوو پاشـایان کـە خـوای گەورەیـە و هەموومانـی خەلـق کردیـە، لۆیـە دەسـتم برنـد کـردوو لێـی پاڕامـەوە گوتـم: (خـوای گـەورە ئەمـن مەخلوقـی تـوم و ئـەوەش مەخلوقـی تـوە، ئـەو زولمـی لەمـن کـرد و بەدەسـەڵاتە، غـەدری لیکـردم و دەسـەلاتی لەسـەرم بەکارهینـا، دەمـەوێ و داوادەکـەم هەنـدەک دەسـەلاتی خـۆت لەسـەر پاشـای بەکاربینـە ورەزیلـی کـە). پاشـا گۆتیـە ماسـی گـری لۆخاتـری خـوای خالـق بـەس دوعایەکـەت ڕاگـرە، چـت دەوێ دەتدەمـێ هەتـا مابـم لەژیـان شـەرتبی زوڵـم لەکـەس نەکـەم و بژێـوی ژیانیشـت لەسـەر مـن دەبـێ.

٢٠١٥-٦-٢٦

**مام قادر گۆتی:**

دختۆر: لەقوتابخانەی بە حرکـە ی سـەرەتایی بـووم لەدەشـتێ سـارانی حەفتایـەکان، مامۆسـتایەکمان هەبـوو زمانـی عەرەبـی پـێ دەگۆتیـن نـاوی محسـن ئەفەنـدی بـوو، ڕۆژەک پرسـیاری کـرد گۆتـی: کـێ دەزانـی بـە عارەبـی بـە (بـەردی )دەرێـن چ؟ ئەمنیـش دەسـتم برنـد کـرد، مامۆسـتا محسـن گۆتـی قـادر بـرێ؟

گۆتم ( گاشە )، گۆتی قوزەلقورت.

گۆتم (کەستەک )، گۆتی سندان.

گۆتـم (خرکـە)، گۆتـی زەقنەبـوت و دەرد، هەسـتە بـڕۆ دەرێ سـەر خـڕ؟

لەپەنجەرەی سەرم بردە ژۆرێ گوتم صخر وحجر.گۆتی تازە دەستت بەوەی بەبەر.

٢٠١٥-٦-٢٨

**مام قادرگۆتی**

لەحەفتایەکان لەگەرەکی تەیراوەی هەولێرێ برادەرەکمان هەبوو ناوی مام عەدۆ بوو لاعیبەکی زۆر باش بوو لە تۆپانێ، وەختی لەگەر فەریقەکی دی گەمەمان دەکرد ئەو برادەرە زۆر باش گەمەی دەکرد فەریقی بەرامبەری هەموو فلیمات دەکرد بەگۆلچیشەوە، ئەوجا شوتی دەکردە دەرێی گۆڵێ، بە ئەنقەست گۆلی نەدەکرد؟

هەمومان دەمان گۆت کورە (عەدۆ) لۆ وات کرد، ئەوە وەزعە لۆ گۆلت نەکرد!

دەیگۆت بەخۆم نەمهینایە، ئەنگۆ هەقتان چی یە؟

٢٠١٥-٧- ٣

**مام قادرگۆتی**

لەحەفتایەکان لەگەرەکی تەیراوەی هەولێرێ برادەرەکمان هەبوو ناوی (شێرۆ) بوو زۆر غەریب و فەقیر بوو، لەپۆلی چاری سەرەتایی کارتمان وەرگرتبۆوە، شیرۆ ساقیت ببوو دەگریا، دەمان گۆت شێرۆ مەگرییێ؟دەیگۆت ئەو مامۆستا زالمانە، چونکە یەک(١) ئاسانە، لۆیە هەموو یەکیان لۆمن دانایە لەسەر کارتی، ئەمنیان ساقت کردیە. فەقیرەی وا تیگەیشتبوو، نوسینی ( ٢ و ٣ و ٤ و٥ و ٦ و ٧ و ٨ و ٩ و ١٠ ) زەحمەترە لە نوسینی یەکی لۆیی ساقیتیان کردی یە.

٢٠١٥-٧-٥

**مام قادرگۆتی:**

ساری ۱۹۸۱پۆلی چواری ئامادەیی بووین لە ئامادەیی هەولێری کوڕان لەسەر ڕێی موسڕێ، پاش عەسرەکی گۆتیان کارت دەدریتەوە، ئەمەش چوین، مامۆستا کمال حارس معاون مدیر بوو هەزار رەحمەتی لیبی، ناوەکانی دەخیندەوە، دەستی پێ کرد؟ کمال مستەفا محمود .. کمال گۆتی بەرێ --- گۆتی ناجح . سالار قادر فاتەکە... سالار گۆتی بەرێ... گۆتی ناجح.

نەریمان محمد قادر.... نەریمان گۆتی بەرێ..... گۆتی ناجح. لقمان فاروق حسن ... لقمان گۆتی بەرێ...........گۆتی ناجح. مامۆستا کمال حارس پیداچوو هەتا گەیشتە ناوی انوری. انور مستەفا .......گۆتی بەرێ ......گۆتی ساقت، انور گۆتی: تەگبیر؟

مامۆستا کمال گۆتی: تەگبیر! ملت بشکێ لە جێی خۆت دانیشەوە سارەکیدی بخینەوە؟

۲۰۱٥-۷-۸

**مام قادرگۆتی:**

ساری ۱۹۸٤ کۆمەرە برادەرک لەدوکانی (مام محمد) ی بابی هەژاری بوین لەتەیراوەی، زروف و وەزعەکی دژوار وناخۆش بوو، بەعس مسی لەگەروی ئەو کەسەی دەکرد بەخراپی باسی بکردبایە؟

ئەمەش هەریەکەو مناقەشەی بارودۆخی ئەو کاتمان دەکرد؟

بەعس واو، یەکیەتی واو، پارتی واو شیوعی وا، سۆسالیست وا؟

چارەسەریش نەبوو ،کورد بەناو یەک کەتبوو یەکتری دەکوشت و بەعسیان بەخۆیان خۆشکردبوو؟

هەر هەندەمان زانی (مام محمد )با بی هەژار هاتە ناو دوکانێ بەعارەبی گۆتی:

(کلکم اطلعوا بره گواوید) هەموتان برۆنە دەرێ گەوادینە.

ئەمەش هیچ قسەمان نەکرد خشکەمان کرد لۆ دەرێ، هەژار لەپشت مێزی بوو بەسەر مێزەکەی پازی دا بەگورگە لۆقان و هەرات، وەستا برایم لەمە بەعومر گەورە تر بوو لەناو دوکانی ماوە نەرۆیی وای زانی( مام محمد )دەری ناکا؟ گۆتی مام محمد ئەمنیش! (مام محمد) گۆتی: (وانت هم ویاهم )ئەتوش لەگەر وان .....؟

هەزار رەحمەت لەرۆحی پاکی (مام محمد) بی یاخوا، ئەو تێگەیشتبوو ئەو کات لەو حزبانە و زروفی ئەو کات، ئەمە هیچمان نەدەزانی، ئێستا دەزانم ئەو مرۆڤە گەورە لۆ وای کرد؟

٢٠١٥-٧-٩

**مام قادرگۆتی:**

تەماشای ئەقلیەتی پیرەژنێ بکەن لەسیاسەتدا، (ئەندیرا غاندی )سەرۆک وەزیرانی هیندستان بوو، دەستی هەبوو لەکۆتای هێنان و نسکۆی شۆرشی ئەیلول لەرێککەوتنی جەزائیر بە گەیاندنی (صدام حسین و شای ئێران)لە جزائیر ساری ١٩٧٥؟ ساری ١٩٧٦ خەبەری ناردبوو لۆ (صدام )ی دێمە عێراق؟ صدام گۆتبوی پێشوازیە کی باشی لێ بکەن و چی دەوێ و دەستی لەسەر چ دانا لەو سەردانەی لۆی جێ بەجێ بکەن، چونکە چاکەی زۆرە لەسەرمان؟ ( ئەندیرا غاندی) گەیشتە عێراق هەر لەمەتاری بەغدایێ نیازی سەردانی خۆی بە دەرێخست؟

گۆتی: لۆ ئەوەی هاتیمە عێراق دەرێن لە(نەجەف و کەربەلا) ی چەفیەو لەچە کی جوان هەیە؟ حەزم کرد بەخۆم ببینم وهەندەکیان لێ هەربژێرم؟

٢٠١٥-٧-١١

**مام قادرگۆتی:**

ساری ١٩٨٤ ئە من وبرادەرەکی خۆشەویست گەنج بوین لۆ کوردایەتی دەسوتاین، ئەو ڕێبازی فکری جیاواز بوو لە گەر من، گۆتی یە من برا مواصفاتی توو ناگونجێ لەگەر ئەو حزبەی خۆشت دەوێ و دفاعی لێ دەکەی و ئاگای لە توش نی یە؟ وەرە لەگەر مەئیش بکەو واز لەوان بینە، ئەوان رۆژەک دێ ئیهمالت دەکەن؟ ئەورۆ دوایی ٣٠ ساری زیاتر ئەو قسەم بە بیر هاتەوە لەو بارۆدۆخەی ئێستای کوردستان، ئە من و برادەرەکەشم لەهەردوو لا ئیهمال کراین، سەدان تێکۆشەر ئیهمال کران؟ خەرکی فول مواصفات هاتینە پێش بەبێ سوتان وماندیبوون لۆ کوردایەتی؟ لۆ هەموو حزبەکان تکایە: وریا بن گەنجی ئەو سەردەمە ئیهمال نەکەن؟ وەکی مەتان لێ قبول ناکەن.

٢٠١٥-٨-١٤

**گۆتم مام قادر ئەو وەزعە کو چا دەبی؟**

گۆتی دختۆر:

١- شێرەکانی خۆتان بکوژن، سەی خەرکی دەتان خوا؟

٢- رەسمی کەم کەنەوە لەسەر مێزان ،تەنها رەسمی ڕەمزەکانتان بێلنەوە لەسەر مێزەکانتان؟

٣- پۆستی گرنگ مەدەنە دەست نەزانان؟

٤- پیاوی گەورەو خەباتکار مەکەنە فەرمانبەر .....؟ هەتا مندار و تار گەمەی پێ نەکەن؟

٢٠١٥-٨-١٨

**مام قادرگۆتی:**

ئەگەر ویستت وولاتەکی تێک بدەی و وێرانی کەی، بەتەیارەو تۆپ و جەنگ داگیری مەکە؟

ئەقلە مردووەکان پایەدار کە بە پۆستی زیندی؟
ئەقلە زیندووەکان پایەدار کە بە پۆستی مردی؟
ئەگەر ئەقلی زیندی زیندانی کرا؟ وەک ئێستامان؟
هیچ گرفتەک چارەسەری نابیٚ؟ شایی و ڕەشبەلەکە لەلایەن ئەقلە مردووەکان؟بەبۆنەی نەگەیشتنی وولات بە ئامانجە گەورەکەی؟

٢٠١٥-٩-٨

**مام قادرگۆتی:**

سە رەتای بە دەرکە تنی مایەسیریم بوو ئیزعاجی کردبووم، گۆتیان بڕۆ چاڕەی خۆت کە لەکن فلان مضمدی، گۆتی چوم عیادەکەی پر بوو دەرزیت باویشتبا نەدەکەتە عاردی؟
شەرمم لەخۆ کردوە لەپێش عالەمیٚ برێم دەرمانەکی مایەسیریم بدیٚ.
مضمدم گازی دەریٚ کرد سەرم لەبنگێی نا گۆتم مایەسیریمە علاجەکم بدیٚ؟
مضمد چوە ژۆریٚ پاشی٣ دەقەکی، هەر لەپشت پەردەی سەری دەرهینا لەناو خەرکی مەرهەمەکی لەدەست بوو، یەک بەخۆی هاواری کرد، گۆتی کیٚ بوو گۆتی قونم دێشی ئەو مەرهەمەی لەقونی بدا.
لە شەرمان خۆم نەکردە ساحێبی، خۆم کڕکرد پاشان ڕاست هاتمە دەریٚ؟
ڕێزو سڵاو لۆ کارمەندانی تەندروستی هاو پیشەم

٢٠١٥/١٠/٣١

**مام قادرگۆتی:**

ساری ١٩٩٥ بیشمه رگه بوین له ره بایه ی سەریَ سه فینی بەفرو باران بوو، خالیدی پێشمه رگه صحەتی تێک چوو شه ویَ رشاوه، رشانەوەکەی له قاپەکی کرد له ژوریَ، سبیانیَ هه ستاین خالید باشتر ببوو ،گۆتی ئەو قاپه چی لی هات؟

مغدیدی گۆتی مزەورەکه؟ ئه من ئەو شۆ زۆر برسیم بوو وەکی لەحەرسیاتی هاتمەوه دوو نانم تێکوشی خواردم؟

ئەمن و خالید هەراتینه دەریَ........ هێرینجمان هاتیَ و ڕشاینەوه.... ئەویش نەیزانی مەسەله چی یه.

٢٠١٥/١١/١٣

**مام قادرگۆتی:**

مه لا عمر ره حمه تی خوای لیَ بیت دوکانی هه بوو له ته یراوه ی، ماموستا رشاد ده نگی خۆش بوو دەچوه کنی، ساری١٩٩٥ بوو شه ڕه نه گریسه کەبوو، مه لا عمر دری توند ببو داوای له ماموستا رەشادی کردبوو قۆریاته کی لۆ بریَ؟ ئه ویش حەیرانی گوتبوو؟ گۆتبوی ده ریم براینه برا دەرینه ئه وڕۆ ئێواری درم گەلەک توندە له مصیفی شۆڕ ده بمه وه لۆ مه لا ئۆمه ری؟

مه لا عمر ی ره حمه تی یه کسه ر قه تعی کردبوو؟

گۆتبوی: یەکەم: گۆتم قۆریاتی بریَ نه ک حەیران؟ دووه م: لۆ ده چی یه ئه و مه نتیقه خه ته رەی، بەگەکی لێدەو بگەڕێوه و وەرەوه ناو هەولێریَ دوورمەکەوه؟

مامۆستا رەشاد گۆتبوی: هەولێر هەولێره سەری قەراته بنی باژێره، یاریَ من گەردەن زەردی زیڕه............ مەلا عومەر گۆتبوی وسکوت به باشتره مارەوەدان باسی زەردی مەکه.

٢٠١٥/١١/١٥

**مام قادرگۆتی:**

ئەحمەدی برادەرم دیت لە و رۆژانە، گۆتم حارت کوە و لەگەر بە زمی پشت سەیتە رە کوی؟

گۆتی خواردنەوەم تەرک کرد!

گۆتم الحمدلله؟

کو تەرکت کرد ئەحمەد؟

گۆتی: لە گەر دوو برادە ری چوینە پشت سەیتە رە ی ڕێی مەصیفی، جە وە کی خۆشمان هە بو، خێمان لە بیر کردبو، گۆتیان ئەحمەد دەبڕۆ لەکن ئەو جماعەتەی تە نیشتمان هە ندەک خێ ی بینە؟

گۆتی ئەمنیش سەلامم کرد گۆتم هە ندە ک خێمان بدەنێ ئەگەر ئەزیەت نەبی؟

گۆتیان بە خوای ئەمەش خێمان لەبیر کردی یە؟ ئەوە ئەحمەدمان ناردیە لۆمان بینی؟

تهماشام کرد هەمان جماعەتی خۆم بوون نە ئەمن ئەوانم ناسیەوە نەئەوان ئە منیان ناسیەوە.

٢٠١٥/١١/١٩

**مام قادرگۆتی:**

ئێوارە بوو گەیشتمە بەردەرکەی مارێ دا کم، دووکوڕی مام صباحی جیرانیان بە غار لە مارێ هاتنە دە ر ێ و بەسەر یەکدا بەربوونەوە.

گۆتم چ بوە لو وا غار دەدەن؟

گۆتیان کارەبای مولیدەی فیزی کردیە دەچین سرکتی لێ دەدەینەوە؟

گۆتم لۆ هە ر دوکتان دەچن؟

گۆتی سرکتەکە برندە، یەکمان لە جیاتی تەنەکەی پشتی لۆ ئەوی دی دادەنێنەوە؟

٢٠١٥/١١/٢٣

**مام قادرگۆتی:**

دختۆر رۆژەک بەکۆرانەکی دا دەرۆیشتم، دوو منداری پارچەرە هاتنە پێشم، گۆتیان مامە دەستمان ناگاتە ئەو جەرەسەی ئەو مارەی ئەگەر جەرەسەکمان لۆ لیدەی.

ئەمنیش جەرەسەکی قیتم لیدا، دەبینم مندارەکان دەرێن مامە وەرە پێکەوە غاردەین.

٢٠١٥/١١/٢٥

**مام قادرگۆتی:**

ساری١٩٨٢لە ئامادەیی هە ولێری کوڕان بووم، پۆلی شە شی زانستی بووم، وانەی زانست وحیوانمان هە بوو، ماموستا نجیب بویا پێی دەگۆتین، مامۆستا لە گە رمەی دەرسیێ دابو باسی خشۆکەکانی لۆمان دەکرد زۆر بە جوانی.

لە ناکاو مشرف لەدەرەکەی داو هاتە ژوریێ و دانیشت.

دوایێ روخسەتی لە ماموستا نجیبی وەرگرت.

گۆتی کێ دەزانی نموونەکی خشۆکەکانم لۆ بینیتەوە؟

فاخیر یەکسەر دەستی برند کرد، شەش مانگ بو دەستی برند نەکردبو زور تەمبەل بوو؟

ماموستا نجیب هەر روحی چوو.

فاخیر یەکسەر گۆتی بۆق!

ماموستا نەجیب هەناسەی هاتەوەبەریێ .

مشرف گۆتی ئافەرین .

دەتوانی نمونەکی دیمان لۆ بینیەوە؟

فاخیر نەیکردە نامەردی؟ گۆتی بۆقەکیدیش.........

بوە هەرا لەشعبەی وەزع شڕبوو وەکی وەزعی حکومەتی ئێستا............

٢٠١٥/١١/٢٧

**مام قادرگۆتی:**

سارانی هەشتایەکان تازەڤیدیو دەرچوو بوو،کوڕەکانی حاجی توفیقی جیرانمان گۆتیان بابە ڤیدیویەکمان لۆ بکرە؟

حاجی توفیق دەورەمەند بوو بەس هیشک بوو؟

کەمەک فکری کردەوە؟

گۆتی باشە؟

بڕۆن تەلەفزیۆنەکەی بفرۆشن، ڤیدیۆیەکی پێ بکرن!

٢٠١٥-١١-٢٩

**مام قادرگۆتی:**

ئای دنیایی کۆرە گرینم لە هە وکی یە

خۆزگەم بە دوو غورفە و هە یوانە کە ی جاری جاران

خۆزگەم بە بازاری تە یراوە و تە عجیل و قە رات و باتا و سە یداوە و باداوە و کوران و قەیسەری هەولێریَ.....

خۆزگەم بە ماستی مام مجیدە قوت و شێمحەمەد و مام رحمانی بوزفرۆشی

خۆزگەم بە دە نگی حاجی سمایلی میررۆستەمەی کە پاشیوانی ڕەمەزانان شیعرە کانی صافی هیرانی دەخیندەوە و کەباری دەکرد .

خۆزگەم بە دوو قەناتی تەلفزیونی کرکوک و بە غدای بە ئالێری وەردەگیران و دەپسای هەتا سافت دەکرد دەبا هەر ئالێری بسوڕێنی.

خۆزگەم بەقەمیص و پانتۆرە بێ ئوتی یەکەی لە بە رمان دە کرد چە ند ساران

خۆزگەم بە دۆغەوا و داندۆک و ساوار و پیرخەنی دە ستی داک و داپیران

خۆزگەم بە گەرمی سۆبە ی عە لاءالدین و نە فتی بێ بۆنی

بە تە نە کە ی کەر و عارەبانان

خۆزگەم بە کارەبای ئەو کات و نووستنی خۆشی فێنکی سەربانان

خۆزگەم بە مەجلیسی زانا و بیرمەندی نەخویندەواری جاران، نەک بەخیندەواری نەزانی ئەلحانی شهادەی هینایتەوە بە تاران

خۆزگەم بەنەبوونی و قناعەتی ئەوکاتی، ئە وە ی دیتمان لە سەر دەستی ئەوانە نەمان دیتبوو لەسەر دەستی نە یاران

٢٠١٥-١٢-١٣

**مام قادرگۆتی:**

ئاخ دەوڵەت تۆلە دیوەخانی فکری چ پێشمەرگەیکدا نوستووی، کەی بەخەبەر دێی تا ئاگات لە مێژوو و زمانی کوردی بێت – با دراسەیەکی ئەکادیمی بۆ بکەین؟ با گەنج و لاوی کورد بزانن (لۆلۆ و سۆباری و هیتیت و گۆتی و میتانی )کێ بوون؟ میرنشینە کوردیەکانی شەدادی و حوسنەوی وبادینان و سۆران و بۆتان و هەکاری و بەتلیس کێ بوون؟ دەولەتی زەندی کەریم خان و دەولەتی صلاح الدینی ئەیوبی کێ بوون؟

بزاڤی رزگاری خوازی کورد هەر لەشۆرشەکانی (شێخ عبیداللەی نەهری و شێخ عبدالسلامی بارزانی و ئیبراهیم خانی دەلۆی کفری و سمکۆی شکاک و شێخ مەحمودی حەفید ) کێ بوون؟ (شێخ سەعیدی پیران و شۆرشی یەکەمی بارزان و ڕاپەرینی کۆچگیری و ئاررات و سەید رەزای دەرسیمی و شۆرشی دوەمی بارزان و کۆماری کوردستان لەمەهاباد) کێ بوون؟ شۆرشی ئەیلول و گشت شۆرشەکان بناسێنین؟ ئەو رێکەوتننامە شومانە چین کە کوردیان بەش بەش و بێ بەش کردوە لە دەولەتی کوردی، وەک: ( چاڵدێران ١٥١٤ و زەهاوو

ئاماسیە و ئەرزەرۆم و بترسبرگ و سایکس بیکۆ ١٩١٦و سیڤەر کە تا ئێستا دانەخراوەو دەتوانرێت وەک وەرەقەی زەخت بهێنینە گۆرێ. لە لۆزانەوە تا دەگاتە رێکەوتننامەی شومی جزائیر١٩٧٥).

بەڵام ئەگەر کەسێک هەلبژێردرا بۆ پۆست با ئەو مێژووە بزانێت و تاقی بکرێتەوە، ئەوجا ببیتە وەزیر یا ئەندامی پەرلەمان، ئەوجا کەسی دلسۆز وهۆشیارتان لۆ دەردەکەوی و خەمخۆر بیت بۆ کورد نەک رازیکردنی کورسیەکان ...ئەوە مێژوە رەحم بەکەس ناکات - چونکە پرسیار ئەوەیە: ئایا مێژوو دوێنێ و ئەمرۆو داهاتوو نییە؟ تکایە سەد ساڵ ڕوو لە یەک لامەکەن و یەک رێگا مەکوتنەوە؟ تکایە کێشەی ناوخۆ چارەسەر بکەن؟ حزب و کەسی دلسۆزتان لۆ دەردەکەوێ؟ قەیران ئەوە نییە کێشەت هەبێ؟ قەیران ئەوەیە نەتوانی پلانی بۆ دارێژی و چارەی بکەی؟ بیر بکەوە و پلان دانێ و جێ بەجێ ی کە، پشت بە خوای گەورە سەرکەوتن مسۆگەرە.

٢٠١٦-١-٤

**مام قادرگۆتی:**

دختۆر مندار هەموی وەکی یەک نینە دۆستیش هەموو وەکی یەک نینە.

گۆتم کو مام قادر؟

گۆتی دختۆر لەتەنگانەی دۆست و منداری باشت لۆ بەدەر دەکەوی. ئەوێ رۆژێ حاجی سعید مندارەکانی خۆی و دۆستەکانی تاقیکردنەوە.

یەکەمجار گازی کوڕەکانی کرد گۆتی کوڕم وەزعمان باش نی یە و لەگەر فلان کەسی کەش و کوشەکمان هەیە، دەبی ئاگاو لەخۆ بی و لەپشت بابێ خۆ ڕاوەستن نەوەک بەسەرمان دادەن .

کوڕێ گەورەی هاتە تەنیشت بابی و ڕاوەستا، کوڕێ ناوەنجی‌یش پڕی دا سیلاحی و لەپشت بابی ڕاوەستا، کوڕێ گچکەی پڕی دا پارەکەی کە لە پشت رەسمی بابی شاردبویەوە حیزە خشکەی کرد چوە دەرێ، ئەوی هەرەگچکە هەر نەی زانی مەسەلە چیە و خۆشی لەگورە نەبرد ئێستاش تێنەگەیشت.

حاجی سەعید گازی دۆستەکانی‌ی کردو حارو مەسەلەی تێگەیاندن، یەکیان هەرزوو گۆتی ئەمن تاقەتی شەری کەسم نی یە، دۆستی دووەمی گۆتی حاجی لەپشتتم بەخۆم و براو مندارەکانمەوە .

ئەوجا مام قادر حاجی سعید ئاشکرای کرد بەس تجربە بوو.

بەرێ دختۆر: گۆتی بەخۆهاتمەوە کێ منداری بەکەلکەو کێ دۆستی بەکەلکە.

٢٠١٦/١/٧

**مام قادر گۆتی:**

والی شارەکی لەگەڵ دەست وپێوەندەکانی، شەوان سەردانی مارانی دەکرد لۆ بەسەرکردنەوەیان و زانینی وەزع و حاریان وباری ئابوریان، شەوەک لەدەرکەی مارەکی دا کچەک وەڵامی داوە گۆتی کێ یە لەدەرکەی دەدات؟ والی گۆتی ئەمنم والی شار، دەمەوێ بێمە ژۆرێ. کچە گۆتی‌ی باب و داکم لەمارێ نینە ناتانم دەرکەی بکەمەوە. والی گۆتی: ئەمن والی و بەرپرسی وولاتم. کچە گۆتی: بێ حزوری بابو داکم ئەستەمە بتوانی بێیتە ژۆرێ ئەگەر هەر کێ بیت؟

والی گۆتی: بابت لە کێ یە؟ کچە گۆتی: چووە دۆستی بکاتە دوژمن.

والی گۆتی: ئەدی داکت لە کێ یە؟ کچە گۆتی: چووە یەکی بکاتە دوو.

والـی گۆتـی: ئـەدی ئەتـو چ دەکـەی لـە ماڵـێ بەتەنـێ؟ کچـە گۆتـی: ئەمنیـش دووی دەکەمـە یـەک. والـی سـەری سـورما، هیـچ تێنەگەیشـت لـە مـەراق مـا! دەرکـەی مارەکـەی نیشـانکرد. لـۆ رۆژی پاشـتر چەنـد خەبیـرو ڕاویـژکارو بەئەقلەکانـی دەوری خـۆی کۆکـردەوە، پێیانـی گـۆت ئـەو ووشـانەم لـۆ لێـک دەنـەوە، کەسـیان نەیانزانـی، والـی تـورە بـوو؟

والی گۆتـی بڕۆن کچـەم لـۆ بینـن، چـوون کچەیـان هینـا لەگـەر بابـی لۆدیوانـی والـی، والـی گۆتـی یـە کچـەی سـەرم سـورمایە لـەو ووشـانەی دونـێ شـەوێ مانـای چ بـوون؟

کچـە گۆتـی: ئەمـە فەقیـرو هەژاریـن ،کـە گۆتـم بابـم چـووە دۆسـتی بکاتـە دوژمـن، چـوو پـارەی قـەرد کات لـە دۆستەکـی خـۆی، قەردیشـی پـێ نادرێتـەوە، ئـەوە دۆسـت دەبیتـە دوژمـن!

کـە گۆتـم داکـم چـووە یەکـی بکا تـە دوو، داکـم مامانـە ژنـەک منـداری دەبـوو چووبـوو رزگاری کات؟

کـە گۆتـم ئەمنیـش دووی دەکەمەیـەک، ئەمـن دوو کەونـە دۆشـەکم دەدوری و لێـک دەدا لەبـەر نەبوونـی وفەقیـری.

والـی گۆتـی: ئـای نەفـرەت لـە هەمـوو ڕاویـژکارو خەبیـر و دەورو بـەرە چلێسـەکانم؟ وەرە ئەتـو ببـە دەرمانـی دەردی کێشـەو گرفـت و برینەکانـم؟

٢٠١٦-١-٢٣

**مام قادرگۆتی:**

سـارانی نەوەتـەکان شـاگردی وەسـتا یوسـفی کاشـیچی بـووم، ئیـش لەکـێ بـا دەبـا بچـی و کارکـەی و پـارەی پەیـدا کـەی گرانـی ونەبوونـی بـوو. چووینـە گوندەکـی لـەدەورو بـەری هەولێـرێ، ماڵێکـی دەورەمەندمـان کاشـی کـرد، زوو ئیشـەکەمان تـەواو کـرد وسـەیارەمان نەبـوو، هاتینـە سـەرجادەی لـۆ ئـەوەی بگەرێینـەوە

هەولێریێ. لەگەر وەستا یوسفی یەک سعات لەبەر هەتاوی هاوینێ ڕاوەستاین تا سەیارەیەک بێ، بەنزین گران بوو و سەیارەکەم بوو؟

پاشی یەک سعاتی پیکابەک هات و ئەمەش دەستمان برند کرد ڕای گرت، لەبەر ئەوەی پێشی بیکابی نەفەری ژنی تێدابوو، ئەمەش جل و بەرگمان پیس و پۆخر بوو، ممنون بوین بچینە ناو بۆدی(پشتەوەی) پیکابی، ناو بۆدی پیکابی (بەرانەکی) قۆچ گەورەی تێدا بوو(مەڕی نێر). ئە مە ش ناچار بووین، چ بکەین سوتاین لەبەر هەتاوێ دەبا سوار بین لەپشتەوە پشتەوە؟

وەستا یوسف یش زۆر هیلاک بوو، پشتی بە جامی پیکابی دا پشت سایقی وو لاقی ڕاکێشا و خەوە کوتکەی بردەوە؟ ئە من و بەرانیش هەردوک بە پێوە بووین، ئەمن لەترسان چوو بوومە سەر بوڕی و معەجەڕەی پیکابی. هەر هەندەم زانی بەران وەستا یوسفی دا بەر قۆچان، تومەز وەستا یوسف قوڕ بەسەر و ماندی و هیلاک، چەندی خەوە کوتکەی بردیتەوە و سەری برند و نەوی کردیە بەرامبەری بەرانی، بەران وای زانی یە ئەوە شەڕی لەگەڵ دەکاتن.

ئە من ما بەتۆبزی بەرانم لە کۆر وەستا یوسفی کردەوە، شاپم لەسەقفی پیکابی دا و سایق ڕای گرت؟ ئەوجا بەرانمان لا بردی یە. وەستا یوسف یش بەخەبەر هاتی یە لە سە رە خۆدەرێ: خۆ هەمووتان سەلامەتن انشاللە؟ وەستا یوسف سەهو چوو بوو وای زانی پیکاب وەرگەرایە.

٢٠١٦-١-٢٦

**مام قادر گۆتی:**

میـرزای مـام رسـولی بابـی دەمری،کفـن لەگونـدی بـە دەسـت ناکـەوی، دەرێـن میـرزا بـڕۆ لـەو گونـدەی تەنیشـتمان کفنـی بینـە. میـرزا بەسـواری ئـە سـپی دەچیتـە گوندەکـەی تەنیشـتیان دەبینـی شـایی وڕەش بەرەکـە سـەرو بنی دیار نی یە. میرزا ... دەچیتـە نـاو شـایی وخۆی لـە بیر دەکاتن، پاشـان بـە بیری دیتـەوە بابی مـردی یـە و لـو کفنـی هاتـی یـە وخـەرک چاوەرێـی وی دەکـەن، بابـی کفـن و دە فـن کـە ن؟

٢٠١٦/١/٢٩

**مام قادرگۆتی:**

پیـاوەک لـە دوو عەدالەتـی دەگـەڕا ،گۆتـی یـە ژنەکـەی بـا کوڕەکەمـان تەجرەبـە کەیـن، خێزانـی گۆتـی کـو؟

پیاوکـە گۆتـی: قورئـان و پـارەو و بتلـەک ویسـکی لەسـەر ئـەو مێـزەی دادەنێـم.

ئەگـەر کوڕەکەمـان هاتـەوە مـاریٚ: قورئانەکـەی هەرگـرت: مانـای کوڕێکـی بەدیـن و بـە ویـژدان و عـادل دەر دەچـیٚ. ئەگـەر پارەکـەی هەڵگـرت: مانـای کوڕەکەمـان دەبیتـە بازرگانێکـی زۆر گـەورە. ئەگـەر بتلـە ویسـکیکەی هەلگـرت: مانـای خەمـی لەکـەس ناخـوات و دایـم سـەرخۆش و مەدهـۆش و فاشـل دەبـی.

کـە کوڕەکەیـان هاتـەوە ماریٚ: داک وبـاب دیتیـان کـورە دەسـتی دا قورئانەکـەی و ماچـی کـردوو لەبـن هەنگـری نـا، پارەکەشـی لەنـاو گیرفانـی نـا، بتلـە ویسکیەکەشـی هەرگـرت و چـووە ژۆرەکـەی خـۆی. داکـی کوڕەکـەی سـەری سـوڕما و گۆتیـە پیاوەکـەی ئـەوە چ بـوو هـەر سـێکی هەرگـرت، کـو لێـک دەدەیـەوە؟ پیاوەکـە گۆتـی: ئـەوە کورەکەمـان دەبیتـە سیاسـیەکی درۆزن؟

٢٠١٦-١-٣٠

**مام قادر گۆتی:**

ساری ١٩٨٤ لە پەیمانگای پزیشکی هە ولیری (معهدی صحه) قۆناغی یەک بووین، وانەی(اسس التمریض) مان هەبوو، ماموستا نازەنین وانەی شرح دەکرد.

لەگەرمەی دەرسیێ دابوین برادەرەک خەرکی لای سەرەوە بوو زۆر فقیر و کڕ بو ناوی علی بوو، لەتەنەیشت من دانیشتبوو لە ریزی پیشەوە. لەهیکرا دەستی برند کردو گۆتی ماموستا روخسەت هەیە (داکی ئەوانەی پشتەوە ب ....م).

ماموستا نازەنین سەری سورما نەیدەزانی مەسەلە چی یە! گۆتی بێ ئەدەب هەستە برۆ دەرێ؟ تومەز چەند برادەریکی عجول لە پشتەوە لە (ئیف شازدەی)خراپتر، پەلە بەردی وەکی دنکە نیسکیان لە گێ و سەری علی دابوو.

٢-٢-٢٠١٦

**مام قادر گۆتی:**

سارانی ١٩٨٠ کان سەردەمی صدام و بەعس پیرە پیاوەکی دلسۆز،کوڕەکی پیشمەرگە بوو ناوی ئەنۆ بوو، کوڕەکی دیشی بە ناوی عەبۆ بەتۆبزی کرابوە جەیشی شعبی؟

بەعس خەلکی دەگرت و ڕەوانەی جەبهەو شەڕو رەبایەی دەکرد، دائیرەی ئە منی بە عس هاتبونە سەری پیان گۆتبوو ( وین انو)ئە نۆ لە کێ یە؟

مامەی دلسۆز وەلامی دابونەوە: گۆتبوی ئەنگۆ هەر دەرین وینە (ئەنۆ)، وینە (ئەنۆ) ،ئەنۆ لەکێ یە ئەنو لەکێ یە؟ دەجارەکیش برین وینە (عەبۆ) عەبۆ لەکێ یە، وا لە رەبایەی جیشی شە عبی یە!

٣-٢-٢٠١٦

**مام قادر گۆتی:**

ئیتفاقیەی سایکس بیکۆ لە ساری ١٩١٦ بوو، سەرەتا (روسیای قەیسەری و فرنساو بریتانیا )بوون، لەگەر هەڵگیرسانی شۆرشی سوری شوعیەت ١٩١٨کە (لینین)کردی بەسەر (قەیصری) روس، (لینین )ئەو ئیتفاقیەی ئاشکرا کردوو و خۆشی لیێ بێ بەری کرد،گۆتی ئەمن باوەڕم بە مافی چارەنوسی گەلان هەیە و دژی ئەو ئیتفاقیەم، فرنسا و بریتانیا مانەوە، سەرەتا لەنێوان خۆیان بەشی روسیای قەیصریان دابەش کرد، فرنسا عێراقی بە بەرکەت، بریتانیا شام و ولاتانی تر. بەڵام بریتانیا فرنسای خستە شام و خۆی هاتە عێراق و خلیج، دەزانن لۆ؟

چونکە مخابراتی بریتانی بەدزی بەناوی گەریدەو نوسەرو باحس هاتبونە ناوچەی باشوری کوردستان وباکوری عێراقی نوێ، لەدەورو بەری کرکوک، کە پێکهاتەی نەتەوەکانی (کورد و عرب و تورکمان و مەسیحی)تێدا بوون، لۆ ئەوەی دیراسەی نەتەوەکان بکاتن. لە ئاقاری تەماشای کردبوو ٤ کەس هەر یەک خەریکی شتێکن؟

دیتی کوردەک ڕاوەستایە دەستی پان کردیتەوە، یەک سعات لەدورەوە تەماشای کردبوو کابرای کورد هەر نەدەجولا، کابرای بریتانی سەری سورما! نەی زانی مەسەلە چی یە، خۆی پێ نەگیرا لەکوردەکەی چوە پێش، گۆتی ئەوە چ دەکەی یەک سعاتە راوەستای بە پێوە خۆت ڕاگرتی یە، ئەو گەنمە چییە لە ناو لەپ و دەستت دانایە؟

کابرای بریتانی وای زانی بوو ئەو کوردە( توێژینەوە)دەکا لەسەر ئەو گەنمەی، ئاخۆ رۆژ چ تەئسیری لێ دەکا یا ئاو و هەوا،کابرای کورد گۆتبووی (کێشکەی دەگرم).

کابرای بریتانی گۆتبووی چۆن؟ کوردەکە گۆتبوی (کێشکە)لۆ گەنم خواردنێ دێتە سەر دەستم و ئەمنیش دەیگرم؟

کابـرای بریتانـی گۆتبـوی: ئـەدی ئـەو ٣ کەسـەی دی لـەو لا چ دەکـەن لەدیار ئـەو ئاگرەی؟یـەک باوشینەی دەکا لەئاگری، و یـەک شـایی چۆپـی دەکاو، یـەک قۆریاتـی دەرێ؟

کوردەکـە گۆتبـوی: ئەوانـە پارەیـان واصـل کردییـە؟ ئـەوی باوشـینەی دەکا مەسـیحی یـە، ئـەوی چۆپـی دەکا عارەبـە، ئـەوی قۆریاتـی دەرێ تورکمانـە ئاگریـان کردیتـەوە ،هـەر ئەمـن کێشـکەی بگـرم ئەوانـە سـۆری دەکەنـەوەو دەیخـۆن؟

هـەر لەسـەر ئـەو بەسـەرهاتەی بـوو بریتانیـا رای گـۆری و شـام و سـوریای رەتکـردەوە، رووی لەعێـراق کـرد؟

٢٠١٦-٢-٦

**گۆتم مام قادر کوی؟**

مام قادر گۆتی کو بم:

عومـری خـۆم لەسـەر ڕێبازەکـی دانـا؟ نازانـم ئـەو ڕێبـازە لـۆ ئـاگای لەمـن نـی یە؟یا ئەمـن پیـر بوویمـە و کەلکـم نەمایـە لـۆ ئـەو ڕێبازەی؟یـا ئـەو ڕێبـازە لەسـەر ڕێـی خـۆی لای دایـە و کەسـانی وەک منـی نـاوێ؟

ئەمنیـش گۆتـم: خـوا عەفـوت کا بـە لاری دەرێـی بـە کـەڕەی برێ ،ئـەو کابرایە بێ دەسـتەی بگـری، نـەوەک مـووی سـەری ئـەو ئەصلحـە سـەر رووتـەی لـێ کاتـەوە؟

٢٠١٦-٢-٧

**پەیامی مام قادر ی لۆ سەرکردایەتی کورد:**

لـە سـاری ١٩١٦ لەگەرمـەی جەنگـی جیهانـی یەکـەم، دەوڵەتـی عوسـمانی لاواز و بێ هێـز ببـوو پێیـان دەگـۆت پیـاوە نەخۆشـەکە.

لـە سـاری ٢٠١٦ وە جەنگـی جیهانـی.........، حکومەتـی کـوردی لـە باشـوری کوردسـتان لاواز وبـێ هێـزە، وابزانـم نەخۆشـە؟

لـە سـاری ١٩١٦ گرانـی گـەورە ڕویدابـوو هەمـوو دونیـای گرتبۆوە بەهۆی شـەڕی نێوان عوسـمانی و دەولەتانی هاوپەیمـان، تـا کار گەیشـتە ئـەوەی دەولەتـی عوسـمانی قوتـی خەلکـی دەبـرد، خەلـک پـارە و ئەرزاقـی دەشـاردەوە لەترسـی جەندرمـەی تـورک، دەگێڕنـەوە لـەو هەولێـرەی جەندرمـەی تـورک قاپـی خواردنـی بـەر دەوی مندالانـی بـردوە و ڕفانـدوە، چالـی گەنـم و جۆیـان هەمـوی بەتاڵکـردوە و بـردوە.

لـە ساری ٢٠١٦ گرانی و قەیران دونیای گرتـەوە، کار گەیشـتە ئـەوەی حکومەتـی کوردی قـوت و معاشـی خەلکـی بڕی.

لەسـاری١٩١٦ شـەر لـۆ تقسـیم کردنـی خـاک و بەدەسـتهێنانی مەسـاحەکی تێـر بـوو لەنـەوت لـۆ قیصـری روسـیا و فرنسـاو بریتانیـا.

لـە سـاری ٢٠١٦ شـەر لۆ تقسـیم و نـە خشـەی (دیمسـتۆرای) نێـردراوی نەتـەوە یەکگرتـوەکان و بـە دەسـتهێنانی مەسـاحەکی تێر ترە لە نەوت، لۆ روسـیا و هاوپەیمانانـی لـە لایـەک لەسـوریا، ئەمەریـکاو هاوپەیمانانـی لـە لایەکـی تـر لەسـوریا و ئوکرانیـا.

لـە سـاری ١٩١٦ دەولەتـی عوسـمانی و المانیـا هاوپەیمـان بوون، دژی روسـیا و هاوپەیمانانی. بەڵام دواتـر پیاوە نەخۆشـەکە روخـاو و المانیـای هاوپەیمانـی بەسـاغی دەرچـوو.

لـە ساری ٢٠١٦ تورکیای دروست بووی دوای ئیمپراتۆریەتـی عوسـمانی دژی بەرنامـەی روسـیایە، روسـیا دژی بەرنامـەی تورکیایە،کەس نازانێ هاوپەیمانی ئەو لایەنانـە چیان بەسـەر دێ؟

لـە سـاری ١٩١٦ خەلافەتـی ئیسـلامیان روخانـد کـە دەولەتـی عوسـمانی بـوو و تـورک بـوون و سـوننە بـوون.

لـە سـاری ٢٠١٦ داعـش کەنـاوی لـە خـۆی نـاوە (دەولـەی ئیسـلامی )گوایە خەلافەتی ئیسـلامی یە و خەلیفەی هەیە وعەرەبە نوێنـەری سـوننەیە بەنـاو، مـن دڵنیـام کـێ دروسـتی کـرد هـەر ئـەو دەیروخێنـێ؟

لـە سـاری ١٩١٦ وە بەغـدا لەگـەڵ کـورد بـە فێرە،کوردیـش لـە بەغـدا بـە فێـر بـوو. لـە سـاری ١٩٢٣کـە عێـراق بـوە دەولەت،کـورد پالپشـتی بـوو نـەک عـرب، کـورد ئەنـدام پەرلەمـان و وەزیـری هەبوو لە بەغداو ڕیفراندۆمیش کرا لـە ١٩٢٥ لۆ مافی چارەنوس، بـەڵام خیانەتـی ناوەخـۆ نەیهێشـت ئەنجامـی هەبـێ، سیاسـیەکانی هەولێـر لەگـەڵ بەغـدا بـوون، سیاسـیەکانی سـلێمانی لەگـەڵ ئەسـتنبول بـوون.

لـە ساری ٢٠١٦ بەغدا لـە کورد بـە فێرە و کوردیش لـە بەغدا بەفێـرە، لـە ٢٠٠٣ کـە صـدام رووخـا ،کـورد پاڵپشـتی ڕوخانـی صدامـی کرد نـەک عرب، ئیسـتاش سـەرۆک کۆماری عێراق کوردە، ئەنـدام پەرلەمـان و وەزیـری هەمـوو حزبـە کوردیـەکان لـە بەغـدان، بەتەمایـن ڕیفرانـدۆم بکەیـن لـۆ مافـی چارەنـوس، ئایـا خیانەتـی ناوەخـۆ ڕێـگا دەدات سـەرکەوێ، چونکـە سیاسـیەکانی هەولێـر لەگـەڵ ئەسـتنبولن و سیاسـیەکانی سـلێمانی لەگـەل بەغـدان عکسـی ١٩٢٥.

لـە سـاری ١٩١٦ کـورد لەسـەر نەخشـە نەبـوو، بـەڵام وەعـدی پێدرابـوو بکرێتـە شـت و بخرێتـە سـەر نەخشـە، زۆر شـەڕیان پێکـرد و بەکاریـان هێنـا، بـەڵام دواتـر مکافەئەکـەی ئەوەبـوو بەسـەر چـوار پارچـە دابەشـیان کـرد؟

لـە سـاری ٢٠١٦ کـورد لەسـەر نەخشـە نـی یـە، وەعـدی لابـەلاو شـەفوی و زارەکـی پێـدراوە بکرێتـە شـت، شـەڕی هەمـوو جیهـان دەکات دژی داعـش، ئەگـەر لـە باشـور کـورد یـەک نەبـێ لـە وانەیـە حکومەتـی کـوردی لـە باشـور بکرێتـە دوو پارچـە؟

لـە سـاری ١٩١٦ بـە دواوە، مەلیکیـان لـۆ کـوردی دانـا (شـێخ محمـودی حەفیـد)، بـەڵام دواتـر شـەڕیان پـێ فرۆشـت و بریـندار کـرا و ڕەوانـەی هینـدسـتان کـرا؟ دواتـر هاتـەوەو دوبـارە کەتـەوە شـاخ و داخ، لـۆ؟ گوایـە: هاوپەیمانـی تـورک بـو.

لـە سـاری ٢٠١٦ سـەرۆکی هەرێـم مـان هەیـە (کاک مسـعود

بارزانـی)، خـۆی دەڵـێ مـن پێشـمەرگەم، داعـش وەک دوژمنێکـی سـەر سـەختی کـورد بەنـاوی ئیسـلام کـە ئیسـلام لێـی بـێ بەریـە دەیـەوێ ئـەو تجربـە لەنـاو ببات، ئەگـەر (کاک مسـعود) هاوپەیمانـی تورکیـا ش بـێ، ئامانجـی پاکـە بـۆ پشـتی ناگـرن، مـن وەک رزگار کـەری دەبینـم قیـادەی ئـەو بەلەمـە دەکات هەموومانـی تێدایـن.

واللـە خوانـەکات ئـەو شـتێکی لـێ بـێ یـا ئـەو بەلەمـە شـتێکی لـێ بـێ، هەمـوومـان غـەرق دەبیـن، لەوانـەیـە زۆر ڕای جیـاوازم هەبـێ لەگـەڵ پارتـی، بـەس ئـەوە حەقیقەتـە دەبـێ بیزانیـن و مەسئولیەتی تاریخییە؟

تـا ئێسـتاش بـە یاسـایی سـەرۆکی هەرێمـە، ئـەوەی دەیـەوێ مناقەشـەی مـن بکات، مـن وەڵامـی دەدەمـەوە، دەڵێـم بـرۆن تعریفـی (موظف فعلي) بخوێننـەوە لـە قانونـی ئیـداری، ئـەوەی قانونـی اصـل بێـت دەزانـێ چیـم گۆتیـە، چونکـە تـا ئـەو دەقەیـە قانونیەکـی پارتـی ئـەو شـتەی نەدرکاندیـە، یـا نازانـن یـا ............؟

٢٠١٦-٢-٨

**مام قادرگۆتی:**

رۆژهـەلات ناسـان دەڵێـن ئەگـەر دەتـەوێ نەتەوەیـەک توشـی شکسـت و قەیـران کـەی، دایـک لەپـەروەردەی مـاڵ ومنـداڵ دور بێخـەوە بیکـە مـوەزەف و کریـکار تـا وای لـێ دێ شـەرم بـکا بلـێ مـن ژنـی مالـم.

ڕێـزی نێـوان مامۆسـتاو قوتابـی مەهێلـە، زانـاو پیـاو ماقولیـان بشـکێنە، دوریـان خەنـەوە لـە دەسـەلات، کەسـی نـەزان لەشـوێنی ئـەوان لەدەسـەلات دانێـن، سـەرچاوەی پـرو پاگەنـدەو درۆ زیـاد بکـە، ئەگەریەکـێ ٤ رکاعـات نوێـژ بکات وایلێبکـەن نەزانـێ چەنـدی کـردوە. ئـەوا ئـەو نەتـەوە بەخـۆی دەروخـێ بـێ داگیرکـردن.

٢٠١٦-٢-٩

**مام قادرگۆتی:**

لـه مەملەکەتێـک پاشـای ولات فیلێکـی هەبـو خەڵـک داد و بـێ دادیـان بـو لـە دە ست ئـەو فیلـە ی؟بەکەیفـی خـۆی بەنـاو بـازاڕو شـاری دەسـوڕاوە منداڵـی پـان دەکـردەوە وکـەل وپەلـی دوکاندارانـی دەخـوارد. خەلـک بڕیاریانـدا بچنـە لای پاشـا ی گلەیـی خۆیـان لـە فیلەکـەی بکـەن.

گۆتیـان دەلێیـن خـاوەن شـکۆ: فیلەکـەت مـال و منـدال و رزق وکاسـبی لـێ حـەرام کردویـن؟

کە خەڵکەکە چونـە لای پاشـا لەترسـان قسـەکانیان گۆڕی:گۆتیان فیلەکـەت ئـەی خاوەن شکۆ؟پاشـا بەتوڕەیی وتـی فیلەکەم چی!گۆتیان خـاوەن شـکۆ فیلەکـەت دڵـی مـاڵ و منداڵـی خـۆش کردویـن ورزق وکاسـبی بـۆ زۆر کردویـن. پاشـاش گۆتـی مـادام دڵتـان بـە و فیلـەی خۆشـە ئـەوا بڕیـارم دا چەنـد فیلێکـی ترتـان بـۆ بنێـرم. صـدام چـوو بیسـت صـدام دروسـت بـووە و عـدی و قصـی چـوون بیسـت عـدی و قصـی دروسـت بوونـە.

٢٠١٦-٢-١٤

**مام قادرگۆتی:**

ئیمامـی عمـر خوتبـەی دایـە ڕۆژی جومعـەی، سـلمان ی فارسـی خوتبەکـەی بەجـێ هێشـتیە؟ ئیمامـی عمـر پێـی گۆتیـە لـۆ دەرۆیـی سـلمان، سـلمان گۆتیتـی: گـێ ی لـە ئیمامێـک ناگـرم لـە نێـوان دوو خوتبـەدا دوو جلـی نـوێ لـە بـەر بکات، کەچـی خەلـک نانـی نـی یـە بخـوات .

ئیمامـی عمـر گۆتـی: ئـەی سـلمان لـە عبداللـەی کـوڕم بپرسـە؟ عبداللـە گۆتـی: ئـەو جلـە ئـی منـە؟ حـەزم کـرد ئـەو جومعەیـە بابـم لەبـەری کات.

٢٠١٦-٢-١٦

**مام قادر گۆتی:**

ماموستایەک پرسیاری لە قوتابیەکانی کرد؟ گۆتی لۆ ناپلیۆن کە دەچوە شەڕێ قایشی سۆری لە سە ر پانتۆری دەبەستا؟ قوتابیەک دەستی برند کرد ،گۆتی هە تا دوژمن لێی بترسێ؟ مامۆستا گۆتی ڕاست نی یە . قوتابیەکی دی دەستی برند کرد، گۆتی مامۆستا هەتا پانتۆری نەیەتە خوارێ؟ماموستا گۆتی ئافەرین کوت زانی؟ قوتابیەکە گۆتی: ماموستا لەورۆژانە عەبادی رەئیس وزەرای عیراقی چوە تورکیای لەحرس شەرەفی لەگەر ئەردۆگانی دابوو قایشی نەبەستابوو پانتۆری هاتە خوارێ؟

٢٠١٦-٢-١٧

**مام قادر گۆتی:**

دەرێن کاتی خۆی ساجیدەی ژنی صدام ی دەچیتە دوکانەکی جل وبەرگی، ئەقلی جلکەکی دەگری لە برندی هەرواسرایە، دەرێتە دوکانداری ئەو جلکەم دەوێ، کابرای دوکانداریش برەک خۆی برند دەکات بەداری لۆی لێ کاتەوە، فەقیرەی بایەکی لێ بەر دەبی وترەکی دەکا؟

ساجیدەش دەرێ ( هلا.... هلا..... های شنو) ئەوە چ بوو؟

کابرای دوکاندار دەرێ: مێردت دەوی گرتینە، هەر ئەتو مابوی قونمان بگری؟

٢٠١٦-٢-١٨

**مام قادرگۆتی:**

سالی ١٩٨٩ حزبی بەعس لەسەر دوکاندارو بازاڕی دەکرد رەسمی (صدام )ی لەپێش دوکانی دەن لەهەولیرێ، برادەرەکمان ناوی فتح الله بوو درەنگی زانیبوو، چەندی گەڕابو لەدوکانی جام چیان رەسمی صدام ی نە مابو وبەدەستی نەکەتبوو، فتح الله لەترسان چوبوە کۆرانی حاجی هاشمی تەیراوەی قەدیم

کـن عبـاس جامچـی هەولێری،گۆتبویـە عبـاس دوکانـداری جامچـی هەولێری، رەسـمی صـدام ی بەچەنـدی بـوو، کابـرا گۆتبوی١ دینـار، فتـح اللـە گۆتبـوی هـا ئـەوە نیـو دینـار رەسـمەکی (عـزت دووری) م بدێ؟ عباس جامچی هەولێری گۆتبوی بزانـە ئـەو بەلایـەی دەبـرۆ دەفـن بـە توشـمان دەکـەی؟

٢٠١٦-٢-٢٠

**مام قادرگۆتی:**

جەنابـی علـی قـازی کـوڕی پێشـەوا قـازی محمـد ی سـەرۆک کۆمـاری کوردسـتان لـە مهابـاد لـۆی گێرامەوە،گۆتـی ماڵمـان لـە مهابادێ بـوو دنیـا سـارد وسـڕ بـوو، کۆلکـە دارەکـی گـەورە لەبـەر دەرگای مالـێ بـوو دامـان نابـو لـۆ سـوتانێ، پیاوێـک هاتـە خزمـەت بابـم فەرمـوی جەنابـی قـازی ئـەو کۆلکـە دارەی بێننـە ژورێ ئەگـەر نـا لـێ و دەبـەن؟

بابـم لـە وەلامـدا فەرمـوی ؛ ئـەو دارە بەیـەک کەسـی نابـردرێ قـورس وگرانـە، زۆریـش زەحمەتـە کـورد بـەدوان رێککـەون بێـن بیبـەن.

٢٠١٦-٢-٢١

**مام قادرگۆتی:**

سیاسـیەکی گـەورەی خۆمـان لەهەولێـرێ لەگـەر سـەفیری بەریتانیـای پیاسـەی دەکـەن بەسـەیارەی، دەگەنـە فلکـەی شـێخ محمـودی حەفیدی سـەرەوەی جادەی پزیشـکان وشـارعی دختۆران.

جەنابـی سـەفیری بریتانیـا دەرێ ئـەوە پەیکـەری کـێ یە؟سیاسـیەکەی لەمـەر خۆمـان فکـر دەکاتـەوە بـرێ شـێخ محمـود، ئـەوە خەتـەرە ١٥ سـار دژی ئینگلیـزی شـەڕی کـردی یـە، لـەو وەزعـەی بـا ئینگلیـز لیمـان تـوڕە نەبـن، یەکسـەر دەرێ ئـەوە بابـی

صاحیبی ئەو مەتعەم سەفینەیە! ڕێزوحورمەتم لۆ شێخ محمودی حەفید زادە.

٢٠١٦-٢-٢٢

**مام قادرگۆتی:**

ڕۆژەک کوڕەک هاتە کنم کێشەکی هەبو ئەمنیش هاوکاریم کرد کێشەکەم لۆ حل کردو ڕویشت. ڕۆژی پاشتر هاتەوە کنم چاوەکی ڕەش وشین ببوو؟ ئەمنیش گۆتم خێرە دونێ هاتیە کنم عەیبت نەبو ئەوە چی یە؟ گۆتی ئەمن دونێ نەهاتیمە کنە توو؟ ئەوە محسنی برام بوە.

ئەمن ناوم تحسینە، گۆتی ئەدی محسن ی برام ئەمنی ڕەوان نەکرد ژنی لۆی بینمەوە وەکی زیزببوو! خەزوری تێری لێ دام وای زانی محسن م؟

هەتا ژنی محسن ی هات ئەمنی لەبەر دەستی دەرهینا گۆتی یە بابی ئە وە محسن نییە تحسینە نەوەک هەر دەیکوشتم؟

٢٠١٦-٣-٣

**مام قادرگۆتی:**

بەبیرم دێ تەمەنم نزیکەی ٦ ساڵ بوو ساڵی ١٩٦٩،لەگوندی بیستانەی دەژیاین ناوچەیەکی ئازاد بوو لەژێر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو، بیستانە هەر نزیکەی ١٥تا ٢٠ کیلۆمەترەک لە قوشتەپەی دوور بوو، مەقەری هێزی دەشتی هەولێر لەوێ بوو، باوکم پێشمەرگەی دەستەی هێز بوو لەگەل ڕەحمەتی (فارس باوە )کە ئامر هێز بوو، دووبرا گەورەکەم لە هەولێر مابوونەوە لەبەر ناخۆشی وەزعی پێشمەرگایەتی و ئەو دەشت دەرە و تۆپ و تەیارە و هێرشی دوژمن، ئەوان لەماڵی باپیرم دەژیان،کرێمستی و دۆندرمەیان دەفرۆشت، های

کریمەستی هـای کریمەسـتی، ئەگـەر باوەڕیـان بـە گەنجـان بوایـە بەدزی پێیان دەگۆتن بیکڕن قازانجەکەی لۆ پێشمەرگەو شۆرشـە؟ ئـەو قسـە کاک (کەریـم مەنتـک )لـۆی گێڕامـەوە دوو سـاڵ پیـش ئەوڕۆ دەی گۆت ئەمەش لیمان دەکڕین، چونکە زۆر جار پارەیان دەنـارد لۆبیسـتانەی، لەبیسـتانەی مەقـەری هێـز نانـی نیوڕانێـی چ بایـە( نیسـک و نـوکاو و سـاوارە سـۆر ،...)دابەشـی سـەر ماڵـە پێشـمەرگەی دەکرد چەند ماڵێک بووین، رۆژەک نانی نیوەرۆمـان خـوارد، بەبیرم دێ خەلکێکی زۆر تەسـەممی کرد و ڕشاوە و خـوا رەحمی کرد کەس ئەو کات نەمرد، تەنها یەک موزەمیدیش لەوێ بـوو پێیـان دەگۆت (دکتـۆر یوسـف باداوەیـی )دکتـۆری هێـز بـوو، دەنگۆی ئەوەی بڵاو بۆوە حکومەتی بەعس لـە رێگای جاسـوس وخائینەکی تکلیف کرابوو ئەو کارە ی ئەنجام بدات، ئاغایەک ئـەو جاسوسـەی ناردبـوو، چونکـە بەعـس نـە لـەزەوی و نەلەئاسـمان نەیدەتوانی زەفەر بەو هێزە ببات، لۆیە خائن خۆی خزاندبوە ناو هێزی پێشـمەرگە و ماوەیەک لـەوێ بـوو کردبویانـە چێشـتلێنەر لـە مەقـەری هێـز، ژەهـری لەخـواردن کردبـوو؟ مەبەسـتیش رەحمەتـی فـارس بـاوە بـوو، ئـەو رۆژەش بـە سـوتفە ۱ سـعات پێشـتر فـارس بـاوە و بابـم لەگـەل پێشـمەرگەکان دەرچوبـون، خەبـەر هاتبـوو کـە جەیش حەرکاتـی هەیـە لـە قوشـتەپە ئەوانیـش نانیـان نەخواردبـوو دەرچووبوون، لۆ کشـف و بەرنگاری هێزی بەعس، لـەو کارەسـاتە کۆمەڵـەک پێشـمەرگەو مـاڵ و منداڵ توشـی تەسـەمم بـوون، بـەس الحمدللـە سـەلامەت دەرچـوون، کابـرای خائنیـش ناسـراو دواتـر بەسـزای گـەل گەینـرا، هـەر بەدەسـتی ئـەو خزمـەی خـۆی کـە کفالەتـی کردبـوو لـۆ پێشـمەرگایەتی؟

دەڵێـن: حکومەتـی بەعـس ئـەو خائینـەی بەشـەهید حسـاب کردبـوو تـا ڕاپەرینـی۱۹۹۱، ئـەوە مشـکیلە نـی یـە!

کارەسـات لێـرە دەسـت پـێ دەکات ئەگـەر ڕاسـت بـێ: دوای

ڕاپەڕین کابرای خائن بە شەهید حساب کرا لە لیستی شەهیدانی حزبەکی کوردی، وە کوڕەکەی بەتزکیەی باوکی خائنی کەبە شەهید حسابکرابوو لە کلیەی هندسە وەرگیرا و بوە مهندس!

کەچی پێشمەرگەکی قارەمانی وەکی وەستا ونسی لەهێزی دەشتی هەولێر بوو، ئەو کات ژەهر خوارد کرا هەتا دوای تێکچونی شۆرشی ئەیلول ١٩٧٥بەو دەردە وەفاتی کرد، ناوی وەک شەهید نەنوسراوە هەتا ئێستاش .

برایەکانی منیش نەیانتانی بەردەوام بن لەخوێندن لەبەر دووری باب و داک و لەشوێننان خەوتن وکەسابەت لۆ شۆرشی، ئەو بارو دۆخە زۆر کاری لەمنیش کرد عومری خۆم لەسەر ئەو وەزعەی دانا ئەو کارەساتە ویژدانمی ئازار دا، پێوستە سەرکردایەتی کورد زۆر هۆشیار بن، مافی هاوولاتی پێویستە هەبێ، بەس یەکەک ئەگەر داسی شکا بی! کو دە بی ناوی لەدروونەی بی؟

٢٠١٦-٣-٥

**گۆتم مام قادر زانستی جەستە ( علم القیافة ) چییە:**

گۆتی دختۆر: زانستی جەستە زانستێکە دەخویندرێ پەیوەندی بە لەش و لار و جەستەی مرۆڤەوە هەیە، بەو زانستە لۆت دەر دەکەوێ ئەو مرۆڤە سیفاتی چی یە؟ لەکۆنەوە ئەو زانستە سەری هەڵداوە، دەگێرنەوە ئیمامی( شافعی) ڕەزای خوای لەسەر بێ مەراقی دەبێ ئەو زانستە فێر بێ، دەپرسی دەلێن لە وولاتی یەمەن ئەو زانستە هەیە، ئەویش لەبەغداوە بەڕێ دەکەوێ لۆیەمەن، ماوەی دوو ساڵ ئەو عیلمە دەخوێنێ، لەڕێگای گەڕانەوەی لۆ بەغدا یێ لە بیابان وسەحرای ئەنباری تەنها دەبێ و ئەسپێکی پێ دەبێ شەوی بەسەر دادێ، لەدورەوە تروسکایی ئاگرێک دەبینێ و رووی تێ دەکا تا دەگاتە بەر دەم

رەشماڵێکی کۆچەری، پیاوێک لێی دێتە پێش و بەخێر هاتنێکی گەرمی دەکا، ئەسپەکەی لێ وەردەگرێ و ئالیک و کاو جۆی دەداتێ و خواردنەکی باشیش دەداتە (ئیمامی شافعی)، جێگایەکی نەرم خۆشیشی لۆ رادێخی، ئیمام ئەو شەوە هیچ خەوی لێ ناکەوی، چونکە بەگوێرەی ئەو عیلمەی کە دوو ساڵە خیندبووی و خۆی لۆ هیلاک کردبوو وە بە پێی قیافەی کابرای ڕەشمال نشین، دەبوایە کابرا ئەو شتە باشانەی لەگەل ئیمام نەکردبایە و ڕای نەگرتبایە ونانی نەدابایێ، لۆیە ئیمام زۆر خەفەت دەخواو پەشیمان دەبیتەوە لەو ماندوو بونەی کە لەماوەی ئەو دوو ساڵەدا کردبووی لەسەر ئەو زانستە، بڕیاریش دەدات بەیانی هەموو کتابەکانیش کە کڕیبوی لەسەر ئەو زانستە لۆ کابرای بە جێ بێلێ و نەیان باتەوە بەغدا، بەیانی هەڵدەستێ و خۆی ئامادە دەکات لۆ ڕۆیشتن ،کابرا ئەسپەکەی لۆ دەینی دەی داتە دەست ئیمام، ئیمام سوپاسی میوانداریەکەی دەکات، کابرا دەڵێ سوپاسی ناوێ میوانداریەکەت ئەوندە پارە دەکاتن ....!

ئیمام زۆر دڵی خۆش دەبێ و پێ دەکەنێ! لە دڵی خۆی دەڵێ الحمدللە ماندوو بونەکەم بەخەسار نەچوو، پارەو حەقی کابرای دەداو کتابەکانی هەڵدەگری و سواری ئەسپەکەی دەبی و ڕێگای بەغدایێ دەگریتە بەر .

٢٠١٦-٣-١٩

**مام قادرگۆتی:**

دونی ئێواری تە لفونەکم لۆ کرا ،گۆتی ئەلو وەستا قادر چۆنی؟ گۆتم باشم سوپاست دەکەم دکتۆر موراد...، گۆتی وەستا قادر زوو بمان گەیێ بۆڕی متەبەخمان تەقیە ئاو نەی هێشتین؟

گۆتم باشە دکتۆر موراد......دەستەکی پێوە بگرە ئەوە هاتم، تەلەفۆنەکە داخرا. دوایی فکرم کردەوە ئەو قوڕ بەسەرە بەو

شـەوەی هەتاکەنگـی دەسـت بـە بـوڕی وەبگـری. تەلەفۆنـم لـۆی کردەوەگۆتـم دکتـۆر ئەتـو تەلەفۆنـت لـۆ کـێ کـرد یـە؟ گۆتـی لـۆ وەسـتا قـادری بوریچـی، گۆتـم دکتـۆر خـراپ تەنـگاو کرایـی، ئـە مـن مـام قـادری صبـوغ چیمـە. بەغـەرەت تەلفۆنـت کـردی یـە بـە قوربان،گۆتـی ببـورە زۆر مشـەوەش بویمـە کەتیمـە نـاو ئـاوێ.

٢٠١٦-٣-٢٧

**مام قادرگۆتی:**

دختـۆر ئـەو هەمـو بەشـەریەتە هەریـەک لەزەمەنـی خـۆی لەدایک بونـە، هەندەک لەزەمەنی باوکە ئادەمی، هەندەک لەزەمەنی حەزرەتـی نوحـی، هەنـدەک لەزەمەنـی حەزرەتـی داود و سـولیمان و یعقـوب ویوسـف وایـوب و موسـی و عیسـی و محمـدی سـەلات و سـەلامی خـوای گەورەیـان لەسـەر بـی. هەندەکیـش لەسـەردەمی دوایـی ئـەوان.

دڵنیام خوای گـەورە لـۆ تجربـەی ئەمـەی لـە باپیرە گەورەمانەوە کـە ئادەمـە نـاردە سـەر ئـەو زەوی یـە بەسـزای دور خسـتنەوە لەبەهەشـت، لـە زۆر شـت گەیشـتم ئـەی خالـق، لـەوە نەبی کـە کوردم وبێ دەولەتم! سـەرۆکی عێراقەکەشـم کوردەو جێگـری یاسـا دانان کـوردەو جێگـری سـەرۆکی حکومـەت کـوردە، لـەو زەمەنـە دەبـی خەتـا لەکـێ بێ! خـوای گـەورە بەهانـای ئەقلمـان وەرە.

٢٠١٦-٣-٣٠

**مام قادرگۆتی:**

عێراق ...عێراق
جێی پیلانی زلهێزەکان
باسی گەرمی
مافیاکان و سەرمێزەکان

ئەو نەخشەیەی کەتۆ هەتە
لێکدراوی بەپینەیە
شەراکەتم لەگەڵ تۆدا
کۆلەمەرگی ئەو ژینەیە
هەشتا سالان بەزمی سوننە
ئەوەشمان دیت
لەگەل شیعەش وەک موتعەیە
عێراق ...عێراق
هەر کەسێ دێ و کورسیت دەگرێ
دوای چەند ساڵێ
هەمان ئاوازمان لۆدەچڕێ
گەلێ سەیرە ئەو هەواڵە
عەرب – فارس- تورک لە بەغدا هەموو یەکن؟
ئەدی لێرە
هەر ماشاالله چەندە تەباو ڕێک و پێکن
دەرێی خۆشە جێ و ڕێتان
هەر هێندە بڕۆنە جێیان
گاسنەکی باوێنە بەر پێتان

٢٠١٦-٤-٢

**مام قادرگۆتی:**

ساری ٢٠٠٥ هاوینە گەرمایە سەعات ٣ ی پاش نیوڕانێ یە، مارم لەتەیراوە یە لەدەرکەی درا گرم گرم کارەبا نەبوو، هەستام و چوم دەرکەم کردەوە دیتم حەمەی کوڕی حاجی تەهای بوو، تۆزەک عەیاری تەواو نەبوو وفەقیرۆکە بوو،گۆتم فەرموو حەمە:

گۆتی مام قادر لەگەر برادەران دەچینە ئاقاری ساحەی

فەلەستینی ڕێـي عەنـكاوەی دەمانـەوێ هەنـدەک بەنـدی بڕێیـن، لـەوێ تەپلـی دەبەیـن و خۆمـان فێر دەکەیـن، ئەگـەر زەحمـەت نەبی هەنـدەک بەندمـان بدێ، وەکـی ئەوانـەی دایتـە سـمایل سـەردەشـتی!

فکـرم کـردەوە چ لـەو بەرایـەی بکـەم بـەو گەرمایـەی .ئەمنیـش یەکسـەر گۆتـم ئەمـن بەنـدم دانەنایـە لـۆ سـمایل سـەردەشـتی؟

گۆتی ئەدی؟

گۆتـم (کاکـە سـۆری مـام نورالدینـی) جیرانمـان بەنـدی دانایـە، لەترسـی بابـی بەنـدەکان دەداتـە من؟ئەمنیـش بەنـدەکان دەدەمـە سـمایل سەردەشـتی؟

ڕۆیـی چـاوم لـێ بـوو یەکسـەر چـووە مـاری کاکەسـوری، لەدرەکـەی دا گرم گرم هـەر ئیسـراحەتی نەدا پلێتـی دەرکـەی! مـام نورالدیـن هـەزار ڕەحمەتـی لـێ بـێ لەخـەوی پـاش نیورانـی هەسـتا بـوو دەرکـەی کـردوە گۆتـی فەرمـوو؟ گێـم لێ بـوو حەمـە گۆتـی بەنـدم دەوێ بەنـد؟

مـام نورالدین بەرحمـەت بی گۆتی بەنت لـۆ چی یە، وای زانـی بەنـی دەوێ! چونکـە مـام نورالدیـن حـلاف بـوو وای زانـی لـۆ بەنـی گوشـی هاتیە و فەردەی دەدوریتـەوە.

حەمـە گۆتـی لەگـەر بـرادەران خۆمـان فێـرە گۆرانـی و بەنـد دەکەیـن لەئاقـاری سـاحەی فەلەسـتینی، ئەگـەر کاکەسـۆر هەنـدەک بەندمـان بداتـێ وەکـی ئـەوەی دایتیـە سـمایل سەردەشـتی؟

گێـم لـێ بـوو مـام نورالدینـی ڕەحمەتـی گازی کاکـە سـۆری کرد،کاکەسـۆریش تێگەیـی مەسـەلە چـی یـە؟ گۆتـی یـە حەمـەی بـرۆ سـبیانێ دەدە مەمـام قـادری؟

کاکەسـۆر دەیگـۆ ئـە مـن ١ مانـگ لـە مـارێ نەدەویـرام تەپلـی بـە مێزیـش لـی دەم لەترسـی بابـم، هـەر وای دەزانـی بەنـد بێـژم و بەنـدی دەفرۆشـم.

٦-٤-٢٠١٦

**مام قادرگۆتی:**

دختۆر:كورد چویتە بەغدایێ فاتیحەی خۆی دەست پێ دەكا ،یا فاتیحەی كۆتایی لۆ ژیانی بەغدای لێ دەدا؟

گۆتم برێم چ مام قادر ئەتو دەزانی. گۆتی دختۆر ئەو نوكتەم بەبیر هاتەوە:

كابرایەك عەیاری تەواو نەبوو، چوبوە تازیەكی لەمزگەفتەكی، فاتیحەكی چاكی لێ دابوو، ساحیب تازیەش بەخێرهاتنەكی باشیان كردبوو ڕێزیان گرتبوو، كابرا گۆتبوی یارەبی خوا عەفوی كا، ئەدی رەحمەتی دیار نی یە لەكێ یە؟

٢٠١٦-٤-٩

**مام قادر گۆتی:**

مندارەك لەگەر داك وبابی تەماشای مسەلسەلەی حریم السلطانی دەكاتن، كە مسەلسەكە تەواو دەبی دەرێتە داكی: دایە ئەمنیش حەفت جاریەم(ژن) دەوێ وەكی سولتانی!

یەكیان نانم لۆ حازر بكات، یەكیان جلكم لۆ بشوا، یەكیان مالم لۆ خاوین كاتەوە، یەكیان گۆرانیم لۆبرێ، یەكیان سەرم بشوا، یەكیان شەوان حیكایەتم لۆ برێ، یەكیان بمشیلی ومەساجم لۆ بكاتن.

داكی گۆتی:

ئەدی یەكت ناوێ لەتەنیشتت بنوی شەوان؟

مندارەكەگۆتی یە داكی: نا ئەتو دەبی لەكن من بنوی ئەتوم خۆش دەوێ!

داكی چاوی پر ئاو بو گۆتی ئەدی جاریەكانت لە كێ بنون؟

گۆتی یە داكی با لەكن بابم بنون، داكی چاوی زەق بۆوە! بابیشی لەخۆشیان چاوی پر ئاوبو، گۆتی یارەبی خوا بتپارێزێ كوڕی گەورەم سولتانی هەر لەتو دێ.

٢٠١٦-٤-١٢

**مام قادر گۆتی:**

مەلا صباح وتار بێژومەلایە لەمزگەفتی گوندەکی ئەو دەورو بەرەی هەولێرەی، دیارە خوتبە و وتاری هەینی دور و درێژبووە، خوتبەش لە وەرەقەی دەنوسیتەوەو بەتەفصیل باسی مەوزوعان دەکا.

رۆژی جومعەیە مەلا صباح پاشی بانگی بەسەر مینبەری دەکەوی خوتبەی بدا، ئەو هەمو گیرفانەکانی دەگەرێ وەرەقە نی یە، مشەوەش دەبی ناچار بەدوو سێ ئایەت و حدیثان خوتبەی تەواو دەکا.بەس تێدەگا ودەزانی مەسەلە چی یە،گەنجانی گوندی پێشتر لەناو بەرکی کەوێ وسەڵتەی کاتی ئەو دەسنوێژی دەشوا لەژۆری ئیمامی وەرەقەکەی لێ دەدزن؟

مەلا صباح هیچ قسان ناکا هەتا هەفتەی پاشاتر، رۆژی جومعەی پاشتر گەنجەکان دیسان هەمان کاری دووبارە دەکەنەوە و وەرەقەکەی لێدەدزن، وەختی خوتبەی دێ مەلا صباح بەسەر مینبەری دەکەوی ودادنیشی لەسەرەخۆ لەبەرکەکەی دی وەرەقەکەی دەردەینی وتەماشای گەنجەکان دەکاو بەدەست و بەدەو حەرەکەکی دەکاتن جرتەکیشیان لێ بەردەدا؟ بە مباشر و لایڤ لەمیکریفۆنی هەمو گوند گێی لێ دەبی. تومەز مەلا صباح وەرەقەکەی کردیتە دوو نوسخە لە هەردو بەرکی دانایە؟یەک دزرایەو بردرایە و نسخەی دووەم لە بەرکی دی مایە.

٢٠١٦-٤-١٤

**مام قادر گۆتی:**

برادەرەک گۆتی سارانی ٦٠ کان مارمان لە گوندەکی بوو لەدەوروبەری ئەو هەولێرەی، مزگەفت و مەلایەکی باشمان هەبوو، لۆ ئەو کاتی هیچ عەیبی نەبوو، ئەگەر کێشەک یا سوند خواردنەک هەبا خەرک دەچونە مزگەفتێ، بەئامادەبونی ڕدێن

سپیەکی و یەک دوو شاهیدی دەستیان بە قورئانی پیرۆز دادەدا لە پێش مامۆستای سوندی بەرائەتیان دەخوارد، مزگەفت لە خشتی قورِ دروستکرابوو دەرکەشی نەبوو حەوشەی وارابوو، خەرکی گوندیش بە ئیش وکار خەریکبوون بەرۆژ لە شینای و دەشت دەری، بەشەویش دەهاتنەوە لۆ نوستنێ.

دیارە مزگەفت تەنها قورئانیکی لێ بوە ئەو کات، ئەویش چاپی قدیم بوە، چاپی قەدیمیش کاغەزی شێوەی وەک ئێستا سپی نەبوە، پەرەکانی وەکی کای زەرد بوە، لۆ رۆژەک چێری زەردی مالی فەقێ سمایلی نا چیتە ناومزگەفتێ و کۆنە قورئانی ناخوا، هەتا مەلا دەگاتێ چێر هیچی نەهیشتبوو هەمووی قوتدابوو، ئەو بردادەرە دەرێ قورئان نەما لە مزگەفتێ هەر ئەونوسخە هەبوو ئەوەش چێر خواردی، ئەو وەختی وەکی ئەو سەردەمەش نەبوە چاپخانە زۆر بی و نسخەی قورئان یش بەهەزاران بێ، خەلکی گوندیش نوسخەی ئەو قورئانەیان بە موقدەس دەزانی، لەبەر هەندێ چێرەکەی قورئانی قوتدابوو زۆر رێزی هەبوو و فەقێ سمایل مەنع کرابوو سەری ببرِی و بیکوژیتەوە، ماوەک ئەو گوندە بێ قورئان بوو، ئەگەر کێشە و گرفتەک هەبایە دەبایە چێرێ فەقێ سمایلی ببینەوە و رووی تێ بکەن ئەو جا چێر لەئاقاری با یا لەگوندی، دەست بەزگی دادەن و سوندی بەقورئانی ناو زگی چێرێ بخۆن، وەکی هیندی گا پەرستمان لێ هاتبوو، سوندەکەش ئەوها بوو: بەوقورئانەی لەناو زگی ئەو چێرەی دایە ئەمن راست دەرێم، ئەوجا دەیانگۆ ئەو ئیشەم نەکردی یە. وای لەو بەرائەتەی بەدەستدان لەزگی چێرێ نەبا بە لەمس قەناعەتیان بەسوندی تر نەدەهات.

لۆ فەقێ سمایل چێری نەفرۆشتە موسراویان و کرِیان و بردیانە شاری موسرێ؟

ئەو جارە سوند گۆرِا لەگوندی، خەرکی گوندی دەیان گۆت:

بـەو قورئانـەی لەنـاو زگـی چێـرێ زەردی مـاری فەقـێ سـمایلی دایە کە فرۆشـرایتە موسـراوییان ئەمـن راسـت دەرێم و ئـەو کارەم نەکردی یـە .ئـەو برادەرە دەرێ ئێسـتاش خـەرکـەک هەیـە قەناعەتـی بـە هەمـان سـوندی هەیـە لـە خـەرکـی گونـدی. ئەگـەر چـی مزگەفتـە نوێیەکەمـان زیاتـر لـە سـەد نوسـخەی قورئانـی پیـرۆزی تێدایـە.

٢٠١٦-٤-١٥

**مام قادر گۆتی:**

تـە لفۆنـم لـۆ مامەنـدی کـرد: ئەلـو کاک مامنـد چۆنـی؟ گۆتـی: باشـم مـام قـادر.

گۆتم:کاک مامند دەنگو باسـتان چی یە؟گۆتی: زۆر باشـین مام قـادر هیـچ خەمـی مـەت نەبـێ. وا لـە دەوامیـن هەمومـان، ئەگـەر ئـەورۆ پێـت ناکـرێ بێـی ئەمـە وا لێرەیـن.

لەڕاسـتیدا ئەمـن لـەدەوام بـووم، ئـەو لـەدەوام نـەبـوو، ئـەو رۆژی سـارانی ٢٠٠٤ بـو ئەمـن مدیریـان بـووم .

مامنـدو ئەمیـر وخالـد لەریـێ بـوون لەنـاو سـەیارەی، ئەمنیـش لەبـن هەیوانـی پیاسـەم دەکـرد، لادەی ئەمیـری بـەدەر کـەت، مامنـد چـاوی بەمـن کـەت لەشـەرمان سـیارەی هـەر لەپێـش دەرکـەی بـە ئەمیـری راگـرت و هـەرات لـۆ ئاقـاری لـە بـەر درۆیەکـەی. مامنـد لەحەیاتـی درۆم لـێ نەدیتبو نازانـم ئـەورۆژی ئـەو درۆیـەی لـۆ کـرد.

٢٠١٦-٤-١٧

**مام قادر گۆتی:**

پـاش نسـکۆی شـۆرشـی ئەیلـول سـاڵی ١٩٧٦ بابـم بەرحمـەت بـی لـە گـەل مـردوی هەمـوو لایـەک لـە دوکانـی مامـە و معصـوم خەیاتـی کۆیـی دادەنیشـی، هـەزار رەحمـەت لـە گیانـی پاکـی ئـەو دوو پیـاوە باشـە بێـت، دوکانەکەیـان لەبـن قەراتـی هەولێـرێ بـوو

جێگای کۆڕو کوردایەتی و دەنگ باس و سوحبەت کردن بوو، بێ جیاوازی بیرو ڕا لەو سەردەمە، چەند برادەرێکی دیشیان لەوێ دەبن باس دێتە سەر جاشایەتی و چەک وەرگرتن لە حکومەتی بەعسی، تازە حکومەتی بەعس محاولەی دەکرد سەرۆک عەشیرەتەکان چەکدار بکات دژی شۆرشی گولان و شۆرشی نوێ و بزووتنەوەی سۆسیالیست، دوو کەس لەوێ باسی سەرۆک عەشیرەتی خۆیان دەکەن گوایە چەکی وەرنەگرتی یە و چەکدار نییە و قبولی جاشایەتی ناکا؟

بابیشم دەرێ واللە ئەو پیاوە پێش سەرۆک عەشیرەتەکانی دی چەکی وەرگرتی یە؟ برادەرەکانیش دەرێن شتی وا نی یە سەرۆک عەشیرەتی مە ئەو ئیشەی ناکا.

سوتفە ئەوان لەو قسانە دەبن سەرۆک عەشیرەتەکە دێتە ناو دوکانی مامەی خەیات و سەلامی دەکاتن، دەرێتە مامەی خەیات ئەو قوماشەم وەرگرتی یە لۆم بدورە وبکە قاتەکی کوردی موورادخانی، مامەی خەیاتیش قیاسی دەکاو موعیدەکی دەداتێ، برادەرکانی بابم چاو لەبابم هەردەتەکێنن بەمانای پێی برێین؟

کابرای ئاغاو سەرۆک عەشیرەتی وان خوا حافیزی دەکا و دەڕوا. مامەو معصوم خەیات و برادەرەکانیش لە بابم بەردەبن و ئەستۆ پاکی سەرۆکەکەیان دەردەبرن دەرێن لۆ قسەت نەکرد.

ئەوان لەو قسانە دەبن دوو دەقەی پێ دەچێ کابرای سەرۆک عەشیرەتی وان دەگەڕێتەوە دوکانی مامەی خەیات هێشتا ئەوان قسەی بەبابم دەڕین.

کابرای سەرۆک عەشیرەت (دەمانچەکەی لەبەر پشتی دەردینی و لەسەر مێزەکەی بەر دەوی مامەی خەیاتی دادەنێ ودەرێتە مامەی خەیات لەبیرم چوو بەرکەکی لۆ ئەو دەمانچەش بکە لەرووی ژۆرێ با دیار نەبی، خوا حافیزی دەکا و دەروا.

مامەی خەیات و معصوم ی رەحمەتی لە پێکەنینان غاردەدەنە دەرێ و دوو برادەرەکەی تر تەماشای بابم دەکەن بەسەر سورمانەوە لارو پت دەبن! بابیشم دەرێتە دوو برادەرەکەی ها گەوادینە لۆ قسەکی ناکەن. هەزار رەحمەت لەگیانی پاکی ئەو پیاوە باشانە کە بە سوحبەت و دلپاکی لەگەل یەکتر دەژیان، خوای گەورە توشی خیانەتمان نەکاتن لەگەل ئەو نیشتیمانە.
١٨-٤-٢٠١٦

**مام قادر گۆتی:**

لەقۆناغی دووی کۆلیژی ماف بوم ساری ٢٠٠٠–٢٠٠١، دە رسی قانونی ئیداریمان هەبوو، ئەو کات ئە من و (کاک رشاد و کاک شێروان )لەتەنیشتیەک دادەنیشتین لە ڕیزی دووەم لە هۆلی گەورەی کۆلیژی یاسا و رامیاری ئێواران، کاک رشاد و کاکە شێروان(کە ئێستا دکتۆرە لە هەمان کۆلێژ) نازانم بە چ پێکەنین، هەر چەندە لەناو پۆل زۆر ملتزم بوین هەموومان، ئە منیش پێکەنینم هات، تازە هات دەرچوو وەکی ڤایرۆسی شتەکم بەبیر هاتەوە!

گۆتیان ئەوە بە چ پێدەکەنی: ئەمن بەیانیان وەک یاریدەدەری پزیشکی لە بنکەی تەندروستی جەژنیکان دەوامم دەکرد، بەر پرسی بنکە بووم، ئەو رۆژی ١٠ نەخۆشم بەڕێ کرد، نەخۆش نەما، لەناکاو گێم لەدەنگی کار(فەرخە بزنە) کی بوو، هەر هەندەم زانی (مام عبدالرحمن )کە پیاوەکی هەژار و ئاوارەو ئەنفالی بادینان بوو، کاریلەیەکی بەباوەش گرتبوو لێم هاتە ژۆرێ؟ گۆتی: ئەو کارە نەخۆشە و ئیسهالە ئەگەر عیلاجەکی لێ بکەی؟ بەراستی ئە منیش حەپەسام نەمزانی چ برێم! هەر ئەوەندەم گۆت: مام عبدالرحمن ئەمن علاجی حیوانات نازانم. لەو لای را (پلکە کەتان )خۆی تێ هەرقورتاند وهاتە دەنگ، گۆتی

هەندەک سماقاوی بگرەوە و بیدێ دوو سێ جار عەیبی نامینێ، ئەوە ئیشی دختۆری مە نی یە.

٢٠١٦-٤-٢١

**مام قادر گۆتی:**

برادەرەک گۆتی سارانی ٩٠ کان لە چایخانەی دانیشتبووم لەفلکەی عەنکاوەی، رۆژەک گەنجەکی بەڕدێن هاتە کنم گۆتی کاک ... ئەمن تەکیەم هەیە و زۆر کەس گەڕایتەوەو ئەتوش وەکی زانیتم مشروب خۆر بوی بەس زەرەرت لۆ خۆت هەبوە خوای گەورەش بەڵکو رەحمت پێ دەکا، لۆ نایەیی لەسەر دەستی من تۆبەی بکەی؟ تەکیەکەشم هەر لەسەر ئەو چایخانەیە لەو شوققەی سەرەوە.

ئەو برادەرە گۆتی ئەمنیش حەزم دەکرد بزانم زکر و تەکیە چی یە و تۆبە چی یە؟

شەوی پێنجشەم لەسەر جومعەهات لەگەل دوو برادەری دی ئەوانیش وەکی من بون گۆتیان ئەتو ببیە چ ئەمەش ئەوین (دەربی گەعدەی بون )، چوینە تەکیەی شێخەکەی باش دیقەتم دایێ دەوری ١٠ تا ١٥ کەس بەمەڕا لەوێ بوون، بدایەت شەمعەی گلۆپ هات هەر تۆبە کارەک بەلێوی قیچەکی خوارد قرچ قرچ، پاشان زەرگ هات یەکەک لەدەوی ڕا لە رومەتی ڕاکرد، دوایی شیر هات شێخ بەخۆی شیرەکەی گرت و دوو سێ جار لە زگی خۆی ڕاکرد بەعەستەم .

ئەو رۆژی خوا حافیسیمان کرد، شێخ گۆتی هەفتەی دابێ وەرنەوە گۆتم باشە .

شەوی پێنجشەم لەسەر جومعە دیسان لەگەل برادەران چوینەوە، تەکیە فول بوو قەرەبارغ اللە اللە یەک ئەمەش حارمان گرت وەکی فڕفڕۆکی دەسوڕاینەوە؟

لەناکاو گلۆپی شەمعە هات ئەمنیش پرم دا شەمعەی لەسەرەکەی ڕا خواردم، لۆ نەتەقی چاو چاوی نەدەدیت لەغرفەی، دەبایە ئەمن تەنیشتاو تەنیشت بیخۆم نەک لەسەرەکەی ڕا لەکن قولابی؟

برەکی دی پیچوو زەرگ هات؟ پرم دا زەرگی نەم هێشت کەس تەداخول بکا لە دەوی ڕا لە ڕومەتم ڕاکرد؟

ڕوومەتم ٢٠ سم چوەبوە دەرێ هەر کون نەدەبوو لەناکاو کون بوو؟ برەک اللە اللە م کرد دەسوڕامەوە وەکی فرفرۆکی زەرگیش لە دەوم بوو؟

ئەو جارە شیر هات یەکسەر پرم دا شیرەکەش نەمهێشت شێخ بەکاری بینی هەر بەخۆم، هەموو زەندەقیان چوو بوو، ئەمن تەواو گرتبوم چووم دەرکەم کلیل دا کلیلەکەشم لەناو بەرکی خۆم نا لە ناویان دەسوڕامەوە؟

ئەوەل جار لۆ شێخی چووم لە ترسان خۆی لەگەر دیواری کردبوە یەک لەتەنیشت پەنجەرەی ڕاوەستا بوو، پەنجەرەش ئەو کاتی نایلۆنی پێوە بوو لە جیاتی جامی نەبوونی بوو .

شێخ گۆتی نەکەی کوڕە نەکەی ئەوە ئیشی توو نی یە؟ ئەتو تازە تۆبەت کردی یە بدە من شیرەکەی، ئەمنیش نەم دایێ وهاوارم کرد (حی اللە حی اللە ئەوەی لەزگی شێخی ڕادەکەم ناشمری ان شااللە).گۆتم یاشێخ ئەمن چ بکەم بە جدی دەیکەم .

سوڕامەوە دیسا ن لەناو غرفەی لۆ شاهینی چوم کوڕەکی هەولێری بوو؟ پێشتر شێخ بەمنی ناساندبوو هاتبوو تۆبەی کردبوو، شیرم لێی برند کرد!

گۆتی: بەقوربانت بم مندارم وردە ..تۆبە .. ئەمن جارکی دی تۆبەی ناکەم و نایمە ئێرە؟

دەرکەش پێوە درایە دیتم شێخ نەمایە، تەماشام کرد بە پشتدێنی خۆی لەپەنجەرەی شۆڕ کردیتەوە کۆرانێ و هەراتیە؟

ئەمنیش دەرکەم کردەوە ولەبەر دەرکەی ڕاوەستام شیریش

لەدەسـت،کەس نەدەوێـرا بێتـە پێـش نـەوەک هەمـوو هەردەهاتـن، لەنـاکاو ئەمـن کەتـم و بەربومـەوە؟

کاکە بـرا نەبوە بـرا ی کـەس ئـەو١٥ کەسـە پێکـەوە لەقاندرمـەی بەخششـۆکەی دەچونـە خـوارێ، ئەمنیـش هاتمـە خـوارێ شـیریش لەدەسـت ،دیتم دنیا هەسـتایە و شـورتە هاتیـە و شـێخ خەبـەری لێ دابووم، تەکیـەش تیک چـوو پاشـان.

لەگـەل رێـزم لـۆ ئـەو بـردارەرەو خـاوەن تەکیانـەی بەڕاسـتی خـوا ناسـن، ئەوانـەی بەڕاسـتی کار لـۆ گەیاندنـی پەیامـی پیـرۆزی ئیسـلام و پـەروەردگار دەکـەن.

٢٠١٦-٤-٢٣

**مام قادرگۆتی:**

(ئەگـەر فکرەیەکـت هەبـوو خێـری گشـتی تێدابـوو، هـەزار بەربەسـت بێتەڕێـت گـەر کۆلنـەدەی بەئامانـج دەگـەی)

ئـەورۆ بەسـوتفە بەبـەر دەرکـەی ئـەو قوتابخانـەدا چـووم، قوتابخانـەی سـەرهەنگی سـەرەتایی، سـەرەتای سـارانی ٢٠٠٠ بـوو مندارانـی گەرەکەکەمـان لەگەرەکـی تەیـراوەی هەولێـرێ قوتابخانـەی سـەرەتاییان نەبـوو، لـە فلکـەی گازینـۆ عنتـری ڕا لـۆ فلکـەی گەراجـی بەحرکـەی بەرامبـەر قوتابخانـەی زانینـی، لـەوێ ڕا لـۆ فلکـەی ئەوقافـی سـەر شێسـت مەتری کـە ئێسـتا تێک درایـە کرایتـە ئوتیلیـک، لـەوێ ڕا لـۆ فلکـەی فرنسـوا میترانـی شێسـت مـە تـری بـن پـردی ڕێـگای عەنـکاوەی، منـدارەکان هەندەکیـان بـە مندارەکانـی خۆشـمەوە دەپەڕینـەوە لـە جـادەی شەسـتی لـۆ قوتابخانـەی برایـی و ئەردەلانـی رێـگای عەنـکاوەی تەنیشـت بنکـەی تەندروسـتی تۆمـاری لەدایـک بـوون و مـردووان، هەنـدەک دەپەڕینـەوە لـۆ قوتابخانـەی شـەهید بەهرامـی تەنیشـت وەزارەتـی پلاندانانـی، هەنـدەک دەپەڕینـەوە لـۆ قوتابخانـەی تەیـراوەی لـە

نێزیک جادەی پزیشکان، و هەندەک دەپەرینەوە لۆ قوتابخانەی زانین وسامان نێزیک گەراجی بەحرکەی.

چەند مندارەک لەو پەرینەوانەدا سیارە لێی دابوو، هەندەک وەفاتیان کردبوو و هەندەک لاق شکاو وو سەقەت ببون، بیرۆکەیەکم لۆ هات ئەو پارچە زەوی یە بکەمە قوتابخانە، بەس چۆن بیکەم لە کێ را دەست پێ کەم، چۆن دەنگی ئەو خەرکە بگەیەنم، سەرەتای گشت کاریک (بیر +پلان +جێ بەجێ کردنە)، ڕەزامەندی خەرکی گەرەکم وەرگرت بە توقیع و خۆشم وەک پاریزەر وداکۆکی کەر بە تبرع بردمە لای پارێزگاری هەولێری ئەو کات رەحمەتی (ئەکرەم مەنتک )، پاش ماوەیەک دەنگی نەما، نەمدەزانی دار کرمی لە خۆیەتی، بینەو ببە کتابان لەتاپۆی و مساحەی زەوی وەربگرە ١٩٩٩ مەتر بوو، چەند برادەرەکی قشت لە پەروەردەی هەولێر دەیانگۆت دەبی ٢٠٠٠ مەتر کەمتر نەبێ ئەوە یەک مەتری کەمترە نابێ!

لەلایەکی دیش دیعایەیان دەکرد دەیانگۆت مام قادر ئەو زەوی یە لۆ خۆیان وەردەگرن و تەقسیمی دەکەن! لەلایەکی دی دەیانگۆت ئەوە پێویست ناکا بکرێتە قوتابخانە! قوتابخانەی دی هەیە لەبەرامبەریان. نەمدەزانی چ بکەم! ئەو پەیامەم دەگەیاندە هەر دەسەلات دارەکی ئەو کاتی رەفزەکی قیتیان دەدامێ، هۆکارەکەشی خراپ لێک تێگەیشتن بوو لۆ ئەو پرۆژەیە!

لەلایەکی تر گرفتەکی قانونی هەبوو، زەوی عائدی شارەوانی بوو دەبایە جنسی زەوی بگۆری و ڕەزامەندی وەزارەتی شارەوانی وەربگری، پارچە زەوی یەکە بخرێتە سەر وەزارەتی پەروەردە، ئەوەش ڕەزامەندی هەردوو وەزیرانی ئەوکاتی دەویست، وەزیری شارەوانی (عبدالمهیمن بارزانی بوو) وە وەزیری پەروەردە (عبدالعزیز تەیب) بوو ئەوەش بە فیرعەونی نەدەکرا هەندە سەخت بوو. ئەوجا ئەوانەش رازی بان

ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیرانی دەویست ئەو کات سەرۆکی ئەنجوومەن کاک(نێچیروان بارزانی) بوو، ئەوە نەک فیرعەون بابی فیرعەونیش نەیدەگەیشتێ!

بەکورتی گەیشتمە ساڵی ٢٠٠٣ و هاتنی ئەمریکا لۆ عێراق کۆلم نەدەدا لەگەر کۆمەڕەک برادەری مەنتیقەی وەک ڕۆستم حسن و عبدالوهاب رزاق و سلام بازە ی، بەڕاگەیاندن و بە واستەو بە پیاوی باش و هەرچیت دەوێ کردم، دەنگم نەدەگەیشتە سەرۆکی حکومەت، وەزیری پەروەردەی ئەو کاتیش ئەمەی نەدەدیت.

ڕۆژەک ئێوارە بوو دەهاتمەوە ماڵێ سیارەی کڕونام پێ بوو رامیاری کوریشم لەگەر بوو،گەیشتمە سەری کۆرانی لای چایخانەی مام قاسمی ڕێگای عەنکاوهی، دیتم ٤ سەیارەی ئەمریکی ڕاوەستاینە و یەک لەناویان دیار بوو قائد بوو، یەکسەر بەفرسەتم زانی پارچە کاغەزەکم لەناو سەیارەی نوسی بە ئینگلیزی شرو شەپرێو بەس مەبەستی پێکا، دامە رامیاری کوڕم گۆتم برۆ بدە ئەو پیاوەی، منداریش خوا خوای بو ئەو کات لەگەڵ ئەمریکیان قسەی بکا، رامیار وەکی مەردان چوو کاغەزەکەی دایێ، ئەمنیش سەبر سەبر چوومە پیش، بەشڕە ئینگلیزی گۆتم:

(At this stage we do not have a school for the children we want to

help us to deliver our voice to the Prime Minister).

(گۆتم: لەو گەرەکە قوتابخانەمان نی یە لۆ منداران دەمانەوێ دەنگمان بگەینێ بەسەرۆکی حکومەت)

کاکە بەگەرم کەت گۆتی کا ساحەکە ئەمنیش بە پێشی کەتم، بووە هەرایەک سەد کەس چەپرەی لێ دەدا لۆ قائدی ئەمریکی، ساحەکەم نیشانی دا گۆتی تێگەیشتم ،بەس ئەو لەهەراو فیتە

فیتـی منـداران و قەرەباڵغـی سـەری سـوڕمابوو ،گۆتـی تەلفۆنـت بـدە مـن ئەمنیـش نورمـاڵ م هەبـوو لەمـاریٚ ژمارەکـەم لـۆ نوسـی؟ گۆتـی ئەمـن عقیـدی مهندسـم نـاوم (فردریـک اینشـان). پەنجـەی گـەورەی برنـد کـرد بەمعنـای گەیشـت......

پـاش یـەک هەفتـەی تەلەفـۆن لـە مکتـب ی (کاک نێچیـروان ) لـۆ مـاریٚ کرابـوو، هاتمـەوە مـاریٚ تەلفۆنـم لـۆ ژمارەکهـی کـرد، گۆتـی مـن مهنـدس ..... (کاک نێچیـروان )ڕێـزی هەیـە ئـاگای لـەو مەسـەلەیە نەبـووە، وەزیـری تـەڕ کـردی یـە، موافقـەی قوتابخانەکـە دەرچـوو لۆتـان، بـرۆ لـە پـەروەردەی هەولێـر بـەو ژمـارە نوسـراوە متابعـەی بکە؟بـەس یـەک پرسـیاری کـرد گۆتـی کاک نێچیـروان پرسـیاری (ماندوبونـی تـۆی کـردی یـە) وەک محامـی چەنـدە اتعـاب و مانـدی بونـت؟

گۆتـم قوربـان سـڵاومان بگەیەنـە، ئەمـن اتعـاب و پـارەم لەکـەس نـاویٚ بـەس دەمـەویٚ مندارانـی ئـەو گەرەکـە رزگاریـان بـیٚ بـە منداڵـی خۆمـەوە، رۆژی پاشـتر چوومـە پـەروەردەی هەولێـر، ئەمنیـان حەوالـەی لای دڕندەکـەی کـرد لـە بەشـی ئەنـدازە ئـەوەی عەرقەلـەی لـۆم دروسـت دەکرد، چـاوی بەمـن کـەت چـاوی چوبـوە پشـتی سـەری، دەیمـوڕاند و چارەشـی نەبـوو گەیشـتبوە تـۆپ، گۆتـی لەبەرنامـەی دا دەنێـم سـارەکی دی یـا دوو سـاری دی، ئەمنیـش گۆتـم قوربـان یـەک دەقە،گۆتـی چ دەکـەی گۆتـم تەلفۆنەکـی لـۆ مەکتەبـی سـەرۆکی حکومەتـی دەکـەم؟

مهەندسـەک لەتەنیشـتی بـوو گۆتـی کاک .... دونیٚ و ئـەورۆ تـەڕ نەبـووی هێشـتا پێـت دەویٚ، ئەمـن لـەورۆ ڕا هەقـم نـی یـە لـیٚ دەچمـە دەریٚ، واللـە بـرا سـوپاس لـۆ خـوای گـەورە پـاش ١ مانـگ قوتابخانـە دەسـتی پێکـرد و بەرهەمـی ماندوبونەکـەم گەیشـت، سـاڵی ٢٠٠٦ تـەواو بـوو و ناویشـمان کـردە قوتابخانـەی سـەرهەنگ، بەنـاوی شـەهید سـەرهەنگی بـرام، هـەر چەنـد ئەمـن ماڵـم لـەو گەرەکـەی

نەما منداڵی من لەوێ نەیانخویند بەڵام کردمە قوتابخانەکی نموونەیی، باوەڕ بکەن مەبەستم خۆ هەلکێشان نی یە بەڵام هەردەم دەبی وەک هاووڵاتی ووشیار بین لە داواکاری گشتی و پێداویستی ژیانمان، ئەگەر نا بەرپرسین بەرامبەر خوداو مێژوو ئەگەر هەوڵنەدەین لۆ نەوەی دوا ڕۆژ، سڵاو لە منداره ئازیزەکان و سڵاو لە شەهیدان و سڵاوله پیاوی دلسۆز و بەئەمەک کە ماندوو بوون لەگەرم، سڵاو بۆ کاربەدستانی راستگۆ و سڵاو بۆ ئێوەش، سڵاو لۆ (فردریک اینشان)، کۆڵنەدەن قەت هەر بەئامانج دەگەن لەسەر هەق.

٢٠١٦-٤-٢٥

**مام قادر گۆتی:**

دوبرا هەبوون لەو هەولێرەی، یەکیان پیاوەکی ڕێک و پێک و باش ناوی (قاسم) بوو، ئەوی دی زۆر بە فرتو فێل و دەگەچی بوو فێری لەشەیتانی دەکرد ناوی (جاسم) بوو، جاسم هەموو دەم دەتگۆت پاشایە بەجل و بەرگەکەی؟

رۆژەک کابرایەکی خاوەن مەر وقەصابی ئەو عەشایرەی خۆمان دێتە کن برایە باشەکەی (قاسم)، دەرێ کاکە (جاسم)برای تو غەدری لەمن کردی یە، یەک سارە ١٠٠ سەر حەیوانی لەمن کڕی یە پارەشی نەدایە و خۆشی لەمن بزر کردی یە!

قاسم لە کابرای مەردار دەپرسێ؟

برای من وەکی هاتە کنە تو ئەتو دەتناسی ئەو ١٠٠ مەرەی لەتو کڕی؟ کابرای مەردار دەرێ: نا واللە.

برای من وەکی هاتە کنە توو کورتەک و شەرواری لەبەر بوو؟ کابرای مەردار دەرێ: نا واللە.

قاسم ئەو جارە لێی دەپرسی: برای من گۆپاری لەدەست بوو؟ کابرای مەردار دەرێ: نا واللە.

قاسم ئەو جارە ش پرسیاری چارەمی لێ دەكات: دەرێ برای من شانی بە قور بوو و كورتەكی دڕا بوو؟ كابرای مەردار دەرێ: نا واللە، بەس لۆریەكی لەگەر خۆی هینابوو و هاتنە گوندی و بەخۆشی لە پێشەوەی لۆری سوار ببوو!

قاسم ئەو جارە دەرێ ،ئەتو هیچ پێشەكی و مقدمەكت لە جاسمی برام وەرگرت؟

كابرای مەردار دەرێ بە رێ؟ كە حەیوانەكانی سواری لۆری كرد داوای مقدمەم لێی كرد،گۆتی ٢٠ سەر حەیوانی بینە خوارێ لە١٠٠ سەرەكەی خۆت ئەمنیش هینامە خوارێ.

قاسم دەرێتە كابرای مەردار و قەصاب: برۆ لێرە ڕانەوەستی هەی دەبەنگ و نەزان؟

ئەتو كو ١٠٠ سەر حەیوانی دەدەیە دەست ئەفەندیەكی چاكەت و پانتۆر لەبەری قیت و قۆزی بێ پارە و بێ گۆپاری وەكی جاسمی، بە مقدمەی ماری خۆشت. هاتی ئەمنیش صولحت لۆ بكەم هەقەكەت لۆ وەرگرمەوە، دەبی لەتو كەرتر هەبی لەو دونیایەی.

٢٠١٦-٤-٢٧

**مام قادرگۆتی:**

ساری ١٩٧٨ ماموستا غازی هەولێری مامۆستا دەبی لە گوندەكی دەوروبەری ئەو هەولێرەی، ڕێ و بان ئەوەها نەبو سەیارەش كەم بوو ئەو كاتی مامۆستا لەگوندی دەماوە شەوان، ئەگەر پێنجشەم و جومعان بهاتباوە هەولێری بە پەستی یا جێبی لاندروڤر، ماموستا غازی لەگەل ٢ ماموستای پیاوی دی لە ناو مەكتەبێ غورفەكیان ترتیب كردبوو دەمانەوە، دیارە ئەو كات شۆرشی كورد لەبوژانەودا بوو پاش نسكۆی ١٩٧٥، حزب زۆر دروست ببون سوسیالیست و پاسۆك و یەكیەتی و

پارتییش بەناوی شۆرشی گولان سەری هەردابۆوە، پێشتر هەر پارتی دەوری هەبوو لە کوردستان لەسالآنی ٦٠ و ٧٠ کان هەتا نسکۆی، دیارە مەفرەزەکانی (یەکیەتی) دەسوڕانەوە لە گوندان بەشەو خەرکیان لە مزگەفتێ خڕدەکردەوە و باسی شۆرش و خەباتیان لۆ دەکردن، شەوە زستانە مانگی ١٢ یە تۆفانە چاو چاوی نابینی لەدەرکەی مەکتەبی دەدەن، مامۆستا غازی دەرێ کێ یە؟

دەرێن خۆمانین پێشمەرگەی کوردستانین وەرنە مزگەفتێ لۆ گوێ گرتن لەوتاری سیاسی، مامۆستا غازی و دوو مامۆستاکەی دی و خەرکی گوندی دەچنە مزگەفتێ، دیارە( مەلا بەختیار) ئەو کات قسەی لۆ خەرکی دەکرد، یەک سعات بەحسی یەکیەتی و سەرهەردانەوەی خەباتی چەکداری و بەرپەرچدانەوەی بەعس و ئازایەتی پێشمەرگەکانی یەکیەتی دەکات لۆ خەرکەکەی، (مام سەیدکاکەش) لەوێ دەبی ،ئەو وەختی سۆسیالیست و کۆمەلەی ڕەنجدەران و شۆرشگێران پیکەوە دەبن، پێیان دەگۆتن یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان، سەرەتای دەرکەوتنی ئاشکرای یەکیەتی دەبێ، جەولەی دەکەن لەمەنتیقەی دەشتی هەولێرێ . خەرکی سادەو ساکاریش نەیاندەزانی تفاصیلی شۆرش چی یە و پارتی ویەکیەتی و شۆرشگێران و کۆمەڵەی رەنجدەران وسۆسیالیست چی یە، هەندەک دژی یەکیش بوون ئەو حزبانە!

پاش دووسعات ووتاروقسەکردن مەلا بەختیار لەقسەکانی دەبتەوە، دەرێ خۆ زانیتان ئەمەکێ ینە؟

ماموستا غازی وەکی چاوی بە(مام سەید کاکەی) دەکەوی وادەزانی ئەوانە پارتینە؟ پاش ئەو هەموو خیتاب و ماندوبونەی مەلا بەختیاری؟ قیت دەبتەوە و دەرێ بژی سەرۆک بارزانی .... بژی مەڵا مستەفا...... بژی پارتی، دەستتان خۆشبیت لۆ ئەو شۆرشەی دەمزانی شۆرشی دەست پێدەکەنەوە .

٢٠١٦-٤-٢٨

**مام قادرگۆتی:**

سالأنی ١٩٦٣ سجن بوین لە زەمانی (حەرس قەومی)وەکی زۆربەی نیشتیمان پەروەرانی دیکە حرس قەومی بەعسی دروستیکردبوون و کەکودەتایان بەسەر عبدالکریم قاسم کرد، هێزێکی شوفێنی و چەپەل بوو و بەتایبەت لە هەولێرو گوندەکانی دەورو بەری خەرکیان زۆر ئەزیەت دەدا؟ کورد شت لەبیر دەکات زاکیرەی زۆر زەعیفە.

بابێینە سەر مەسەلەی خۆمان دوکەس لەگەر مەگیرا بوون لەسجنی هەولێرێ لەقاعەی مە بوون هەردوک ناویان پیربال بوو، یەکیان زۆر زۆرزان و شەیتان بوو و ئەوی دیان فەقیرو نەزان، حەرسی سجنەکان یا (سجان) کە دەهاتە لای دەرگای قاعەی سجنەکەی هاواری دەکرد پیربال: ئەوی زۆرزان و شەیتان بوو ئەگەر بیزانیبایە لۆ خدمات و پاککردنەوەی ئاودەست و اعمال شاقە و کاری قورس و قامچی لێدانە، دەیگۆتە پیربالە فەقیرەکەی ئەوەگازی تو دەکا هەستە برۆ، ئەگەریش بیزانیبایە لۆ پیاسەی حەوشەی سجن و حانوت وکاری سوکەلەیە، دەیگۆتە پیربالە فەقیرەکەی ئەوە لەگەر منی تی ئەتو دانیشە ئەتونی .

٢٠١٦-٤-٣٠

**مام قادرگۆتی:**

لەگوندەکی ئەو دەشتی هەولێرەی، دەرێن کابرایەک کەرەبابێکی هەبوە زۆر دەنگی ناخۆش و ئیزعاج بوە، خەرکی گوندی دەچنە کنی و دەرێن کاکە ئەو کەرەبابەی لەکۆر کەوە ئەمەی ئیزعاج کردییە و ئیسراحەتی لێ هەر گرتینە. کابراش دەرێ باشە لەکۆری دەکەمەوە بەس بەخوای پەشیمان دەبنەوە. ئەوانیش دەرێن کاکە ئەتو قیرەبڕی کە بەخوای ئەمە ئیسراحەت دەکەین . کابرا ش کەرەبابی کوشتەوە و قیرە بڕی کرد .

ڕۆژی پاشتر ٣٠ کەرەباب بانگیان دەدا لەو گوندەی بەدەنگی ناخۆش و ئیزعاج وهەر یەکەی بەکەیفی خۆی، هەر وەختەک با تێیان هەردەکرد و قوقەیان دەکرد، خەرکی گوندی سەریان سوڕما لەو کارەی، ئێ هەتا دونێ یەک کەرەباب بانگی دەدا لەوەختی خۆیی بەس دەنگی ئیزعاج و گەورە بوو، ئێستا مەسەلە چی یە ٣٠ کەرەباب بەکەر بازاڕی هەر یەک لەلایەک بانگ دەدات و دەقوقینی؟

چونەوە لای کابرای ساحیب کەرەبابی سەر بڕای ،گوتیان کاکە ئەو مەسەلەمان تیناگەینێ پاش نەمانی کەرەبابی تو هەرچی کەرەبابی گوندی یە بە مریشکیشەوە بانگ دەدەن؟ کابرا گۆتی چتان لێ بشارمەوە نەمگۆت پەشیمان دەبنەوە ئەگەر ئەمن کەرەبابی خۆم لەکۆر کەمەوە! گۆتیان لۆ؟ گۆتی کەرەبابی من چاوی ئەو هەموو کەرەبابانەی شکاندبوو، یەک نەدەوێرا لەحزوری وی بانگ بدا .

٢٠١٦-٥-١

**مام قادرگۆتی:**

ئەوێ رۆژی گۆتیان ببوە هەرایەک لەتەیراوەی لەبەر دەرکەی صالۆن سایەی، لۆ ماری بوکێ لەگەنجەکی تەیراوەی نادەن، چەند گەنجەکی تەیراوەی هجومیان کردبوە سەر ماری بوکێ نیوە مریان کردبوون، مارێ بوکێش داوای قوەتیان کردبوو لەکەس وکاریان ،گەنجەکانی تەیراوەش هەریەک لۆ لایەکی چووبوون پاشی هجومی کەس لەوێ نەمابو، (مشە)ی کارەباچیش درەنگ دەزانی لەگەنجەکی تەیراوەی درایە، دەست دەداتە ماسحەی بەغاردان لۆ لای صالۆنی سایەی دەڕوا، لەو وەختیش قوەتی ماری بۆکێ دەگاتە ئەوێ،گازی (مشە)ی دەکەن، وەرە وەرە ئەوە ئەتو ئەو هەرایەت هەرکردی یە پاڵەوان؟

(مشـەش) چـاوی بـەو قوەتـە زۆرەی دەکـەوی دەزانـی باریـان نابا و پێی دەکەوی دەرێ: نـا بەخـوای ئەلقـەی شـوکرۆکی تورکی هەیـە لەتەلەفزیۆنـی، کارەبا سـرکتی کـرد وکـوژاوە هاتیمـە سـرکتی لـێ دەمـەوە.

٢٠١٦-٥-٣

**مام قادرگۆتی:**

برادەرەکـم گۆتـی: کورەکـەم هاتـەوە مـارێ گۆتـی بابـە جیماعـم کـردی یـە، سـەرم سـوڕما گۆتـم کـورە جیماعی چ! گۆتـی بەرێ وەڵلا بابـە ٢٠ کـەس دەبویـن سـبەینی زووهەمومـان پێکـەوە کردمـان لـە مزگەفتـێ. گۆتـم کـورە کـو، ئـەوە ئەتـو چ دەرێـی لەمزگەفتـێ؟ گۆتـی ئـەرێ وەاللـە بابـە، مـەلاش لەگـەر مەکـردی!

گۆتـم ئەتـو شـیت بـوی عەقلـت شـێوایە کـوڕم؟ گۆتـی ئەهـا بابـە تەماشـای پشـتم کە؟کراسـی هەرکـرد دەبینـم حیجامـەی کـردی یـە.

گۆتـم کـوڕم بـرێ حیجامـە؟

نـەک جیمـاع؟ هـەی خـوا بتگـری وەخـت بـوو جەڵتـە لێـم بـدا، حیجامـە لەکـێ و جیمـاع لەکـێ.

٢٠١٦-٥-٧

**مام قادرگۆتی:**

سـاڵی ١٩٧٤تەمەنـم ١٠ سـاڵ بـوو پۆلـی چـواری سـەرەتایی بـووم لـە قوتابخانـەی سـەرەتایی ناوبـردان لەناوچـە ئازادکراوەکان ماڵمـان لەچۆمـان بـوو، بـەدژواری هاتۆچۆمـان دەکـرد لەنێـوان چۆمـان و ناوپـردان، لـە ژێـر هەڕەشـەی تەیـارەی سـیخۆوباجەر و هەلوێشـن و مێکـی ڕژێمـی بەعـس زۆر جـار هێرشـی تەیـارە لۆمـان دەهـات، زەویـان حەفـر کردبـوو ئەگـەر ئینـزار لـێ دا بـا و پێراگەیشـتباین ئـەوە مامۆسـتاکان خێـرا ئێمـەی قوتابیانیـان زوو

دەخستە ناو حەفرو کونە تەیارە تا بمانپارێزن، جگە لەشەوانیش جار هەبوو لەکونە ئەشکەوت و بن بەردان دەماینەوە، بەچاوی خۆشم دیتیتم زۆر جار تەیارە بەناپالم و ساروخ و تیزاب زۆر کەسی دەکوشت. یەک لەوانەش جیرانەکی مە بوو لەهەولێریٚ هەولیٚری بوو تەیارە شەهیدی کرد لەبن پردی بەینی چۆمان و ناوپردانیٚ، کوڕەکەشی چونکە گرنگیان پێنەدا ئەلحان ئەندام پەرلەمانە لەسەر لیستێکی تری غەیری پارتی....

وەکو گوشارێکی دەرونی بوو بەعس دەیکردە سەر هاولاتیان و پێشمەرگە لەناوچە ئازادکراوەکان، تا قەدەمی پێشمەرگەی پیٚ بشکێنیٚ کە ئەوان لەسەنگەری بەرگری بوون لەبەر ماڵ و منداليان شەريان پیٚ نەکریٚ. لەسەر ئەوەش قۆناغی چوارم بڕی و لەویٚ بوم بە پێنج بەڵام کەشۆرش توشی نسکۆ بوو هاتینەوە هەولێر ١٩٧٥ بەعس ئەمنیان پاشەوپاش کشاندەوە پۆلی چوار تا دەمرم لەبیری ناکەم! ناویشیان لیٚ نام (العائدون )تا بەعس نەما لەهەولێر ١٩٩١ ئەو ناوە ببوە نازناوم و بڤە بوو زۆر؟

باسەکەم عەدالەتێکی سەرکردە (مەلا مستەفای بارزانی یە)، رۆژەک نزیک قوتابخانەکەی ئێمە لەناوپردان لای نزیکی نوقتەی سەیتەرەکە دەنگی تەقەی هات،گۆتیان کابرایەک پیشمەرگەیە گەیشتبوە دوژمنەکەی کوشتبوی؟ ئەو هەواڵە گەیشتە (بارزانی مستەفا) واقیعەکەی زانی و ئەمری کرد هەر لەشوێنی کوژراوەکە قاتل بکوژنەوە، گۆتبوی ئێمە بۆ شۆرش و خەبات و ئامانجێکی گەورە لێرەین نەوەک لۆ تۆڵە سەندنەوەی اشخاص لە یەکتر، دوای چەند کاتژمێرێک قاتل لەشوێنی کوژراو سزای خۆی وەرگرتەوە. ئەو حوکم وعەدالەت بوو، پاشان دوژمنی بابەکوشتەت بگەیشتبایێ نەدەوێرای بیکوژی لەوی دەدرا دادگای شۆرش.

٢٠١٦-٥-٨

**مام قادرگۆتی:**

سـاری ١٩٩٤ بـرادەرک دوکانـی مەکوی هەبـوو جلـک وبەرگـی ئوتـی دەکـرد دوکانەکـەی لەبـن قەراتـێ بوو،گۆتـی خـەرک دڵیـان تونـد ببـوو سـەرەتای شـەڕە نەگریسـەکەی براکـوژی بـوو، ئـە منیـش شـەوێ تەماشـای تەلەفزیونـی زەحمەتکێشـانم دەکـرد، دیتـم دکتـۆر ..... کـە زۆر مەشـهورە لەدونیـای سیاسـی کوردسـتان گالۆنـەک بەنزینـی پـێ بـوو لـە پێـش محافـەزەی ڕاوەسـتا بـوو، دەیگـۆ ئەگـەر ئـەو شـەڕەی رانەگـرن سـبەی سـبیانی سـەعات ١٠ لیـرە خـۆم دەسـوتێنم!

لۆسـبەینی سـەعات ٩ لەدوکانـێ بـووم، خەبەریشـم هەبـوو شـەرگەرمتر ببـوو لەهەمـوو لایـەک، دیتـم دکتـۆر ..... هاتـە نـاو دوکانەکـەم و قاتەکـی لەسەردەسـتی بـوو ،گۆتـی بـرا ئـەو قاتـەم لۆغسـل و کـەوی کـە!

ئەمنیـش گۆتـم دکتـۆر ........ئـەدی ئەتـو نەبـوی دوێنـێ شـەوێ دەتگـۆت سـبەی لـە پێـش محافـەزەی سـەعات ١٠ خـۆم دەسـوتێنم ئەگـەر ئـەو شـەڕەی ڕانەگـرن؟ ئـەدی گالۆنـە بەنزینەکـەت چ لـێ کـرد؟ لەلایـەک خـۆت دەسـوتێنی و لـە لایـەک قاتـت ئوتـی دەکـەی کـەس لەتـو نـاگا؟

دکتـۆر ... گۆتـی هێشـتا یـەک سـەعاتی مایـە لـۆ سـعات ١٠ وا دیـارە ئەتـو کاسـب نـی بـرام ئیشـی خـۆت بکـە، ئەمنیش ئیشـی خـۆم دەکـەم تێکـەڵاوی پیـاوی سـەر تەلەفزیۆنـان مەبـە هـەوای هەیـە هـەوا؟ خۆسـوتان بـەرێ ی خـۆی و قاتەکـەش ئوتـی کـە بـەرێ ی خـۆی!

٢٠١٦-٥-١٠

**مام قادرگۆتی:**

ئەتوکورد بی و مامۆستای عەرەب دەرسی ئینگلیزیت پێ بڕێ؟

سارانی هەشتاکان لەقوتابخانەی ناوەندی زۆزانی کوڕان بوین دەرسی ئینگلیزیمان هەبوو، مامۆستایەکی عەرەب ناوی هشام بوو ئینگلیزي پێی دەگۆتین، گۆتی چم گۆت لەدوم برێنەوە: گۆتی: سپیک -...سپۆک -..... سپۆکن. هەمومان گۆتمانەوە سپیک -...سپۆک -..... سپۆکن، خدر نەبی لە پشتەوە دانیشتبو فکری سەفەری کردبو؟

ماموستا لۆی چوو پێی گۆت شبیک( بەمعنای چ تە)، خدریش نەیکردە نامەردی وایزانی ئەوەش فعل ی ئینگلیزی یە گۆتی: شبیک ....شبۆک....شبۆکن. ئەمەش هەموو لەدوو خدرمان گۆتەوە: شبیک ....شبۆک....شبۆکن.............

مامۆستا هشام گۆتی زمال ... هەمووومان گۆتمانەوە زمال ..... زمۆل ..... زمۆکن...

٢٠١٦-٥-١٢

**مام قادرگۆتی:**

زمانی کوردی و مامۆستای غەیرە کورد بیرێتەوە!

ساری ١٩٨٢ پۆلی شەشی ئامادەیی بوین، زمانی کوردی حزبی بەعس داخیلی بەکەلۆریای پۆلی شەشی نەدەکرد ئیهمال کرابوو؟ مامۆستا ویداد مامۆستایەکی باش و رێک وپێک بوو بەس فری بە جمهوریەتەوە نەبوو لە زمانی کوردی.

گۆتی خدر هەستە وشەی ( کرد ) بکە: ڕابردوو .... ڕانەبردوو .... داهاتوو .... داخوازی .

خدر تێکەڵاوی کرد وەکی ئەو وەزعەی ئێستا:

گۆتی:کردمان .. کردتان .. دەکەین .. بکەین ... بکە؟

مامۆستا ویداد گۆتی: خدر ئیشتەم ئەوە وەزعە احترامەکی تێدا بێلەوە؟

خدر گۆتی: ئەتو چت گۆت ئەمنیش وەم کرد بەخوای ئەوهایە.

٢٠١٦-٥-١٤

**گۆتم مام قادر بە چ پێ دەکەنی؟**

گۆتی دختۆر:

دەرێن وەختی خۆی سارانی ١٩٢١ ئینگلیز هاتیتە کەرکوکێ پەقرەجەک نەفتی دانایە، کوردەک و عارەبەکی گاز کردی یە و خەرکییشی خڕکردیتەوە لەساحەکی،گۆتیتی بابزانین کیهانتان ئەو بەقرەجەی بە ک... ..هەردەگری مکافەئەکی باشی دەدەینێ؟

کوردە هەتا دۆخینی شەرواری کردیتەوە، عارەبی دەشتەکی (بدو) حازر بوە دشداشەی هەرکردیە و کابرای لێ گیر کرد یە، پەقرەجە نەفتی لۆ ئینگلیزی برند کردی یە بە ک.......ری!

کوردەش هەر هاتو چۆی کردی یە لەپشتی عارەبی؟

کابرای ئینگلیز گۆتیتیە کوردەکە ی هەی عەمرت نەمینێ، ئەوە برندی کرد ئەتو چ دەکەی لەپشتی دێ و دەچی؟

کوردەش گۆتیتی: دەمەوێ بەپەقەرەجەوە برندی کەم! هەتا ئەورۆش لەدەوری هاتوو چوی دەکا پێ ی برند نەکرا.....

٢٠١٦-٥-١٧

**مام قادرگۆتی:**

ساری ١٩٩٢ پێش هەر بژاردنی یەکەم پەرلەمانی کوردی بە مانگەکی ئە من و دوو سێ برادەر هەزار رەحمەتیان لێ بیت لەگەر مردی گۆش، لەناو سەیارەی بوین گەیشتینە لای چایخانەی بایزی، ئەە برا کەتینە ناو مەسیرەو هەرایەکی هەزار

کەس دەبوون یەکیەتی و شیوعی پێکەوە بوون، هەموو گەنج بوون پەنجەیان لۆ سەیارەی مە درێژ دەکرد چونکە عەلەمی زەردی پێوە بو و پیرەکانی تێدابوو، دەیان گۆت (حوکمی زاتی درۆیە ... ئاواتمان سەربەخۆیە..... حوکمی زاتی درۆیە ... ئاواتمان سەربەخۆیە).

پیاو هەق برێ بەڕاستی شیعارەکی بەقوەتیان دەگۆ، بەس نازانم لۆ جێ بەجێیان نەکرد! وابزانم هەر لۆ انتخابی بوو.

ئە من و برادەرەکان تەنگاو بووین گۆتیان ئەوە لەگەرە مەیتیان چیان لێ بکەین؟

ئێ نەمان زانی چ برێن کو وەرامیان بدەینەوە، مام هادی گۆتی ئەنگۆ ڕاوەستن ئەمن دەرەقەتیان دێم: سەری لە جامی سەیارەی دەرهینا یەک بەخۆی هاواری کرد و پەنجەی لێ هەرشەقاندن گۆتی: (نەی خواردتەوەو ناخواتەوە ).

ئەمنیش گۆتم هادی ئەوە مەبەستت کێ یە نەی خواردتەوە و ناخواتەوە؟

گۆتی (سەرۆکی مە ناخواتەوە سەرۆکی وان دەخواتەوە ) و ئەوانەش هەموو سەرخۆش کراینە! دەمەکی دی ئایخ دەبنەوە نازانن چیان گۆتی یە و چیان کردی یە، ئەوانە بەو وەزعەی کوردی دێخنە خەتەر، الحمدللە باش بوو وەزعەکە بەسەلامەتی تێپەری.

٢٠١٦-٥-١٩

**مام قادرگۆتی:**

سارانی ١٩٥٠کان لەگوندەکی ئەو کوردستانەی عێراقەی ئاغایەک هەبوو ،گەورەی گوندی بوو، پیاوەکی چەندی برێی باش بوو بەس یەک عەیبی هەبوو زۆر درۆپەی دەکرد و شێلمانی گەورەی دەهاوێشت؟ یەعنی بەکوردی درۆی زۆرگەورەی

دەکـرد، توشـی شـەرمەزاریەکی زۆر ببـو چونکـە کـە لەمەجلیسـان دادەنیشـت قسـەی لـۆ خەرکی گونـدی دەکرد هـەر درۆیەکی کردبا خزمەتکارەکـەی لێـی ئاشـکرا دەکـرد لەنـاو مەجلیسـەکەی بـە درۆزنـی دەردەهینـا!

ڕۆژەک بـە خزمەتکارەکـەی گـۆت کـوڕە ئەتـو لـۆ نابیـە پیـاو، ئەمنـت شـەرمەزار کـردی یە؟خزمەتکارەکـەی وەرامـی داوە گۆتـی: ئەگـەر لەکـن پیـاوان بامـە دەبومـە پیـاو! ئاغـا گۆتـی یـە خزمەتکارەکـەی وەرە بـا ئەمـن و تـو ئیتفاقەکـی بکەیـن، ئەمـن هـەر درۆیەکـم کـرد لەمەجلیسـان ئەتـو لێـم مەکـە هـەراو کەشـفم مەکـە، ئەمـن بەرامبـەر هەردرۆیەکـی کـە کـردم روبعـەک دینـارت لـۆ پاشـەکەفت دەکـەم لەکنـە خـۆم؟ خزمەتکارەکـەی رازی بـوو گۆتـی زۆر باشـە ئاغـا.

ئاغا رۆژی پاشتر چووە دیوەخانێ و سـەری مەجلیسێی گرت و هەمبانـەی بەبـا کـرد زۆر بەتەئمینـی، دیوخانیـش جمـەی دەهـات لـە خەرکـی هەنـدە پـر بـوو. خزمەتکارەکـەی بەرامبـەری دانیشـتو تەزبیحـە ١٠١ یـەک دەنکەکـەی حازرکردبوو، خـەرک وایان دەزانی زکـری خـوای دەکا؟ نەیـان دەزانـی درۆیـان دەژمێـری لـە ئاغـای تـا حسـابی لـێ تیـک نەچـی.

ئاغـا دەسـتی بەقسـان کرد:گۆتـی سـارەکی لـەو مەملەکەتـەی مـە دونیـا زۆر سـارد بـوو، بەچـاوی خـۆم دیتـم پشـیلەک لەسـەر بانـی پـازی دا و نەگەیشـتە عـاردی لـە عاسـمانێ بەسـتای!

خزمەتکارەکـەی قسـەی پـێ بـڕی و گۆتـی ئاغـام: ویژدانـت هەبـی ئـەو درۆیـە بـە روبعـەک دینـاری زۆر هەرزانـە؟ دختـۆر ان شـاالله کـورد وەکـی ئاغـای بەسـەر نایـێ.

٢٠١٦-٥-٢٥

**مام قادرگۆتی:**

ساڵی ١٩٩٦ مارمان لە تەیراوەی بوو خانوەکان هەمووی یەکی ١٥٠ مەتری مەکشوف بوو دوو غورفەو هەیوانەک،کۆرانەکان هەر ٦ مەتر بەرین دەبوو، جمال ی جیرانمان سەیارەکی لادەی کڕی مودیل ١٩٧٧ بوو، هەتا جمال فێرە سەیارە بوو نیوەی کۆرانێ ناوکی کەتبوو! کە لادەی جەمالی بەدەردەکەت لەسەری کۆرانێ ژن نەبو هاواری غەوسی گەیلانی و پیری قەرەچێوانی نەکا.

جیرانەکان هەموو دەیانزانی دەوری سەعات ٩ ی سبیانان جمال دەچیتە دوکانێ هەموو مندارەکانی خۆیان لەترسان دەهیناوە ژۆرێ، هەتا جمال دەرۆیی ئەوجا منداریان بەرەلای کۆرانی دەکردەوە و دەهاتنەوە دەرێ، سعات دەوری ١٢ی نیوڕانیش دەبو دیسان لەترسی لادەی جمالی مندارەکان ببەینەوە ژۆرێ، ئێوارانیش عەینی تاس و حمام بوو، لادە لێمان ببوە تەیارەی دڕۆن..... جمال دەستی لە لادەی لێ ڕاهات بەران لادەی فرۆشت، بیک اب دەبل قمارەی نیسانی مودیل ١٩٨٨ کڕی، تۆزەک درێژ ترو زەحمەت تر بوو، جار هەبوو خوا قبور ناکا جمال بەهۆڕنی دری ئاوی نەدەخواردەوە سەری دەر دەهینا و هاواری دەکرد لاکەون لەپێشم، نیسانیش بەتەبیعەت استاپی ٤،٥ دۆسە بوو هەتا دەیگرت؟ هەر چەندە کمال ی براشی مساعدی بوو ئیشارەتی دەدایێ بە پێیان لەپێشی دەروێی هەتا لە قەرەبارغی دەربازی دەکرد دەچوە دەرێ لەمەترسی و خەتەری، جار هەبو کمال هەر لەپێشی بو هەتا دوکانێ لەکن قەبرستانی شێخ مەلا رەشیدی.

ئێوارەک پاشی مغریب بوو گرمەک هات خوا دەزانی وامان زانی پارتی هاتەوە هەولێرێ چونکە پارتی لەمصیفی بوو؟ غارم دا کۆرانێ دیتم بیکبی جمالی نیوەی لە کۆرانی یە نیوەی چویتە

ناو ماری جمالی، بەینی بۆدی و قمارەی بیکابی لە چارچیوەی دەرکەی مارییان گیر بوە؟

گۆتم ها جمال ئەوە چی یە؟

گۆتی مام قادر ئەمن ئەو تەنەکەی زبری ماری کاک صباحی بەرامبەرمانم کردبوە نیشان، هەموو جارێ بەقیاسی وی سەیارەم دەهینا گەراجی مارێ بێ مشکیلە! دیارە ئەو مندارە سەگ بابانە تۆپانییان کردی یە تەنەکەکەیان کردیتە گۆل و جولاندیتیان لە جێی خۆی، ئەمنیش بە حسابی جاران شکاندمەوە بە سەهو چوم و قیاسم لێ تێک چوو خۆم لە دەرەکەی گیرکرد! کمالی براشی دەیگۆ واللە بیست ئیشارەتم دایێ گێی لێ نەبوو لەبەر صوتی تسجیل و عوسمان حسینی هەردەیگۆ: شیرین ئەورۆ بەهارە هەستە بچینە سەیرانێ .....خەمی داک و بابم نی‌ی یە لیم بەجێ مایە جوانێ.......

دختۆر ان شالله کورد لەگەر بەغدایێ وەکی جمالی بەسەر نایێ!

٢٠١٦-٥-٣١

**مام قادرگۆتی:**

پاش مفاوەزاتی ساری ١٩٧٠ وەک پێشمەرگە کە هاتینەوە ناو هەولێرێ زۆر خۆشەویست بووین، خەرک هەموی ڕێزی دەگرتین و بەگەرمی سەلامی لێ دەکردین وەکی ئەلحان نەبوو پێشمەرگە، ناسیارو برادەر سڕەیان گرتبو لەسەر دەعوەت کردنمان. برادەرەکی مەسیحیمان هەبوو پیاوەکی زۆر کورد پەروەر بوو، بەردەوام پەیوەندی لەگەرەمە هەبوو لە شاخیش، ناوی (مام سەلمان وێردینە) بوو ماری لەعەنکاوەی بوو، ئەو کاتەش عەنکاوە ئەوندە گەورە نەبوو، خانوی بلۆک و سەبەی کەم تێدا بوو زۆربەی خشتی قوڕ و سەری کاریتە بوو.

مـام سـەلمان وێردینـە تەکلیفـی کـردو ئەمـەی دەعـوەت کـرد بـە سـە رو پێچکـی، ئەمـەش نەچوبایـن عاجـز دەبـوو دەیگـۆت فـەرق و جیـاوازی دەکـەن لـە بەینـی ئیسـلام و مەسـیحی، لەگـەر جماعەتەکـی پیشـمەرگە چوینـە عەنـکاوە ی مـاری مـام سـەلمانی نێزیـک کەنیسـەی بـوو.

مـام سـەلمان ڕێزوتەقدیـری مـەی زۆر گـرت و گۆتـی بتلـەک شـەرابم لەبـن عـاردی هەیـە ئـاوی تـرێ یـە ئـی ٥٠ سـاری پێـش ئێسـتایە، لەباپیرمـەوە لۆمـان مایتـەوە، ئـەوڕۆ بەخۆشـی کـورد و بەخۆشـی پێشـمەرگەی هێـزی دەشـتی هەولێـرێ تەقدیمـی گـۆی دەکـەم. ئەمـەش کەسـمان نەمـان دەخـواردەوە، پێشـمەرگەک گۆتـی ئەمـن دەخۆمـەوە مـادام شـەربەتی تـرێ یـە، هێـدی هێـدی هینایـە خـوارێ لـە حەیاتیشـی فرەکـی لـە مەشـروبی نەدابـوو. ئەمـەش دەسـتمان بەسـەرو پێچـک خواردنـێ کـرد، پیشـمەرگەکە هەسـتا چـوە دەرێ بـەس دیـار بـوو فـول ببـوو، گەیشـتە حەوشـەی مـاری مـام سـەلمانی یـەک مەخـزەن کلاشـنکۆفی بـە عاسـمانی وەنـا، غارمـان دا گرتمـان گۆتمـان کـوڕە عەیـب ناکـەی ئـەوە لـۆ تەقـەی دەکـەی؟

گۆتـی: پیـاوم دەوێ دەرێ عەنکاوە محافـەزە نـی یە، مـاری مـام سـەلمانی و جیرانەکانیـش خڕببوونـەوە هەمـوو دەیانگـۆت واللـە بابـە محافەزەیـە بـەس ئەتـو بـڕۆ دانیشـە.

٢٠١٦-٦-٥

**مام قادرگۆتی:**

سـارانی ٢٠٠٠ کان برادەرەکمـان بەینی لەگـەر مانگی ڕەمەزانـی بـاش نەبـوو، بەحەیاتـی ڕۆژەکـی لـێ گـرێ نەدابوو،کـە ڕەمەزانیـش دەهـات تـای دەهاتـێ و تەبیعەتیشـی زۆر تونـدو عەصەبی بـوو؟

برادەرەکـی دیمـان هەبـوو شـەوەکی دۆری رەمەزانـی ڕادەگـری

کە پارشێوان دەسوراوە بە ماتۆڕی لەکۆرانان، دەرێتە دۆر چی کاکە ئیشەکم پێتە؟ لێی دەپرسی دەرێ ئەگەر یەک سعات دۆرم لۆ لێ دەی چەندی وەردەگری؟ کابرای دۆرنگێویش دەرێ ئەمن بەجملە پارەی وەردەگرم لە ئاخیری رەمەزانێ هەر ماری ٣-٥ هەزاردینار، برادەرەکەمان دەرێ ئەمن ٥٠ هەزار دینارت دەدەمێ بە نەقدی بەس یەک سعات دۆرم لۆ لێ دە لە جێیەکی بەبەردەوامی چونکە ئەو گەرەکە خەویان زۆر قورس وگرانە.

دۆرنگێو دەرێ باشە، پارشێوی دەیباتە پێش مارە برادەرە رۆژی نەگرەکەی، دەرێ ئەوە ٥٠ هەزار دینار یەک سعات لێرە دۆرم لۆ لێ دە نەجولێی هەتا سعاتی خۆت تەواو دەکەی، دۆرنگیویش نازانی مەسەلە چی یە دەست بە کوتە کوتێ دەکاتن! دۆری خۆی لێ دەدا نەدەقەک نە دوو تا یەک چاریگی، برادەرە رۆژی نەگرو عەصەبیە کەمان دێتە دەرێ بەچاوی بەخەوەوە لۆ دۆڕنگیوی دەچی، دەرێ کاکە خێرە لێرەت داکوتایە! هەی قەحپە باب لەو هەولێرەی لەو هەموو گەرەکەی لەو هەموو مارەی بەس ئەمن بەرۆژی دەبم، لە بە ردەرکەی من دۆری لێ دەدەی و ڕەش بەرەکی دەگێری، داکت بەبوک دەچی بەو نیوە شەوەی؟

٢٠١٦-٦-١٠

**مام قادرگۆتی:**

برادەرەکی خۆشەویستمان ئیستا الحمدللە نوێژان دەکاو ڕۆژیان دەگری،گۆتی سارانی هەشتایەکان لەگەر دوو سێ برادەری دی دەچوینە ئاقاری ساحەی فەلەستینی پشت مەقەری جەیشی شەعبی نێزیک جادەی عەنکاوەی لە هەولیرێ، ئەو ئاقارە جەوەکی خۆشی هەبوو و چۆل بو و تەرتیباتمان دەبرد و دەمانخواردەوە، ئەگەر باران بایە کەونە بۆدی قەلابی لێ

بـوو دەچوینـە بـن بودیـەکان هەتـا بـاران لێـی دەکـردەوە، ڕۆژەک بـاران بـوو چوینـە بـن بودیەکـی سـەرمان گـەرم ببـو گۆرانـی و مقاماتمـان دەگـۆ کـەس ئـاگای لەکـەس نەبـوو هـەرا بـوو، لـە هیکـڕا هەسـتمان کـرد بـۆدی قەڵابـی جـولا سـەبر سـەبر بـۆدی چـوە تاقـی عاسـمانێ، ئەمـەش لـەو گـۆرەی ماینـەوە سـەرخۆش بویـن نەمـان دەزانـی مەسـەلە چییـە، وەکـی مێروسـتانی بـن بـەردی لادرای، تومـەز شـوفەر هاتبـوو زنجیـری لـە بـۆدی دا بـوو و لەسـەرەوە برنـدی کـرد بـوو، نـە ئەمـە ئاگامـان لـەوی بـو نـە ئـەو ئـاگای لەمـە بـوو، ئەمـە بـەدەر کەتیـن سـایق شـۆفەر لەسـەر سـوکانی ڕا خـۆی فرێ داو هـەرات لـۆ لای ئاوەدانـی شـۆفەری بـە جێ هێشـت روحـی چـوو بـوو؟

وای زانـی ئەمـە لـە مـە چیتروجنۆکەینـە، هەرچەنـدی گازمـان دەکـرد کـورە وەرە ئەمەینـە، ئـاوری دەداوەو هەنـدەی دی غـاری دەدا دەیگـۆ بسـم اللـە بسـم اللـە بسـم اللـە .

٢٠١٦-٦-١١

**مام قادرگۆتی:**

سـاری ١٩٧٩ لەناوەنـدی زۆزانـی کـوڕان بویـن لـە قۆناغـی ٣ ی ناوەنـدی، مامۆسـتایەکمان هەبـوو نـاوی دلشـاد بـوو عەرەبـی و دینـی پـێ دەگۆتیـن زۆر قاسـی بـوو لـە دەرەجـەی، موتەلیـب لەگـەرە مـە بـوو زۆر تەمبـەل بـوو بەباشـی نەیدەخینـد، مامۆسـتا ... ئیمتحانـی دینـی پـێ کردیـن، یـەک لـە سـوالەکان ئـەوە بـوو: نـاوی پێغمبـەری مەسـیحیەکان بنووسـە؟

وەرەقـە هاتـەوە پـاش یـەک حەفتـەی، مامۆسـتا وەرەقەکانـی هەمـوی تەوزیـع کـرد بـەس وەرەقـەی موتەلیبـی نەبـی، مامۆسـتا گۆتـی موتەلیـب هەسـتە بزانـم ئـەو نـاوە چـی یە نوسـیتت؟ موتەلیبیش گۆتـی نـاوی چ مامۆسـتا؟ گۆتـی نـاوی پێغمبـەری مەسـیحیان چـی

یە؟ گۆتی مامۆستا نوسیتم؟ مامۆستا گۆتی قەیدی ناکا نوسیتت بەس بزانم (عیسی محمد شمیسانی) کێ یە تێکەرت کردی یە؟

مامۆستا گۆتی موتەلیب پێم برێ دەزانم قۆپیەت کردی یە؟ ئەگەر بەڕاستی پێم بڕێی عەفوت دەکەم بەس بزانم ئەو ناوە چی یە؟ موتەلیب گۆتی مامۆستا بەخوای ناوی پێغمبەری مەسیحیەکان و پێغمبەری یەهودیەکانم لێ تێکەر دەبوو؟

نەمدەزانی حەزرەتی موسا و حەزرەتی عیسی ئی کیهانیانە، پێش ئیمتحانی شریتم هینا ناوی حەزرەتی مەسیحم نوسی لە پشت ملی خۆم دا و ناوی حەزرەتی موسام نوسی لەلای چەپی پشتی ملم دا،گۆتم ئەگەر پرسیار هات گۆتی پێغمبەری یەهودیەکان کێ یە ئەوا شریتی چەپ دەردەینم و دەنوسم، ئەگەر گۆتی پێغمبەری مەسیحیەکان کێ یە ئەوا شریتی پشت ملم دەر دەینم ناوەکەی دەنوسم، دیارە شریتەکەی پشت ملم قەیم ڕاکیشایە لە ترسان مارکەی فانیلەی عەلاگەکەم لەجیاتی هاتتە دەستم کە ناوی (عیسی محمد شمیسانی یە)، باوەر بکەن ئەوە واقعە لەگەل ڕیزو خۆشەویستیم لۆ حەزرەتی عیسی و حەزرەتی موسا و حەزرەتی محمد سەلات و سەلامی خوای گەورەیان لێ بێت.

٢٠١٦-٦-١٥

**مام قادرگۆتی:**

لەقۆناغی دوی کولیەی قانونی ئیواران بوین سارانی ٩٠ کان، دوو سێ برادەر لەگەرمان بون زۆر مشاغب بوون، لەدەرس و محازەرەی ناوە ناوە بەزمیان دەکرد، ڕۆژەک ئیمتحانمان هەبوو ئەو برادەرانە ٣کۆتریان بەرەلا کرد لەناو شوعبەی فرە فڕی کۆتری دەتگوت تەیارەی ف ١٦ یە، دەفتەری ئیمتحانی تەلەبانیش دەفڕی و بەعاسمانی کەتبوو، قیژەی کچەکان لەترسی کۆتری

گەیشتە لای عەمیدی کولیەی، عەمید دکتۆر ن.... گازی ئەو تەلەبانەی کرد و تحقیقی لەگەر کردن:

گۆتی یە تەلەبەی یەکەم ئەتو چ ئیش دەکەی؟ گۆتی پێشمەرگەی فرانیمە ...

گۆتی یە تەلەبەی دووەم ئەتو چ ئیش دەکەی؟ گۆتی شورتەی فرانیمە

گۆتی یە تەلەبەی سێیەم ئەتو چ ئیش دەکەی؟ گۆتی کوڕی مارێمە

عەمید د ن.... گۆتی ئەمن کیژی مارێم زانی یە، بەس کوڕی مارێم نەزانی یە، بەختی خودێ ئەنگو چنە ئەوە؟ عەمید د . ن گۆتی بڕۆن وەلی ئەمرتان بینن ،دەنا فەسلتان دەکەم؟ تەلەبەی یەکەم گۆتی د.ن ئەمن لەعائلەی خۆمان بە عومر لە هەمویان گەورەترم بەخۆم وەلی ئەمری خۆمم.

٢٠-٦-٢٠١٦

**مام قادرگۆتی:**

بەو ئێوارەی ڕەمەزانەی بەناو بازاڕی دا چوم هەرا بوو هەرکەس بەنزمی خۆی لێدەداو:

یەک دەیگۆ:بەسە عەیبە لۆ ئەو پارەی دەرناینن و نادەنە ئەو فەقیرو هەژارەی؟

یەکی دی دەیگۆ: بەسەری تو دونێ زۆرم تینی بوو؟

یەکی دی دەیگۆ: کارەبا کارەبا چ بەزمەکی پێ کردین دونێ شەوێ، دەتگۆ ترافک لایتە؟

یەکی دی دەیگۆ: کورە پاشیوان دوو خیاری بخۆ هەر تێنیت نابی؟

عارەبانچی دەیگۆ: وەرە ئێرە خورمای شیرین و تازە بە دوو هەزاری؟

دەرۆزەکەرەک دەیگۆ: الله یساعدکم ساعدونی یااهل اربیل؟
یەکی دی دەیگۆ: هێواران هەر هیچت پێ ناخورێ پاش فتاری ڕاست دەکەوی؟
یەکی دی دەیگۆ:کاکە ئەو مەلایەی مە هیچ ئیشی نی یە بانگدان نەبی، پاشیوان هێشتا نانم نەخواردیە دەرێ الامساک یا ئومەتە محمد؟
یەکی دی دەیگۆ: کاکە هیچیان پێ ناکرێ لەگەر پارتی، پارتی سینگی داکوتایە؟
یەکی دی دەیگۆ: واللەی لەبەر خاتری تو نەبایە ئەوی خراپە پێم دەکرد؟
یەکی دی دەیگۆ: کاکە الحمدللە باش نی یە بە سەلامەتی لێرە دەرۆین؟
شاگردە مەتعمەک دەیگۆ: وەرە ئێرە فەرموو لادە تکە کباب تشریب قوزی مسحب..؟
مەلایەک دەیگۆ: بسم الله الرحمن الرحیم ..فاما من اوتی کتابە بیمینە..؟
یەکی دی دەیگۆ: کاکە نەفت فڕی دەبی معاش زیاد نەبی؟
یەکی دی دەیگۆ: بەینی یەکیەتی و پارتی توندە لەسەر هیچ و بەلاش؟سەری دوو بەرانان لەمەنجەرەکی ناکورێ.
یەکی دی دەیگۆ: بەو ڕەمەزانەیماندی بوومە هەندی بنووم، هەتا سعات ١ هەر ناستم نوێژی نیوڕانی دەکەم و دەنومەوە؟نەتێنیمە نەبرسیمە بەس تەواویش نیمە!
یەکی دی دەیگۆ: سەلامەت دەبی انشاللە گۆتیان نەخۆش بوی؟ نەخۆش ئەوی ئەمن دیتم کەس نەبینی اسعال بووم هەر لە ئاودەستی دەنوستم پێڕانەدەگەیشتم بێمە دەرێ!
یەکی دی دەیگۆ: کوڕە واللە روخایە بەس اعلان ناکەن یەک ئیش نارِوا؟

جاحێرەک دەیگۆ: دەرێن نەتیجە دەدرێ هەر خوا سترکا بەو گەرمایەی؟

یەکی دی دەیگۆ: کوڕە سیقە نەمایە لۆخۆت بزانە؟

شەربەت فرۆشەک دەیگۆ: وەرە ئێرە بابە مێوژی ئەصلە لۆ فتارێ؟

یەختیارەک دەیگۆ: گێ نادەمە اخباری ڕووداوی ٢ دەرجە زەختی هەردەستینی، بەس قەناتی رەسەنی محلی دەکەمەوە لۆ حەیرانان؟

مامۆستایەک دەیگۆ: ئەری تقاعدی یەکە ش نەهات، ٣٦٠ هەزارە بەقوڕێم گرت، چەندی بدەمە دەرمانی! چەندی بدەمەکارەبای مولیدەی و وەتەنی و ئاوی و چەندی بخۆم؟

سایەق تکسی یەک دەیگۆ: کورە کامیرای مروری باش ئیش دەکا، لۆ وەناکەن لەپێش و پاشی تێ دەکوتن....؟

یەکی دی دەیگۆ: زەریبە زەریبە لەمتعمیش دانرایە، بەخوای پارتی زەرەر دەکا ئەو مدیرەی لانەبا ئەو جارە پارتی صەوتی نایني!.ئەو ی لابەن ئەگەر زەریبەی بکەنە دووقاتیش قەیدی ناکا.

یەکی دی دەیگۆ: دەرێن دیسان دێگەرە دەبتەوە خەتی تماس ........ بەخوای پارەو ڕاتبی نەدەن چ بە جێژنان ناچی؟

یەکی دی دەیگۆ: نیوسعات مایە لۆ بانگێ ئەورۆشمان بەرێ کرد؟

یەکی دی دەیگۆ: هەرچی غەدرە لەمنی کردی یە شەوی لیلە القدریش دادەنیشی؟ واللە ئەمنیش بەس لۆ وی دادەنیشم وەکی بەتریوتی دوعایەکانی لەعاسمانێ دەتەقێنمەوە ناهێلم خوا عەفوی کا...

٢٠١٦-٦-٣٠

**مام قادرگۆتی:**

سارانی زوو چەند کەسەک بەتەما بوون حزبەکی دامەزرێنن، پێش دامەزراندن بڕیاریاندا ڕای پیاویکی ئاقر وەربگرن، چونە کنی و گۆتیان بەتەماینە حزبەکی دروست بکەین و هەتا خەرکی کوردستان رزگار بکەین لەو نەهامەتیەی کەتێیدایە، ئەوەش بەرنامەمانەو تێدەکۆشین خزمەتی خەرکی دەکەین بیخینەوە؟

کابرای ئاقر و دنیا دیتە گۆتی ڕاوەستن پێش ئەوەی بەرنامەکەتان بخینمەوە، ئەنگۆ کێ و کێنە وکێتان لەگەرە؟

گۆتیان ئەوەندە کەسەی وا لە بەرچاوتین؟

کابرا گۆتی: فشەیە؟

گۆتیان لۆ؟

کابرا گۆتی: ئەو کوڕەی منتان لەگەرە؟

گۆتیان ئا؟

گۆتی ئێ ئەوە کوری منە لەنگۆ باشتری دەناسم، بخنکێم لە تێنان بەرداخە ئاوەکی ناداتە من، خزمەتی خۆی پێ ناکرێ لەقسەی گەورە زیاتر هیچی پێ نی یە، ئەوجا کو خزمەتی خەرکی پێ دەکرێ، سبیانێش گەورە دەبی و دەیکەنە وەزیر یا ... هەی ترحێو ... لۆیێ هەرچ بکەن فشەیە فشە واز لەهەرخەرەتاندنی خەرکی بینن؟

حزبەکەش دامەزرا و قسەی کابرای ئاقریش هاتە جێ و بەڕاستی بوە فشە؟

٢٠١٦-٧-١٤

**مام قادرگۆتی:**

سەفەری ناخمان لەبیر کرد

مرۆڤ لەو سەردەمەدا سەفەری ناخی خۆی لەبیر کرد، هەر بەدوای دەرەوەی ناخی خۆیدا گەڕا تا وامان بەسەر هات، هیچ نەما نەی کات لە گۆرینی خانو و ئوتۆمبێل و موبایل و تەلەفزیۆن و جل و بەرگ و پێداویستیەکانی رۆژانەی، هەمومان گۆرینی ناخمان لەبیر کرد لۆیە ئیسراحەت و خەوی خۆش و دانیشتنی مەجلیسی و شنە با و خەوی سەربانان و سادەییمان لەدەست چوو، هەر گرنگیمان بە جەستە دا ناخمان ئیهمال کرد؟

خۆمان نەناسی هەر لەدەرەوەی شتەکان دەڕوانیین، لەناخی خۆمان ناڕوانیین، پلان نەما بەدوای نەکەوین لەدەرەوەی ناخ، ئارەزوو نەما خەونی پێوە نەبینین، بەڵام نەمانزانی گەنجینەی بەختەوەری و کامەرانی و دلشادی لەناخی خۆماندایە، کەشێکی ئارام و هێمن و سادەیی لە ناخی خۆماندایە، ڕێگای خۆناسین و بەختەوەری پارە زیادکردن و ژمارە و ماڵ و مولک نی یە؟

خۆت بناسە بیرو هزرت پەرە پێ بدە تۆ کێیت؟

تۆ مرۆڤیکی بەندەی پەروەردگاری کە خۆت ناسی و بەدوای ناخی خۆت کەوتی، ئەوا خوای گەورەش دەناسی (من عرف نفسە عرف ربە )، ئەگەر خۆت ناسی ئەوا خەلکیش دەناسی، ئەوا هیوا و ئامانج و ئاواتت دێتە دی، ئەگەر مرۆڤێک پارەو سامان و شهادە و مولک و ماڵ و دەسەڵاتی لێ کەیەوە ،هیچی نامێنێ تەنها کەرامەت و شەهامەت و تەقدیر نەبێ کە خوای گەورە ڕیزی لێناوە؟

ئێمە لەچاوخۆمان شتین لەچاو شتەکانی تردا هیچ نیین، مرۆڤ خۆی لە خۆیدا گەورەیە ئەگەر بەناخی خۆیدا گەڕا توانا و هێز و تاقەکانی دۆزیەوە ئەوا بەختەوەرە، ئەگەر بدوێین لەگەل ناخی خۆمان ئارامی و ئیسراحەتمان بۆ دەگەرێتەوە، ئەگەر نا

وەک دلۆپێک ئاو دەکەوینە ناو دەریایی بی بن و ون دەبین، سەدان جار بەگەرمی دەبینە هەورو دەبینە باران و دەرژێینە سەر زەوی، ئەو ئاوە جوانەیە کە تێنویەتیت دەشکینێ نەک پەرداخیکی جوان و رەنگاو رەنگ،بۆیە هەردەم تینوین..................
٢٠١٦-٧-٣٠

**مام قادرگۆتی:**

هەندە کەس هەیەکەدەگاتە برادەرەکەی زەمی برادەرەکەی دی دەکاتن، دەرێ خراپە ئەو هاو ئەو هایە زمانی بەباشی ناگەڕێ ،کە گەیشتە ئەوی دی دەرێ ئێ برام کوی حال و وەزعت کوە بەخوای لۆ خوای ئەتوم خۆش دەوێ.

دەک ڕەبی لەقوڕێت نێم ئەگەر وایە، هەی ڕەبی خوا ئەو زمانەت ببڕی کە دوو ڕووی خۆ خوا ئاگای لێ یە چت پێ دەگۆ!!

ئەوە فەسادی یە ئەوە گەندەلی یە، ئەو نەوعە کەسانە دەردو شێرپەنجەی کۆمەلن! شیرازەی کۆمەلایەتیان تیک دایە، ئەو زەمانەی زۆربەی زمانەکان بە باشی ناگەرێن، هەتا قیادیەکانیش لۆیە توشی ئەو وەزعەی بوینە، پیاوی باشیش مایە بەس کەس حسابی لۆ ناکا، چونکە زروفەکە ئی وی نی یە؟ خوای گەورە لۆمان چاکا.

٢٠١٦-٨-٩

**مام قادرگۆتی:**

نەفێرم لەخۆم کردی یە نەفێرم لەکەس کردی یە، لەیەک حالەت نەبی!

ئەگەر کەسانی خۆشەویستی ئەو دڵەم کەوتبنە ناخۆشی و مەترسی و تەنگانە، ئەوا فێرم لەخۆم کردی یە و فێرم لەوانیش کردی یە، دەستم گرتینە و قیتم کردینەوە، زروف و بارودۆخ چەند

ناخۆشیش بوبیت دڵی خۆم و دڵی ئەوانم خۆش کردی یە، ئەگەر هەندەکیشیان پاشان کەتبنە خۆشی و ئەمنیشیان لەبیر کردبی، ئەبەد پەشیمان نیم لەو فێر لەخۆکردنەم لەپێناوی بەختەوەری کەسانی دی .

٢٠١٦-٨-١٢

**مام قادر گۆتی:**

وەختی خۆی لەبازاری شارەکی دوو فەقیر پەیدا ببون وەزعیان باش نەبوو، یەکیان دەیگۆ ئەگەر خوا نەتداتیٚ بەلاشە! دوەمیان دەیگۆ ئەگەر پاشا نەتداتیٚ بەلاشە! پاشا ئەو خەبەرەی زانی و هاتە ناو شاری، هەردوکیانی لە دور دیت و بەخۆی گێی لەقسەکانیان بوو.

گۆتی یە خزمەتکارەکانی هەموو رۆژی قاپە شیوەکی دەدەنە ئەوەی دووەم کەدەریٚ ئەگەر پاشا نەتداتیٚ بەلاشە! بەشەرتەکی پێش ئەوەی شیوەکەی لۆ ببەن بەکن من دابینن.

ماوەکی پیٚ چوو، پاشا گۆتی ئەریٚ جماعەت اخباری دوو فەقیرەکەی چی یە؟

جماعەت گۆتیان: فەقیری دووەم ئەوەی قاپە شیوەکەی لۆ دەبەین هەر لەجێی خۆی مایە.

بەس ئی یەکەم ئەوەی دەیگۆ ئەگەر خوا نەتداتیٚ بەلاشە دیار نی یە!

پاشا بەخۆی هاتە ناوشاری و چوە کن ئەو فەقیرەی دووەم گۆتی: برا ئەوە کوە ئەتو هەر لێرە مایی؟

فەقیر گۆتی چبکەم دەستکورتی و نەبونی یە!

پاشا گۆتی: ئەدی ئەمن هەموو رۆژیٚ قاپە شیوەکم لۆ دەناردی چت لیٚ دەکرد؟

گۆتی واللە نیوەی قاپە شیوەکەم دەخوارد ونیوەکەی دی

دەماوە هەرم دەگرت لۆ فەقیرەکەی دی ئێواران دەهات دەیبرد!
پاشا گۆتی دەزانی چ لەبنی قاپەکەی دابوو؟
فەقیر گۆتی نا واللە!
پاشا گۆتی: هەموو ڕۆژێ یەک لیرەی زێڕم لۆ لەبنی قاپی دادەنای!

٢٠١٦-٨-١٨

**مام قادر گۆتی:**

پێش جێژنەی قوربانێ بوو ساری ٢٠٠١ داکم گۆتی کوڕم دە بڕۆ گۆلکەکی بکڕە لە مەیدانی حەیوانان لۆ قوربانی، با ئەمەش لۆ خێری خۆمان چەند ناوەکی تێبکەین هەتا لەسەر پردی سیڕاتێ بمان پەرینتەوە لەرۆژی قیامەتێ، گۆتم دایە گۆلک چەند کەسی هەر دەگری؟ گۆتی ئەو جە ئەمن چزوانم توخمە سە دەبڕۆ پرسی مەلای کە؟

ناعیلاج چومە مەیدانی حەیوانان خزمەکم لەوی هەبوو،گۆتم کاکە داکم سەلامت لێ دەکا گۆلکەکی دەوێ لۆ قوربانی، گۆتی بەسەر چاوان،گەڕاو سوڕا گۆتی ئەوە گۆلک بای ئەوندەیە، ڕۆژی دووەمی جێژنەی لۆت دەنێرینە ماڵێ لە گەر قەصابی .

رۆژی دووەمی جێژنەیە سەعات ٨ ی سبیانی گۆڵک هاتە بەر دەرکەی، کاکە گۆڵکیان هینا خوارێ لە پیکەبی و قەصاب پێی گۆڵکی بەستاوە و چەقوی حازر کرد لە ملی نی، گۆلک لۆ هەر نەستاوە قۆچەکی لەسمە قەصابی دا بەدیواری دادا، حەمەی سایق لەترسان خۆی لەناو پیکەبی نا، گۆڵک کەتە کۆرانێ غاردە ها، قەصاب بەچەقوی لەدوی غاری دەدا و گۆلکیش هەندەی دی پێی بەغاری دەنا، مام سمایل و حاجی توفیقی جیرانمان دەیان ویست بگەنە یەک دەستی یەک ماچ کەن (اللهم المصلی علی سیدنا محمد ) کرد، حاجی توفیق گۆتی یە مام

سمایلی کوڕە هات خۆت قوتار کە، گۆڵک لۆیان چو مام سمایلی بە قەمەرەی مامۆستا جلیلی دادا قەمەرەش دوو ڕۆژە کڕایە، بڕۆ بکەوە دوو گۆڵکی، گەڕەکی مەی بڕی کەتە تەیراوەی بن لەیلوگان لای مزگەفتی حاجی عەبدولای حەمامچی، گۆڵک لۆ کێ دەچوو زەلام و منداری دەپساند، لەیلوک کەسی لەسەر نەما بوو و چەرخ و فەلەکیش ئەوەی برند بوو دەیقیژاند و ئەوی دی زۆربەی خۆیان فڕێ دابوو، رۆژی حەشرێ بوو؟ کابرایەک دوو رۆژ پێشتر دیتم دەرۆزەی دەکرد لەبن دیواری مزگەفتێ دانیشتبوو لاقەکی نەبوو خەرک دریان پێ دەسوتاو خێریان پێ دەکرد، ئەو رۆژی دیتم لەو ماراسۆنەی لەپێش هەمووان دەرۆیی بەلاقی ساغ و عەلاگەی پارەشی لەدەست بوو؟

گۆڵک جادەو جادە ڕۆیی لۆ هەورازی تەیراوەی هەتا نێزیک حەدیقەی کورد و عەرەبی، لۆ گۆڵک نەچوە ناو مەخفەری شورتەی تەیراوەی، قەڕەبارغیەک هەبوو لە ناو مەخفەری دوو کەس بەشەڕ هاتبون، گۆڵک کەتە ناو مەخفەری شوڕتەی کەس نەبوە برای کەس، زابت دەرکەی لەسەر خۆی پێوەدا هەر هاواری دەکرد عەریف مجید لە کێی؟ جوابی دەداوە سەیدی لەسەربانێ مە، قادر گۆتی: ئەو دوو کەسەی بەشەڕ هاتبون لەگەر یەک دو جاحێر بوون پاشان زانیم ئەوانە بەشەڕ هاتینە لەگەر یەک، پشتیان لۆیەکتری دانابۆوە بەسەر دیواریدا هەرا تبوون لەترسی گۆڵکی ئاو دیوی گەڕەکی دۆمان ببوون .

گۆڵک دەیویست بەسەر بانی مەخفەری کەوی، عەریف مەجید گۆتی سەیدی سەیدی ئەوە بەسەر قاندرمەی دەکەوی لێم، چ بکەم بازدەم لۆ ئەو دیوی یا بیکوژم؟

ئەمەش هەموو لە پەنا دەرکەی مەخفەری ڕاوەستابوین، عەریف مەجید تەقەی لەتەفەنگی وەهینا لەسەر ڕا گولەی لە گۆلکی قوربانی دا و بەری داوە لە خینێی گەوزاند.

داكیشـم گەیشـبووە پێش مەخفەری،گۆتـی ڕۆرە قـادر چتـان كرد تاخیر بون؟ گۆتم دایە وەاللە زەحمەتە بەو گۆلكەی لەسەر پردی سـیراتێ بپەریـەوە، گۆتـی ئەیـەڕۆ لـۆ كـورم؟
گۆتـم گۆلـك ئەتـو خـۆش ئەگـەر هەموشـمان نەگیرێیـن باشـە، وا زابتـی شـورتەی دوو نەجمـەی مەخفـەری لـەژۆرێ كـردی یـە .
٢٠١٦-٨-٢٢

**گۆتم مام قادر كوی؟**

گۆتی واللە بەتەمای خوای گەورە باش دەبی انشاالله

گۆتـم ئـەرێ مامـە ئەتـو سـەرت لەسیاسـەت دەردەچـی ئـەو وەزعـەی كـو دەبینـی؟

گۆتی دختۆر قسەم پێ دەكەی دیسان؟

كو دەبینم ئەو وەزعەی هەروەكی هەنگینەكەی داكی مندارانە، گۆتم مام قادر هەنگینی چ؟

گۆتی كاكە بەینەكی وەزعم باش نەبو لەمارێ، فاتێش پرتـەو بۆرەی دەهات، خەجیجیش تەگبیری لۆ كردبو ئەمن ئاگام لەهیچ نەبو، ئێ چ بكەم عومرەو پیری یە واغلۆر دەبینەوەزەوق نەمایە، سبیانەكی داكی منداران هەر گازی دەكردم قادر لۆ هەر ناستی نانت بخۆی؟ ئەوەندەی ئەو ژنە لەكنە منە بە حە یاتی بەس پاش شیوانی رەمەزانان ئەمنی گاز كردی یە، ئەرێ قادر ئیمساكە لۆ هەر ناستی، دەبی چی لەبن سەری بی ئەرێ خێرە گازم دەكا بەهەرە داوان!

كاكە هەستام وەكی جاران نان و چایەكی بخۆم، تەماشای سەر سفرەم كرد یەك قاپە هەنگینی سپی ئەسلی داندرایە لەگەر قەیماغ و ماستی؟ هەندی لەمێشكی خۆم لێكمداوە تێنەگەیشتم مەسەلە چی یە؟

هەرئەوەندەم گۆت ئەرێ ئەو هەنگین وتەرتیباتە لۆ قادری یە

بەو سبیانەی؟

داکی منداران گۆتی ئەیڕۆ قادر ئەدی لۆ کێ یە؟

ئەمنیش بیجامەم هینا خوارێ و سەری کابرام لەناو هەنگینی نا و لە ناو قە یماغی نا و لەناو ماستی نا! گۆتم دەبخۆ دەی ئەوە لۆ توە.

فاتم گۆتی ئەیەڕۆ قادر ئەوە شێت بووی؟ گۆتم کو شێت نەبم ٤٠ سارە لەکن منی بەس ماستت دایمێ سبیانان، تەگبیری خەجیجی نەبی لۆ ک........ ئەتو قەیماغم دەدەیێ.

٢٠١٦-٨-٢٨

**مام قادر گۆتی:**

لەگەر ئینگلیزان ئیشم دەکرد سارانی ٤٠ کان لە کەرکوکێ، فۆرمەنەکمان هەبو ناوی( جیرارد بو)، دەیگۆتە من ئەتو رۆژێ فێری چەند کەلیمەکی کوردیم بکە، ئەمنیش فێری چەند کەلیمەکی ئینگلیزیت دەکەم؟

رێککەتین رۆژی یەکەم (جیرارد) چەند کەلیمەکی فێرکردم بەس چ مانای هەبوو برا:

گۆتی: حوکمی شار بە شارستان بکەن، حوکمی شاخ بە شاخستان بکەن، ئوفیس بە شاخی بەرێوە ناچی! شاخیش بە ئوفیسی بەرێوە ناچی، حاکم دەبی شارستان بە سجن حوکم بدا نەک بە پارە، شاخستان ودەشتەکی بەپارە حوکم بدا نەک بە سجن.

مام قادر گۆتی سڕەی من هات گۆتم:کەنگی ئەنگۆ کوردی دەکەنە شتەک؟ گۆتی دونیا بەخۆی کەمی مایە تێکچی موشکیلەی گۆ نازانن تعامل لەگەر خەرکی بکەن؟ گەورەنە خۆتان گچکە دەکەنەوە، گچکەنە خۆتان بەگەورە دەزانن! لەگەریەکدی تەبا بن هەر بەخۆتان دەولەتن، ئەگەر نا لۆ ئینگلیزی و دنیایێ نیعمەتن!

لۆیەکتریـش نیگەبەتـن، حکومەتـی بەغداتـان دامەزراندیـە، بەقسـەی تـاران وئەنقەرەودیمەشـقی تێکـی دەدەن؟

٢٠١٦-٨-٣٠

**مام قادر گۆتی**

تۆبـەم کردبوو لەگـەر دوو برادەری دی،گەڕاینـەوە و نوێژمـان دەکردوو ڕۆژیمـان دەگرت و وازمـان لەخواردنـەوەی هینـا، پێشـتر مشـروب نەمـا بـوو تەجربـەی نەکەیـن، خـوا هیدایەتـی دایـن و وازمـان هینـا.

ڕۆژی جومعـەی چوینـە خوتبـەی لەگـەر تەحـۆ و جەوهـەری، مـەلا دەسـتی بەخوتبـەی کـرد گۆتـی: ئـەوەی عارەقـی بخواتـەوە و سـەرخۆش بی و بمری ئـەوە خـوای گـەورە: بەسـەرخۆشـی زینـدی دەکاتـەوەو بەسـەرخۆشـی حـەق و حسـابی لەگـەر دەکا و بەسـەر خۆشـی دەیباتـە جەهەنەمـێ؟ تەحـۆ دوو هەفتـە بـوو وازی هینابـوو هەنـاوی دەسـوتا، گۆتـی یـە مـن ئـەوە دەبـی چ عارەقـەک بـی قـادر! گۆتـم ئەوەجـە ئەمـن چزوانـم بەخـۆم وا برینـم دەکولێتـەوە؟

٢٠١٦-٩-١

**مام قادر گۆتی:**

رە شـید ئاغـا دەیگـوت شـەوی ١٤/١٣ تەمـوزی سـاری ١٩٥٨، سـەربانی دیوەخانـی بابـم لەگونـدی جمـەی دەهـات لـە خەرکـی هەتـا تێـرو پڕیـان خـوارد، بابـم ٤ زەلامـی دانابـو بـە تیـرۆگ و دووگـردی باوشـینەیان لـەو خەرکـەی دەکـرد، بابـم ئاغـەی گونـدی بـو لۆخەرکەکـەی بـاش بـوو، مارمـان لەپەرگـەی گونـدی بـوو لـەدەو بەسـتێ، ئـەو شـەوی محمـود و عمـر کاوڕەکیـان بەتەنـێ خـوارد، دەشـیان گۆ زۆر گەرمایـە؟ بابـم هـەرگازی عەبـو قاوەجـی دەکردکـوڕە ئاویـان لـۆ بینـە؟

هەتـا کەرەبابـی ژن زیزبونـان بانگـی دا، دەوری سـعات ١١ ی شـەوێ ڕۆیشـتن هـەر کـەس لـۆ مـاری خـۆی چ عەیبیـان نەبـوو؟

کاکـە سـبەینێ هـەر ئـەو خەرکـەی شـەوێ کەلەدیوەخانـێ بـوون هاتنـە سـەرمان، بـەردی بەسـتێ نەمـا نەکەویتـە حەوشـەی مـە، محمـودو عمـر لەهەمویـان خراپتـر بون،گاشـە بـەردی وایـان دەوەشـاندینی دەشـیانگۆ هـەی گەوادینـە لـۆ نایەنـە دەرێ؟

رەشـید ئاغـا گۆتـی ئەمـەش نەمـان دەزانـی چ بـوە، بابـم گۆتـی کـوڕم ئـەوە لـۆ وەدەکـەن ئەوانـە! ئەمنیـش چومـەدەرێ قسـەی لەگەریـان بکـەم بزانـم لـۆ وەدەکـەن ئـەو شـەعبە ڕووتـە؟ گۆتیـان زەعیـم دەرێ لێیـان دەن و دەریـان کـەن؟

گۆتم زەعیم کێ یە؟ شاپەکیان لێمدا گۆتیان عبدالکریم قاسـم، ئـەوی لێـی دام هەمـودەم لەگـەر بابـم لەلەگەنەکـی نانیـان پێکـەوە دەخـوارد، بابـم بەشـە گۆشـتی خۆشـی دەدایـێ. ئـەوە چاکەکـەی بـوو دایـەوە، ١٢ سـعاتی نەبـرد لێمـان هەرگـەڕاوە.

٢٠١٦-٩-٢

مام قادرگۆتی:

بەجیـراردی ئینگلیـزم گـۆ کەلیمـەی نـەزان مەعنـای چـی یە؟جیـرارد گۆتـی جـۆر مرۆڤـی نـەزان هـەن

نەزانی زانا، زانای نەزان، نەزانی عیناد!

گۆتم تێ ناگەم لۆم شرح کە مستر جیرارد؟

گۆتـی: نەزانـی زانـا ئـەو کەسـەیە دەزانـی نەزانـە داوای فێربـون وزانایـی دەکا.

زانـای نـەزان ئـەو کەسـەیە زانایـە بـەس بەخـۆی نازانـی کـە زانایـە پێویسـتە ئـاگادارو وشـیار بکرێتـەوە کـە زانایـە.

نەزانـی عینـاد ئـەو کەسـەیە بەخـۆی دەزانـی کـە نەزانـە بـەس عینـادە و اعتـراف بـە نەزانی خـۆی نـاکاو نایـەوێ کـەس فێـرە زانسـت

وزانایشی بکات.

گۆتم پەککوف! ئەوانە بەس لەناو کوردان هەنە یان لەهەموو دونیایێ؟

گۆتی یەکەم و دووەمم دیتی یە لە هەمو دونیایێ....

سێیەمیش وا دەبینم لەناوکوردی لەو مەنتیقەی هەتا دەچی یە بەغدایێ.....

نەزانی عیناد ڕێک ناکەون لەگەریەک بەکەسیش نایەنە ڕایێ.....

٢٠١٦-٩-٦

**مام قادر گۆتی:**

مرۆڤ بینایەکی دروستکراوی دەستی خوایە، خواش نەعلەت و نەفرەت لەو کەسە دەکات کە دەیروخێنێ: (الانسان بناء الله لعن الله من یهدمه(ئەوە فەرمودەیەکی دروستی پێغمبەری ئیسلامه (محمد) درودی خوای لەسەر بێ .لەو ووتە گەورەتر دەبێ چ بێ بەنسبەت قانونی دەولی ئینسانی، ئەورۆ وولاتانی غەیرە ئیسلام لۆ خۆیان ئەو ووتەی جێ بەجێ دەکەن؟

بەلام هیچ قیاسەک و ریزەک لۆ ئەو ووتەیە نی یە لەناو ئەو هێزو دەسەلات و حکومەتانەی حوکم بەناوی ئیسلام دەکەن، داعش دەبی ئەو فەرمودەی نەدیتبی یا لۆ روخانی بینای خوای گەورە کار دەکات.

هەموو ئەو حزب وتەریقەت و حکومەت و دەسەلات و دەولەت و فکرە ئیسلامیانەی کە شیعاری ئیسلام لە دەستور وبەیداخیان دەنوسن، دەبی ئەو فەرمودەیان نەدیتبی یا لۆ بەمولک کردن و تاپۆکردنی ئەو بینایە کاردەکەن، تا لەسەر ناوی خوای گەورەی لابەرن و بەناوی خۆیان بکەن و ئەگەر پێیان تاپۆ نەکرا بیروخێنن، وەک ئەو وەزعەی ئێستا کە خەلک و

مرۆڤایەتی کەسایەتی بێ هێز و بێ دەسەڵاتی لێ دێتە بەرهەم.
لۆ هەموو حاکمێکی لەو شێوە چاوەرێی نەعلەت و نەفرەتی خوای گەورە بن ئەگەر ئەو ئامانجەتان هەیە، ئەگەر نا لێک تێ بگەن ومرۆڤایەتی بەو دەردە مەبەن و ئەو وەزعەی چا کەن؟
٢٠١٦-٩-٨

**مام قادر گۆتی:**

مانگی یەکی ساری ١٩٩٦ لەپێش دوکانی مام رەحمانی رەحمەتی دانیشتینە لەهەولێری لەگەرەکی تەیراوەی بەارمبەر مزگەفتی حاجی عبدالله ی حمامچی، خۆمان دایتە بەر رۆژێ دەوری سەعات ١١ ی پێش نیوڕانێ یە، ڕۆژی پێشتر بارانەکی زۆر باری بوو ئاو هەستا بوو چووبوە ناو دوکانی مام رەحمانی، دوو سێ فەردە برنجی تەڕ ببوو لەگەر ئەو فەیەزانەی، برنجەکەی فەل کردبوو لەبەر رۆژێ هەرێخستبوو لەسەر بەتانیەکی کەسکی گەورە، برنجەکەش حیصەی بایعی خەرکی بوو، ئەو وەختی جماعەتی یەکیەتی دەستیان بەسەر هەولێرێ داگرتبوو، پارتی کەتبوە لای مەلا ئۆمەرو مەصیف و ئەو دیوی؟ وەزعەکی ناخۆش بوو لۆ هەموو خەرکی ڕۆیی نەیتەوە.
مام رە حمان بەدر پارتی بوو بەس لە هەولێرێ مابۆوە کاسب بوو، برادەران هیواو و ڕوستم و قەهار و عادل و لقمان کوێخا لەگەرمە دانیشتبون لەسەر کورسی مقەبای تەبەقە هێلکەی، لەبەر ڕۆژێ لەدەوری برنجەکەی مام رەحمانیان تورە دەکرد؟ دەیان گۆ ئەتو گێرت گۆڕیە و بات دایتەوە و بویە یەکیەتی؟ مام رە حمانیش هەر خۆی کڕکرد و هیچ جوابی نەدانەوە، ناوە ناوە دەستی لەبرنجەکەی دەدا و دەیهینا و دەیبرد و هەرگێڕو وەرگێڕی دەکردو هەتا کردیە قۆمەت و وەکی گردو ڕەبایەی لێ کرد؟

ئەوانیش هەر لەسەر بەزەمی خۆیان بون، دەیان گۆتە مام رەحمانی ئەتو کو دەبی واز لە ئامانج و بیرو ڕای خۆت بینی و هەویەی یەکیەتی لەباغەرت دانێی، و پیاو نابی واز لە مەبدەئی خۆی بینی ئەتو مەلایی بووی نەک پارتی؟

مام رەحمانم دیت هەستا چووە ناو دوکانێ! هەر ئەوەندەم دیت ڕەسمەکی (مەلا مستەفای بارزانی) رەحمەتی هینا ڕەسمی مەسیرەی بوو بەدارەکی وەبوو، هینای لەناوەندی قۆمەتە برنجەکەی چەقاند،گۆتی هەی گەوادینە ئەمن گۆڕایمە یان ئەنگۆ؟ ئەگەر ئازانە مەرۆن دانیشن؟

دانشتنی چ یەکیەتی حوکمی هەولێری دەکا؟ ئەوی بۆنی پارتی لێ بێ دەگیرێ ،ئەوجە رەسمی مەلامستەفای لەسەر جادەی بی؟

ڕۆستم پشتاو پشت بەربۆوە و هەرات کەتە کۆرانێ پێراویشی بەجێ هێشت.

هیوا زمانی لار ببوو چوبوە ناوەندی رەصیفی!عبداللە حمبال لێی پرسیبوو ئەوە لۆ لار دەڕۆی چدەکەی لێرە، گۆتبوی دەچمە مزگەفتێ تەنگاوم تومەز ئیسعال ببوو.

قەهار هەرا تابو لەناو جادەی پاسکل لێی دابوو، دە یگۆتە کابرای ئەتو کو بێ ئیجازە مانتۆری داژۆی؟

عادل لەترسان چوبوە ماری مامی دوو شەوان لەوێ نوستبوو لەترسان، دەیان گۆ بەفارسی قسەی دەکرد؟

ئەمن لەجیاتی سەرکردایەتی سیاسی کوردی بم واللە ی وەکی مام رەحمانی ئیعلانی سەربەخۆیی دەکەم چ دەبی با ببی؟ با هەندەک پێراوی بەجی بێلن و هەندەک ئیسعال بن و هەندەک پاسکلیان لێ ببتە ماتۆر و هەندەک بەفارسی قسەی بکەن؟برنجەکە هەر تەڕبوە بوە لەوەی ناخۆشتر نابی؟

٢٠١٦-٩-١٠

**مام قادر گۆتی:**

کاک ئەحمەدی برادەرم دیت دوو رۆژ پێش جێژنەی قوربانێ، پاش عەسرەکی تاخیر بوو، زۆر عاجز دیار بوو،گۆتم برا لۆ وا عاجزی؟ گۆتی چت لێ بشارمەوە توشی صدمەی بومە،گۆتم دەبرێ بەبای کە بارت سوک کە لەکنە من؟

گۆتی بانگی عەسرێی دا ئەمنیش نێزیک بوم لە مزگەفتی حاجی عەبداللە ی حمام چی لەتەیراوەی، چومە مزگەفتێ نویژم دابەستا سورەتی فاتحەی رکەعەتی یەکەمم تەواو کرد کابرایەک هاتە تەنیشتم دەستەکی لەڕانم دا! گۆتی ئەمنیش هیکەکم لە خۆ زانی و زەننەکی خراپم لێی کرد،گۆتم باجارێ موبایلەکەم لەو بەرکەی دەرینم نەوەک بیبا لەبەرکەکەی دی دانێم؟ پاشان وەکی لە نویژێ بوینەوە حسابەکی دەست لێ دانەکەشی لەگەر دەکەم؟

نوێژمان تەواو کرد سەلامم داوە تەماشای کابرام کرد هەردوو چاوی کۆرەیە! زۆر هەستم بەشەرمەزاری کرد بەرامبەر خوای گەورە لۆ ئەو زەننە خراپەی کە کردم لەسەر ئەو کابرا حافزەی؟دەبی خوا عیتابم لێ نەگری؟ لۆیە تکا دەکەم زەننی خراپ لەسەر یەکدی مەبەن.

٢٠١٦-٩-١٤

**مام قادر گۆتی:**

سارانی ٨٠ یەکان مام کارەسول هەزار رەحمەتی لێ بی لەگەرەکی تەیراوەی شاری هەولێرێ فڕنی نانی هەبوو، منداربوین سبەینان دەچوین سڕەمان دەگرت نانی گەرممان دەکڕی لەفرنیەکەی، پاشی ٤٠ ساران ئەوڕۆ چوم ڕەسمەکم گرت لەپێش فرنیەکەی.

قسەکی مام کارەسوریشم بەبیر هاتەوە، وەختی خۆی ئەگەر

شـاگردەکی گرتبـا بەنوێتـی لـۆ فڕنـی، بـەدزی ١٠ فلسـی فـڕێ دەدا بن پێیان لـە ژۆرێ، ئەگـەر شـاگردە نوێیەکـە پارەکـەی هەرگرتباوەو بیدابایـە مـام کارەسـولی؟ هێـوارێ دەیگۆ بابی بابـم سـبەینێ وەرەوە ئیشـێ .

ئەگـەر شـاگردەکە پارەکـەی لەگیرفانـی خـۆی نـا بـا؟ هێـوارێ دەیگۆتـە شـاگردەکەی (گـدۆ) ئیـش زەعیفـە مەێـوە ئیشـێ قەیرانـە لەنـاو بـەڕکان!

٢٠١٦-٩-١٨

**مام قادر گۆتی:**

ساری١٩٨٤ســەیارەکی لادەی مودیـل١٩٧٧م کـڕی، لـۆ مـن هیـچ عەیبی نەبو بـەس وەکـی کڕیـم ڕادێتـەی ئـاوی لـێ دەچـو ،گۆتیـان سـبەینێ بـڕۆ صناعـەی شـیمالی نـاو فیتـران لـۆت چـا دەکـەن؟

ئەمنیـش گۆتـم لادە LADA ڕوو سـی یـە بەخـۆی گـەرم دەکات دەبی چاکـی کـەم، لادەی سـاغ بەسـەر مەصیفـی کـەوی دەبی پێشـتر لـە گونـدی بانەمانـێ سـعاتەک ڕاوەسـتی وئـاوی بەرادێتـەی داکـەی و سـاردی کەیـەوە ئەوجـە رادێتـەی کـون بـی کـو بەسـەر مەسـیفی دەکـەوی، ئـەو وەختـی مصیـف ١٤ لۆفە بوو. لادەش وەکـی سـەیارەی ئیسـتا نەبـوو. چ نەفەقیـش نەبوولەبـن مەصیفـی.

لۆسـبیانێ چومـە نـاو فیتـران، مانگـی تەمـوزە گەرمایـە ڕۆژ سـەری کەچـەران دەسـوتێنی، لـە کـن دووکانەکـی ڕامگـرت گۆتیـان بەسـیتە ئەمـە ڕادێتەرەکـەی دەکەینـەوە، ئەتـوش بیبـە دوکانـی مـام (جلیل کیـر ڕیوی) لەسـەری فەرعـی کۆرانـی دوەمـە لـەلای حەریقی!

ڕادێتـە لـێ کـراوە و لەباوەشـی خـۆم گـرت وبـەو گەرمایـەی ئارەقە لەپشـتی ملـم بـە قونمدا دەهاتـە خوارێ، دوجـارم دانـا عاردی هێنکـە بـڕ ببـووم، ڕادیـۆش دەنگـی دەهـات ئیـران هجومـی کردبـوو لـە جەبهـەی حاجـی ئۆمـران هـاواری دەکـرد (هـا خوتـی هـا... هـا )،

لەدری خۆم گۆتم ئەمن ئەفەندی و ئەو ناوە قۆرە (جلیل کیر ڕیوی) رادێتەچی کوجا مەرحەبا؟ گۆتم دیارە لەقەبە!
بەس چبکەم ناچارم گۆتم با پێش ئەوەی بگەمە دوکانەکەی پرسیار بکەم بزانم کیهان دوکانی ویە نەوەک توشی شەرمەزاری ببم؟ گەیشتمە دوکانی پێش سەری فەرعی:
سەلامم کردو گۆتم ئەرێ زەحمەت نەبی کیهان دوکانی مام (جلیل کیر ڕیوی) یە؟
ئا کاکە قەوما چەکوچی لەحیم قەرەی بە بن گێمدا گڤەی هات رۆیی، کابرا کەتە دوم دەتگۆت گەمەی تیلیماکە بەینی ٥ سەیارەمان کرد ئەو هەر لەدوم بوو، نازانم ئەمن لۆ رادێتەرەکەم دانەدەنا؟ جونی دەدا دەیگۆ هەی گەواد ....داکی ئەوەی بگێم مشتری وەکی توی لۆمن دەنێری؟ ئەو چەکوچە بەداکی ئەو فیتەرەی؟
ئەمنیش تێی نەدەگەیشتم مەخسەدی چی یە، تومەز ئەوە بەخۆی بو مام (جلیل کیر ڕیوی) بوو؟ ئەمن چزوانم یەکەم پرسیار ئەو دەردەچی چەندەش بەحساب خۆم پاراست ئەوەش بەزمی لادەوفیتەری.
٢٠١٦-٩-٢٤

**مام قادر گۆتی:**

ساری ١٩٨٥ لە هەولێرێ لە گەرەکی تەیراوەی لە دیوەخانی مام حاجی سابیری دانیشتینە هەزار ڕەحمەتی لێ بی، وەزعەکی ناخۆشە حزبی بەعس حوکم دەکا و دەستیشی هەیە لە تێک بەردانی حزبە کوردیەکان لە شاخی.
حزبەکان یەک نەبون بگەیشتبانەیەک وەکی دوپشکی بەیەکتریان وەدەدا، هەموش بەنسبەت بەعسی دوپشک بون؟ بەرام بەعس تانیبوی وەیان لێ بکا بەیەکیان وەنێ، هەزارو

یـەک قارەمانیـان لـە یەکتـری کوشـت هـەر بەقسـەی ئـەو ئـەوی، هەتـا بـەرەی کوردسـتانی دامـەزرا لەسـاری ١٩٨٦و بونـە پیـاو. دەبوە سـعات ١١ شـەوێ مـام حاجـی سـابیر دەیگۆ کڕبن، مەوجی ڕادیۆیەکـەی دێخسـتە سـەر ئیزاعـەی بی بی سـیBBC لنـدن ی عارەبـی وبەتەشویشـەوە؟ دەیگۆتـە یەکمـان بـاش گـی بدێ و لـۆم برێوە دوایێ، نـەک وەک ئێسـتا ٣٠٠٠ قناتـی سـەتەلایت هەیـە جگـە لـە داخلـی و رادیـۆەکان، کـە زۆریـش بـێ کەلکـن؟

ڕۆژەک گۆتـم مـام حاجـی ئـەو وەزعـەی کـو دەبینـی؟ گۆتـی قـادر کابرایـەک دوژمنداری لەگـەر سێ کەسـان هـە بوو، هـەر سێ کیـش یـەک لەیـەک گەورەتـر و ئاقـر تربوون،کابـرا ڕۆژەک هـەر سێ کەسـی لـەڕێ یەکـی پێکـەوە لـێ بـەدەر دەکـەون، بـەس کابـرا زۆرلـەوان ئاقرتـر بـوو! سێ کەسـەکەش کـە دوژمنـی بوون: یەکـەم شـێخ بـوو، دووەم سـەید بـوو، سـێیەم مـەلا بـوو.

کابـرا فکـری کـردەوە دەرەقەتـی هـەر سـێکان نایـێ و ئـەو بەتەنـێ؟ یەکەمجـار گۆتـی یـە شـێخی: ئـەوە سـەیدە ئـەولادی پێغەمبـەری نـازدارە و پیاوەکـی موبارەکـە، و ئـەوەش مامۆسـتایە و مەلایـە و دوازدە عیلمـە و ماندیبونەکـی زۆری کـردی یـە هەتـا ئـەو عیلمـەی وەرگرتیـە، بـەس بەمـن نارێـی ئەتـو چـی نـاوت لەخـۆت نایـە شـێخ؟ وەریگەرایـێ تێـر و پـڕی لـێ دا هەتـا نوقـەی لـێ بـری و تـەواوی کـرد؟

سـەید و مـەلا چ قسـەیان نەکـرد! کابـرا ڕووی وەرسـوراندە سـەیدی،گۆتی سـەید مامۆسـتا حوجـرەی عالمـان نەمایـە نەگـەڕێ لـە گونـد و شـاران لـەدوو عیلمـی، وا چـاوی لەسـەر دانایـە فەقیرەی، ئەتـو لـۆ خـۆت دەینیـە ڕێـزی وی بەنـاوی ئـەولادی پێغەمبـەری درودی خـوای لەسـەر بـی، کـێ دەرێ ئەتـو سـەیدی؟ مامۆسـتا لـە کـێ و ئەتـو لەکـێ، وەرگـەڕا سـەیدی هەتـا قیـرە بـڕی کـرد و هەناسـەی لـێ بـڕی و تـەواوی کـرد؟ کابـرا ڕوی وەرسـوڕاندە

مامۆستای (مەلا) ی، گۆتی ئەوجا ئەتو کێوە دەچی مەلا، خۆ بەتەنێ مایەوە، مەلاشی قیرە بڕ کرد.
حاجی سابیر گۆتی: ئەوە زەنگی مەترسیدارە لۆ هەموو حزبەکان یەک بن دوژمن پێتان ناوێری؟ یەک نەبن وەکی ئەو بەسەرهاتەی سەرەوەتان لێ دێ، دوژمن لەهەر چار لامانە!
٢٠١٦-٩-٢٥

**مام قادر گۆتی:**

ئەگەر بابت ئەزیەت دابێ، ئەوا ئەزیەت دەبینیەوە لەژیانتدا؟
چونکە:ئەگەر ئاگادارت کاتەوە لە شتەکی یا کارەکی ئەوە ئەتوی خۆش دەوێ .
ئەگەر زەختت لێ بکا لە کارەکی مانای تەمەننای باشتر دەکا لۆ تو.
ئەگەر دیتت کرو بێ دەنگە ئەوا بزانە فکر لەباشترکردنی مستقبلی تو دەکاتەوە.
ئەگەر دیتت اقتصادی دەکا ئەوا بزانە لە نەفسی خۆی کەم دەکا لۆ تو .
ئەگەر دیتت غەمبارە بزانە ئەتو یەک لەو هۆکارانەی .
ئەگەر دیتت دڵخۆشە بزانە ئەتو یەک لەو هۆکارانەی.
ئەگەر دیتت قاسی و توندە لەگەرت بزانە ئەتو ڕاوێژو نسحەتی وەرناگری.
ئەگەر دیتت بەبێ دەنگی و بەتەنیا دادەنیشی و ئەوە بزانە دەگریێ.
ئەگەر دەنگت بەرز کردەوە لەسەری ئەوە بزانە دەیکوژی.
ئەگەر دیتت ئەتو نا مورتاح و دەروون شێواوی ئەوە بزانە بابت تورەیە لێت.
ئەگەر دیتت لەسەر جێگا کەوتوەو قسەش ناکا، ئەوە بزانە

سـەنەدو پالپشـتیەکی زۆر گـەورەت لەدەسـت داو ،کەتـی یـە بۆشـایەکی گـەورە و لەبـن نەهاتـوو هیـچ یادگاریـەک دادت نـادا.

لـۆ ئەوانـەی بابیـان مایـە و لەژیانـدان، بەزووتریـن کات بـڕۆن دەسـتیان مـاچ کـەن و پەیوەندیـان پێوە بکـەن و گەردنـی خۆتانیـان پێ ئـازاد کـەن و دڵخۆشـیان کـەن و خزمەتیـان کـەن .

ئەگـەر لەژیـان نەمـاون و چونەتـە بـەر دلۆڤانـی پـەروەردگاری مـەزن، ئـەوا لـە خێـر و کاری چاکـە بـێ بەشـیان مەکـەن و سـەردانی گۆڕەکانیـان کـەن، وسـەردانی بـراو خوشـک و کـەس و کاری خـۆت بکـە، سـەردانی برادەرو دۆسـتەکانیان کـەن، و داواش لەپـەروەردگاری مـەزن بکـەن بتـان بوریێـت و گیانـی ئەویـش شـاد کا .

٢٠١٦-٩-٢٩

**مام قادر گۆتی:**

خـارە سـە عیـد پیاوەکـی قارەمـان ودنیـا دیتـەو کەونـەو زۆر سـەراو دەراوی دیتی یە، بەو ئاخیرەی لەپێیان کـەت و توشـی نیو ئیفلیجەکـی بـوو؟ سـەردانەکیم کـرد لەگوندەکـەی خۆیـان، گۆتـم خـارە سـەعید ئـەو وەزعـەی کو دەبینـی لـەو مەملەکەتـەی خۆمـان؟

گۆتـی کەسـی خـاریێ گیـم لـێ بگـرە، واللـە ی کـوت لـۆ دەگێڕمـەوە ئەوهـام بەسـەرهاتی یە؟ئـەوێ ڕۆژێ مـارو منـدار لێم خڕبونـەوە و گۆتیـان بابـە سـبەینان ئەتـو هـەر لەماریێی، لـۆ نایێـی تەگبیرەکـت لـۆ بکەیـن هەتـا بـڕەک لـە کونـی ژۆرێ بـێ یـە دەرێ و درت خـۆش بـی.

گۆتـم کـو چ بکـەم؟ گۆتیـان سـبەینان بـا داکـم لەسـەر سـەکوی بەرهەیوانـی سـواری ماکەرێـت کا و هێـدی هێـدی بـاژۆ لـۆ رەزی لەقـەد چیـای، ئەمـەش لـەوێ وەرت دەگریـن و دەتهینینـە خـوارێ و ئـاو و هەوایەکـی خـۆش، هەتـا هێـوارێ لـە کنـە مەبـە و خزمەتـت دەکەیـن؟

گۆتم باشە با بەدری نگۆ بی؟ لۆ سبیانێ بەقونە خشکان لەسەر سەکوی بن هەیوانی مارێ ڕا چومە سەر پشتی ماکەری، و داکیشیان هاریکاری کردم و بە گوریسەکیش پێ و لەتەری بەستامەوە، هوردە هوردە یەچەم لەماکەرێ کرد واللە چ عەیبی نەبوو و باشیش دەمهاژوا .
بەس کاکە گەیشتمە نیوەی ڕێی هەر هەندەم زانی نێرەکەرەک لێم بەدەر کەت و زەڕاندی و لەدەورەم سورا زۆر بەبێ شەرمی، لیکاوی لەدەوی دەهاتە خوارێ و هەرامەی دەتگۆ شەقرەیە. گۆتم قەسەم بەو خوایەی ئەورۆژی پێ بچم ئەورۆیە، نێرەکەر یا دەمکوژی یا دەمکاتە سپۆنسەری خۆی؟ ئێ خۆ هیچیشم پێ ناکرێ، نەدەتانم خۆ فرێ دەمە خوارێ نەدەتانم ماکەری پاس کەم. کاکە هەر هەندەم دیت هەردوو لاقی نێرکەری لەپشت ڕا کەتە سەرشانم!
لەپێشمەرگاتی زۆر جاران دۆشکەی یەک لولەو قازیفەو و ئەسپیجی نایەنم بەشانی و پشتێ بردیتە سەر چیایان هەندەی لاقی نێرەکەرێ گران نەبووینە، ئەوندەی خۆم نیوی دەکرد و خۆم ڕادەتەکاند فایدەی نەبوو لەدەست نیڕەکەری، ماکەریش هەندی پێ خۆش بوو نوققەی نەدەکرد؟ ئارەقەی ڕەش و شینم کرد؟ هەندەی نەمابوو تەواو بم درم لەخۆ بۆوە؟ نێڕەکەر ئیشی خۆی کرد و کشاوە ئەو گۆڕەی، ماکەریش بەحیزی ئەمنی گەیاندە کن منداران لەرەزی لەقەد چیای؟
مندار هاتنە بەرایم گۆتیان یاخوا بەخیر بێی بابە! دە ئەوها وەرە دەرێ و هەوایەکی وەرگرە هەر خۆت لەکونی ژۆرێ نایە مار خراپ! بەس مندار شکیان دەکرد ئەمن شتەکم بەسەر هاتی یە؟ گۆتیان بابە ئەوە لۆ رەنگت تیک چوە وشپرزە دیاری؟ گۆتم داکەکەتان ب ....م، جارێ ئەنگۆ بم هیننە خوارێ! دەبینم داکیشیان بە موبایلی تەلەفونی دەکا لۆیان دەرێ بابتان نەگەیشتە گۆ؟ گۆتم هەی سە گ بابینە درتان داکەت لەگەر داکتان!
٢٠١٦-١٠-١

**مام قادر گۆتی:**

زەمانی عبدالكریم قاسمی سارانی ١٩٥٨تا ١٩٦٣ بەنسبەت فەقیرو هە ژاری دنیا ببوە (شامی شەریف)، ئەمنیش لەكەركوكێ بوم لە مەحەتەی قیتاری لەگەر بەكری بەسێ درێژی، بەغدام نەدیتبو بەس هەندەیان مەدح دەكرد و بەسەریان دا هەردەگۆت لەگەر بەكری تەماحیمان چویێ بە قیتاری بچینە بەغدایێ، ڕۆژەک بەرێكەتین بەناشارەزایی ملمان لەڕێی نا، گوتمان قیتارەو لەسەر سكەی دەڕوا خۆ بزرنابین.

گەیشتینە پایتەختی چ پایتەخت! كەركوك و هەولێر لەچاو وی گوند بوون! گەڕاین و سوڕاین حەزمان لەسینەمەی بوو، پرسیارمان كرد وسینەمەمان دیتەوەو خۆمان لەسینەمای كوتا، فلیمەكی كاوبوی گەلەک خۆش ئیشی دەكرد هەموی شەڕ بوو .

٢٠ دەقەكی پێچوو بەكری بەسێ درێژێ گۆتی قادر تەنگاوم؟ ئەمنیش گۆتم دەبڕۆ جێیەكی ڕۆناک ببینەوە خۆت بەتار كە، بەكر ڕۆیی و بەینەكی پێچوو هاتەوە، گۆتی قادر: ئەوەندی ئەمن ڕۆیشتم چ رویدا لەفلیمەكەی لۆم بگێرەوە؟ ئەمنیش گۆتم شتەكی وانەبوو: بەس كابرایەک هاتە سەر سەكوی و بن شاشەی، بەئیسراحەت لێی دانیشت گوەكی كرد سەد فیتەیان لۆ لێ دا؟

٢٠١٦-١٠-١٠

**مام قادر گۆتی:**

ساری١٩٩١لەپاش هەراتنەكەی بوە مفاوەزات لەگەر حكومەتی عێراقی هاتینەوە هەولێرێ، مانگی ٦ بوو غەرەزی سەفەرەكی ئێرانم هەبوو لۆ كتابی هەمبانە بۆرینەی مام هەژاری موكریانی دەیان گۆ لە چاپخانەی سەیدیان لە مهاباد ێ هەیە.

كاكەسۆری برادەرم ئیقناع كرد سەفەری ئێران بكەین،

ئەویش تازە دوکانی جلکو بەرگی دانابوو گۆتم لۆ خۆت جلکی بینە، چوینە دیانان(سۆران) بەهەزار ڕەزالەت ودەردەسەری و وەرەقەو بەرگەی پارتیمان پەیداکرد، لەوێ چوینە حاجی ئۆمەران وشیوەرەشی سەرحدودی پۆستێ ئاودیوی ئێران بووین وچووینە شاری خانەی دوایێ چوینە شاری مهاباد، دوای گەڕان وسوران چاپخانەی سەیدیانمان دیتەوە ئۆخەی فەرهەنگی هەمبانە بۆرینەم لۆیەکەم جار دیت و دەستم دایێ و ماچم کرد، شاگردەکە گۆتی ئاغا خەرکی کێندەری؟ گۆتم مەریخ! پێکەنی گۆتی نەمزانی یە بەشەر لەسەر مریخی بژی ئەوجا کورد؟

پارەکەم دایێ و نانمان خوارد و هەر ئەوڕۆژی هاتینەوە حدودی حاجی ئۆمەران، دەبایە سواری پشتەوەی پیکابیی ببی ولە پاسداران بپەریەوە و تفتیشت کەن، بە پێوەش ڕاوەستی چونکە ناو بیکابی ئاردی تێدا بوو، دەبوایە هەر نەفەرەک یەک فەردە ئاردی بینی، گەنجەک لەمن مشەوەش تربوو چونکە ئەمنیش دەترسام کتابەم لێ بستینی پاسدار. گۆتی مامۆستاچەند فەردە ئاردت پێ یە؟ گۆتم هیچ، گۆتی دەباشە ئەوفەردە ئاردەی بن پێت بکە عائدی خۆت، ئەمن دوو فەردەم هینایە نەوەک لێم بگێڕنەوە ئەگەر پاسدارەکە پرسیاری کرد بڕێ ئی منە گۆتم باشە.

گەنجەکە گۆتی یە من: مامۆستا ئەدی ئەتو مادام ئاردت نەکڕی یە لۆ چ چویە ئێران؟ گۆتم لۆئەو کتابەی،گۆتی بزانە کاکم لۆ چ چویتە ئێرانێ توخوا فەردە ئاردەکت هینابا باشتر نەبوو بەسە کتابمان ناوێ؟ ئەنگۆ بەو کتابانە صدام تان دەرکرد داکی مەشتان گا، هۆپەکم لەخۆ زانی!

قسەی کارل مارکسم بەبیر هاتەوە؟ کە کتابی( رأس المال) ی تەواو کرد، بەژنەکەی گۆ نیزامەکی عالەمیم دانا لۆ هەموو دونایێ لەسەری بڕۆن ،کەس توشی شکستی سیاسی وئابوری

وکۆمەلایەتی نابیت؟ ژنەکەی گۆتی: ئەوەندەی بەوەی مەشغول بوی ٥ عانەت پەیداکردبا لۆ مە باشتر نەبوو؟
٢٠١٦/١١/١٣

**مام قادر گۆتی:**

سارانی قەدیم لە ١٩٤٠ کان هەولێر کوردی بەئایین جولەکەی لێبوە، پێش ئەوەی دەر بکرێن و ڕەوانەی ئیسرائیل بکرێنەوە،کە ئیسرائیل هیشتا نەببوە دەولەت لە ١٩٤٨ ی.

خارە عبداللە ی پلکە مریەمێ خۆمان کە کورد وبوو و بەئاین ئیسلام بوو، لەتەنیشت خارە بنیامینی کە کورد بوو و جولەکەبوو دوکاندار بوون لەقەیسەری.

خارە بنیامین هەرچی دەچوە دوکانەکەی داوای حەلوای دەکرد، حەلوای دەدایی و پارەی خۆی وەردەگرت .

بەرام خارە عبداللە ی پلکە مریەمێ خۆمان دەیگۆ ئەوی لۆ حەلوای دەهاتە کنە من دەمگۆت حەلوام نی یە؟

گۆتی ڕۆژەک بنیامین هاتە ناو دوکانێ ڕاوەستا پرسیاری لەمن کرد؟

گۆتی عبداللە ئاوت هەیە؟ گۆتم بەرێ.

گۆتی ئاردت هەیە؟ گۆتم بەرێ.

گۆتی ڕوونت هەیە؟ گۆتم بەرێ.

گۆتی شەکرت هەیە؟ گۆتم بەرێ.

بنیامین گۆتی ئێ عبداللە ئەوانەت هەبی لەسەر چ ڕاوەستای؟ ئەوانە هەموو تیکەر کە دەبیتە حەلوا!

خارە عبداللە گۆتی بنیامین ئەوندەشی گۆ: گۆتی فەرقی من و تۆ بەس دینەکەیە نەوەک هەردوک کوردین، ئەمن جولەکەی کوردم و ئەتو ئیسلامی کوردی؟ بەس ئەمن دەزانم حەلوای دروست بکەم و ئەتو جارێ وا زوو فێر نابی!

بنەمـای دەولـەت ئـاو و ئـاردو ڕوون و شـەکرە؟ بەرامبـەری خـاک و شـعب و دەسـەلات و سـیادەو دەستڕۆیشـتنێ؟

چـاوت دەخـۆم خـارە عبداللـە هەرچەنـد بەپـاش خـارە بنیامینـی کەتین پـاش٧٠ سـاران، وەختـی هاتـی یـە حەلـوای دروسـتکەی.

٢٠١٦-١١-١٧

مـام قـادرو پیاسـەی دەوروبـەری قـەرات و قەیسـەری و مەجکـۆی وەکـی خـۆی:

یـەک دەیگـۆ: سـواری کـەرێ بـا سـەقەتی دەکرد، بـە ئینتیفـازەی سـواری لیگـززی بـوو....

یـەک دەیگـۆ: وەرە ئێرە هەربژێرە کاو بوی ئەمریکی هەرزانمان کـرد، وەکـی راتبەکـەی لـە٣٠ هـەزاری کردمانـە روبـع بـە ٨ هـەزاری هەربژێرن.

شـاگردە مەتعەمـەک دەیگـۆ: تکـە کبـاب معـلاگ قـۆزی برنـج و مەرەگـە تەشـریب فەرمـوون....

عەرەبـەک دەیگـۆ: یـا معـود خلـي نـروح نشـرب شـاي بالمجکـو نگعـد نسـولف خـوش جـو شـبیک؟

یـەک دەیگـۆ: عەبـۆ دەرێـم دەبـی کـۆڕەک ڕۆژێ چەنـدی ئیـش کا؟ ئەمـن چوزانـم بەخۆیـان دەزانـن، بەخۆیـان کێنە؟سـندان ئەتـو دەرێـی کـەودەری ئەجەلـت هاتیـە!

یـەک دەیگـۆ: ئـەرێ مانگـی١١ دەبـی٣٠ بـی یـا٣١؟ لێـرە یـا لـە موزەمبیق؟کـوڕە لێـرە لێـرە چەندە؟لێـرە٥٠ رۆژە.

یـەک دەیگـۆ: ئـەرێ دەوامتـان کـوە، دەوام دەکەن؟بەکەیفـی کـەلای.

یـەک دەیگـۆ: ئەوشـۆ سـەرمان گـەرم نەکەیـن لەوێ؟بـەچ، دوو بتـل بەخـۆم قـەردارم؟

پاقـلاوە فـرۆش دەیگـۆ: دفـع الیـل دفـع الیـل پاقـلاوەی شـیرین

وبەتـام بیکـره بـەدو دا دێیـەوە!

جاحێرەک دەیگۆ: هـەر دەڕۆم دوو سـاره تخرجـم کـردی یـە بێ ئیشـم وئەمەلـم نەمـا لەگـەر قسـەی حکومـەتـی هەمبانـەی؟

یـەک دەیگـۆ: کـوڕە عزیـز بـرێ چ؟ چ، ئەوشـۆ ببومـە مترجـم لەبەینی حکومـەت وخـەرکی؟ تەرجمـەم دەکرد لەسـەر قەراتێ لەناو خـەرکی یـەک کونده میزم بەخۆداکرد! دەبی ئـەو خـەونـە مەعنـای چ بی؟ ئـەوه مەعنـای داکت بەبـوک دەچـی باشـە.

یـەک دەیگـۆ: ئـەرێ دەرێم دەبی ئـەو وەزعـە چـی لـێ بێ کاکۆ؟ چـی لـێ دێ گـەورەو گچگاتـی نەمـا لـەوەی خراپتـر دەبـی. دەپێـم بـرێ کو؟ دەرێی تێناگـەی دەبەنگ، ناواللە تێناگـەم، وەره تێتگەینـم؟ کاکـه لەکەونـه گوندەگی پێش ۱۲۰ سـاری، بەبـاب وباپیریانـەوه لـۆ کوردایەتـی حەولیـان دایـه هەتـا گەیاندیتیانـە ئـەوڕۆ؟ کـوڕە ئەتـوش بـی حوکمـی بـەر نـاده ی نـاده ی؟ تێگەیشـتی یـان نـا هـەی نەفـام.

٢٠١٦-١١-٢٠

**مام قادر گۆتی :**

ڕۆژەک لەگـەر حاجـی سـمایلی چووینـه سـەر عـەرد و دەغـری هەتـا کونـه مشـکان دەرمـان کەیـن، حاجـی سـمایل حەتەمـی کـوڕی لەگـەر خـۆی هینابوو، هـەر چوینـه ئاقـاری و سـەر دەغـری، حەتـەم بورغیەکـی دیتـەوه گۆتـی بابـه ئـەوه چـی یـه؟ حاجـی سـمایلی بابیشـی گۆتـی کـوڕم ئـەوه بورغـی یـه؟

گۆتـی بابـه بورغـی چـی یـه؟ حاجـی سـمایلی گۆتـی کـوڕم بورغـی دو پارچـه ئاسـننان لێـک دەبەسـتیتەوه، حەتـەم گۆتـی ئـەدی ئـەو بورغـی یـه لـۆ لێرەیـە؟

گۆتـی کـوڕم بورغـی دەڕاسـەیە، گۆتـی بابـه ئـەدی دەراسـه چـی یـه؟ گۆتـی کـوڕم دەڕاسـه گەنـم و جـۆی دەدوریتـەوه، حەتـەم گۆتـی بابـه لـۆ دەڕاسـەکی لـۆ ئـەو بورغیـەی ناکـڕی؟

هاورێیان حەتەم ئەلحان خه بیره له وەزارەتی مالیەی؟

٢٠١٦-١١-٢٩

**مام قادر گۆتی:**

ڕێزو حورمەت لۆ هەمو برا تورکمانەکانی هەولێرێ چاویان ماچ دەکەم.

دایە عاسۆک ژنەکی بە سەلیقەو چوست وچالاک بوو فول کوردەواری وعشایری بوو، جلک وبەرگی هەموو دەم کراسی کوردی بوو، بەرانپیلیشی لەسەر لەبەر دەکرد، پێراوی لاستیقیش نەبا لە پێی نەدەکرد، سارانی قەدیم خزمەکی لەدەشتێ دێتە کن دایە عاسۆکی لەهەولێرێ، دەرێ لەگەرم وەرە بچینە کن زێرینگرەکی؟ ئەویش لەگەری دەچتە قەیسەری دوکانی جلال زێرنگری، ئەو دەمی جلال بەخۆی لەوێ نابی کوڕەکەی لەوێ دەبی.

دایە عاسۆک وخزمەکەشیان دادەنیشن و دەکەونە معامەلەی زێڕی لەگەر کورەکەی جلال زێڕینگڕی، بڕەکی پێ دەچی جلال زێڕینگر بەخۆی دێتەوە، بە تورکی بە کوڕەکەی دەرێ: (اوغلم قۆناغ مز یشاک تی، آور کۆپک تی)، (کوڕم مێوانت کەرە یا سەیە) بەمعنای مشتریت لێزانە یان نەزان وهێرو هورە؟ دایە عاسۆک بەجلک وبەرگ ڕاستە کوردەواری یە و بەرانپیل لەبەرە بەس تورکیەکی چاکی دەزانی لەهەولێرێ گەورە ببو بەئەصل داکی تورک بوو.

دایە عاسۆک هەردەستەوە سەرپێیان و لۆ جلال زێڕینگری دەچی و پێی دەرێ( صن کۆپاک تی؟ صن یشاک تی ....). جلال زێڕینگر وەکی دیتبوی پیرێژنەکی بەرانپیل لەبەر بەتورکی جوابی دەداتەوەو لۆ شی دەچی لێی بدا! هەراتبوە دەرێی دوکانێ غاری دابو لەنا قەیسەری؟ دوکاندار گۆتبویان جلال کورە چ بوە لۆ غار دەدەی؟ جلال زێڕینگر گۆتبوی: یاج و ماجوج چیایە قورقشمەکەیان شکاندیە وا لەناو قەیسەرینە، غاردەن ئەوی ئەمن دیتم یاخوا کەس نەبینی!

٢٠١٦-١٢-١٤